کۆمەڵە چیرۆک

# دارستانی داربەڕوو

فەڕۆخ نێعمەتپوور



# دارستانی داربەڕوو

کورتە چیرۆک

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

٢٠٢٠

## ناسنامەی کتێب

**دارستانی داربەڕوو**

**کورتە چیرۆک**

**نووسەر: فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**دیزاینی ناوەوە:**

**دیزاینی بەرگ: فەهیمە کەریمی**

**شابک:**

**تایپ: نووسەر**

**چاپی یەکەم: ١٤٠٠**

**ئەژمار:**

**ناوەندی چاپ:**

# پێڕست

دارستانی داربەڕوو
خواردنی چینی
ئەحەکان
سێبەری پشت پەنجەرەکە
مێشەکانی ئەمساڵ
وەستا ناچار
پێشبڕکێی کەران
چوالەکانی ئاربەبا
مامۆستای جگەرەفرۆش
ئاشقی باڵاکورت
چارەسەر
مردوونێژ
سەد و بیست و چوار هەزار داوا
شەترنجباز
خەتای هیگڵ بوو
وەڕەزی
شۆڕش ئەویشی برد
ئێوارەی سکاندیناڤیا
ژیان بەردەوامە
قاتی چوارەم
هەتاوفرۆشی
دەچمەوە بۆ چین
دەریاچەی سپی
ڕەشەبا
وێستگە
شوێنێک لە ئاسمان
مردەشور
دنیای مردانگی
شبی مهتابی
پدرم اعدام شد
زن چهارم

# دارستانی داربەڕوو

لە دوورەوە دەنگی هلیکۆپتەر دێت. ئەو بە شەلەشەل بە دارشەقەکانیەوە لەسەر جادە خۆڵینەکە لادەدات و دەچێتە ناو دارستانەکەوە، دارستانی داربەڕووەکە. منیش بە شوێنیدا. دووانیوەڕۆی گەرمی هاوینێکی ساڵەکانی ژیانە،... هاوینی گەرمی سالی پەنجاو نۆ. گوند لەلاسەروومانەوەیە. دەنگی دێت و ڕەنگی نیە. سەروژووریيەکە یەکجار کووڕە. هەردووکمان شەلاڵی ئارەقین. ئەو لە من زیاتر. بەتایبەت ژێر باڵەکانی. ئەو شوێنەی دارشەقەکان ئەوەندەی تر ڕێگای هاتوچۆی هەوا دەگرن.

پاڵدەدا بە داربەڕوویەکەوە و دارشەقەکان لەخۆی دووردەخاتەوە و، دەڵێ درەختەکان دەمانشارنەوە. من کە زۆر دڵنیا نیم، لە ئاسمان ورد دەبمەوە و دەڵێم ڕەنگە! دەلێ نا، دڵنیابە! منیش لەبەر ئەو دڵنیا دەبم. هەوا جاری وایە دەنگەکە دووردەخاتەوە و جاری وایە نزیک. کە دوور دەکەوێتەوە من گوێم لە ویزەویزی مێش و دەنگی هەناسەی ئەوە. تێکەڵ. شاخەکانی

دەورووبەرمان، بێدەنگ، لەو گەرمایەی نیوەڕۆی یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی پەنجاونۆ وەک هەمیشە لەژیان دەڕوانن. من نازانم بیر لە چی دەکەنەوە.

دەڵێم ماندووی، ڕێگایەکی زۆرمان بڕیوە، واچاکە کەمێک زیاتر بمێنینەوە. بەڵام زۆر خێرا پەشیمان دەبمەوە. دەزانم تینوویەتی و دەرینابڕێ. بزەیەکی دێتێ و دەڵێ باشە. ئەوسا بە یارمەتی چێوشەقەکانی دادەنیشێتە سەر زەوی. ڕێک هەر لەبەردەمی ئەو درەختەیدا وا پاڵی پێوەدابوو. تەنیا چەند میترێک دوورتر از جادە خۆڵینەکە. جادە داغ و گڕاوییەکەی ڕۆژێکی هاوینی ساڵی پەنجاو نۆ.

دەڵێم بەختت هەبوو هاوەنەکە درا بە مەستەراوە کۆنە گڵینەکەدا، ئەگینا ئیستا هەلاهەلا بووی، لەمێژبوو لە گۆڕستان بۆ خۆت راکشابووی. لەناو دەنگی دووری کۆپتەرەکە بزەیەکی دێتێ و دەڵێ ئەیچۆن، بەڵام تیکەیەکی هەر گەیشتێ. ئەوسا لە قاچە بریندارەکەی دەڕوانێ. دەڵێم فەرقی زۆرە، چاک دەبیتەوە و هەموو شتێ وەک جارانی لێدەێتەوە.

بەڵام بەڕاست هەموو شتێ وەک جارانی لێدێتەوە؟

لە خوارخوارەوە لە ناو دۆڵەکە هەموو شتێ چەند بێدەنگە. تەنانەت لە سەر جادە سەرەکییەکەیش هیچ ماشینێک نابیندرێ. لەو کێوەی دەڕوانم وا شار لە پشتییەوە خۆی حەشارداوە،... کێوەکەی ناو تەم،... ئەو شارەی

کەسی تیا نەماوە و ماوەی چەند هەفتەیەکە شەڕ بەرۆکی پێگرتووە. دەڵێ چ رۆژێکی ئەفسانەیی! دەڵێم رۆژە ئەفسانەییەکان!

دیسان زۆر خێرا پەشیمان دەبمەوە. بەڕاستی ئەم رۆژانە ئەفسانەیین؟

کە دەنگی هلیکۆپتەرەکە وندەبێ، دەڵێم بڕۆین؟ دەلێ بەڵێن بوو بحەسێینەوە! من شەرمێک دامدەگرێ. من کە دەستم بۆ دارشەقەکانی بردووە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم دەستم دەکێشمەوە و هەروا دەمێنمەوە. دەڵێ گاڵتەم کرد، با بڕۆین.

من دەست دەبەمەوە بۆ دارشەقەکانی. بەسەرسووڕمانەوە دەبینم هەرچی دەکەم و هەرچی هەوڵدەدەم ناتوانم بیانگرم. چێوشەقەکان بە دەستمەوە نایەن. پەنجە و لەپی دەستم لێیانەوە تێدەپەڕن. من کە یەکجار ترساوم، سەیری دەکەم و دەمەوێ شتێک بڵێم، بەڵام بێدەنگ دەمێنمەوە. ئەو دەستدەداتە دارشەقەکانی و کەمێک بە زەحمەت رادەبێ و جامانەکەی سەر سەری رێک و پێک دەکا. من شرمێونانە لێی رادەمێنم. ئەو وەڕێدەکەوێ. لە دوواوە سەیری شانە داهێزراوەکانی دەکەم کە بە سەر دارشەقەکاندا شۆڕبوونەتەوە. هەتاو هەروا گەرم بە تەوقی ئاسمانەوە گڕدەهاوێ. باشە بۆ دەستەکانم دارشەقەکانیان نەگرتە خۆ؟ نەکا لەو ساڵانە گەلێک ساڵ تێپەریون؟

ئەوسا دەزانم گەلێک ساڵ تێپەڕیون. رێک شەش ساڵ. بەڵام ئەمجارە پاییزە،... پاییزی ساڵی شەست و پێنج. من لەناو گۆڕەکەی ئەودام. گۆڕە

نماوی و فێنکەکە. بە جل و بەرگەکانیەوە لە دووای یەک مانگ دەرمهێناوەتەوە و خەریکە سەیری دەکەم. هێشتا هەر گەنجە، یەکجار گەنج. سەیری پووزەوانەکانی دەکەم، سەیری جل و بەرگە خاکییەکانی، پێڵاوەکانی و دیانە چیرەوەبووەکانی ژانێکی ئەفسانەیی.

بەپەلە هەنگاو هەڵدێنم و دەمەوێ پێی بڵێم من چۆن گەڕاومەتەوە بۆ ئەم هاوینە؟ دەمەوێ بڵێم شتی وانابێ و ئەمە خەونە. بەڵام ئەو وەک ئەو رۆژە گەرمەی هاوینی ساڵی پەنجاو نۆ شۆڕشۆڕ بەسەر دارشەقەکانیدا بە سەرەوژوورییە کووڕەکەدا خەریکە دەڕوا و سەردەکەوێ. هەنگاو بە هەنگاو. کاوەخۆ و بە بێ پەلە. بەرەو گوندە نادیارەکە. ئەژنۆم شل دەبێ و رۆدەبمە سەر چۆک. چیبکەم؟... بۆی بگێڕمەوە؟ بڵێم لە راستیدا ساڵانی ساڵ لەم رۆژە تێپەڕیوە و ئیستا من خەریکم لە داهاتووەوە ئەم چیرۆکە سەر لە نوێ دەبینمەوە؟ باسی گۆڕەکە، پووزەوانە و ژانەکەی بۆ بکەم؟ بڵێم کە بەڕاستی ژیان قەت وەک جارانی لێنەهاتەوە؟

نا،... نایڵێم. من دیسان وەک ئەو رۆژە شوێنی دەکەومەوە. لە جەستەی مێردمنداڵیکدا، بە شانە لاوازەکانمەوە تەژی لە حەزی بارانێکی ناوەخت. بە خۆشییەوە تا گوند زۆرمان نەماوە. رەنگە لەوێ هەموو شتێ بگۆڕدرێ. رەنگە لەوێ هەتا ساڵی شەست و پێنج تا ئەو پاییزە نفرینکراوە بەردەوام شەش ساڵی مابێ،... شەش ساڵی رەبەق، ئەو شەش ساڵەی کە من قەت حەز ناکەم تەواو بێت،... قەت قەت!

## خواردنی چینی

دراوسێ قەڵەوەکەم کە چەوری خوێنی هەبوو و کاتێک قسەی دەکرد هەناسەی سواردەبوو و هەرچیشی دەکرد کێشی لەشی دانەدەبەزی، کاتێک سەفەری چینی کرد و گەڕایەوە، وەها کەوتبووە ژێر کاریگەریی کلتوری چینییەوە نەبێتەوە. کاتێک دەچووم بۆ سەردانی یاخود لە بەردەم دووکانەکەی گەڕەک جاروبارە بەتووشیەوە دەبووم، دەستبەجێ دەکەوتە گێڕانەوەی ئەوەی وا لە سەفەرەکەی بینیبووی. باسی بینابەرزەکان، باسی شارە گەورە و قەرەباڵغەکان، ئەو حەشیمەتەی کە خەیاڵیش نەیدەگەیشتێ

و کەچی هەموو بە خۆشی و بە سەلامەتی پێکەوە دەژیان، سەرسەوزی و دیمەنە سیحراوییە سروشتییەکانی، باسی جادە و پرد و سەنتەرە سەرسوڕهێنەرەکان. ئەوەی دەیگوت، نەیدەگوتەوە. وەها نوقمی قسە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی دەبوو کە لەبیری دەکرد دەبێ لە شوێنێکدا کۆتایی بە قسەکانی بێنێ. بۆیە هەموو جارێ من بەناچار، ئەگەرچی کەمێکیش وەک بێ ئەدەبی دەینواند، دەبوایە بە پرسیارێکی تر ئاراستەی قسەوباسەکە بگۆڕم و بیخەمە سەر بابەتێکی تر. کە وام دەکرد، ئەو رادەوەستا، سەری بەرزدەکردەوە و لە ناوچاوانمی دەڕوانی، دەستێکی رادەوەشاند و دەیگوت وادیارە زۆرم وت، وانیە؟! منیش سوورهەڵدەگەڕام و دەمگوت نانا ئەو قسانە چییە! بەڵام ئەو کە دەستبەجێ دۆخەکەی دەخوێندەوە، دەچووە سەر وەڵامی پرسیارەکەی من و بەڵام وەهای جواب دەدامەوە کە بە جۆرێک سەرلەنوێ بچێتەوە سەر وڵاتی چین!

ئەوەی دراوسێکەم لەسەری زۆر رادەوەستا و باسی لێدەکرد جۆری خواردنی چینییەکان بوو. لەم کاتانەدا ئاستی دەنگی دەهێنایە خوارەوە و لە کاتێکدا چاوێکی بە دەورووبەردا دەگێڕا، دەیگوت:

ـ کاکی برا، دەبێ لەوێ بی و بۆخۆت بە چاوەکانی خۆت بیبینی،... هەموو شتێک دەخۆن. ئەوەی زیندەوەربێ و بجووڵێ رۆژێک لە رۆژان رێگای دەکەوێتە سەر سفرەکەیان، بێز لە هیچ ناکەنەوە، قێز و بێزی چی و شتی چی،... نەخۆشیش ناکەون، هەتا بڵێی قەڵەویشان کەمە، خۆ ئاگات لێیە

**لە وەرزشیش دا چ هەرایەکیان لە دونیادا ناوەتەوە. دیارە من لام ئاساییە چونکە حەشیمەتێکی وەها بە چی تێردەکرێن؟ بە مەڕ و بزن و مانگا؟... شتی وانابێ مەڕ و بزن و مانگای دونیا بەشیان ناکا... .**

**لێرەدا دەنگی نزمتر دەکردەوە، دەمی لە بن گوێی من نزیک دەکردەوە و دەیگوت:**

**ـ کەر و سەگ و پشیلەیش دەخۆن،... ئا ئەویش دەخۆن، نازانم دەزانی یان نا لە ولاتی پاکستانەوە بەتایبەت کەر بۆ ئەوێ هەناردە دەکەن، گوێت لێیە هەناردەی دەکەن،... ئەنتیکەیە،... وانیە!؟ دەڵێن لە پاکستان کەر نرخی زۆر لە سەرەوەیە، شوێنی تایبەت هەیە بۆ بەخێوکردن و بەرهەمهێنانیان،... لات وایە کەرە بەڕەڵلا کۆدەکەنەوە!... نا کاکی برا، کەرن کەر لەهەرە جۆری شاز و بێوێنەی!**

**من کە هەموو ئەم زانیاریانەم لەوەپێش دەزانی و بە دەیان جار لێرە و لەوێ بیستبووم و لەسەر نێت خوێندبوومنەوە، نازانم بۆ هەموو جارێک سەرتاپا دەبوومە گوێ و هەتا کۆتایی چیرۆکەکە گوێم لە دراوسێکەم دەگرت. لام وایە زیاتر ئەرکی دراوسێتیم بەجێدەهێنا.**

**رۆژێکیان کاتێک دیسان لەبەردەم دووکانی گەڕەکەکەمان بینیمەوە، بە گوێمدا چرپاندی کە شێوازێکی نوێ و کاریگەری بۆ وەزن کەمکردن و قوتاربوون لە نەخۆشیی چەوری خوێن دۆزیوەتەوە و لە سبەیەوە دەیەوێ جێبەجێی بکا. ئەمەی گوت و لە کاتێکدا بزەیەکی سەرکەوتووانە بە سەر**

لێوەکانییەوە بوو، بەپێچەوانەی جاران کە حەزی لە درێژەدانی قسەکانی و باسکردنی دووبارە سەبارەت بە وڵاتی چین بوو، جێی هێشتم و رۆیشتەوە بۆماڵەوە.

بەڵام ئەو شێوازە نوێیە چیبوو وا دراوسێکەم دۆزیبوویەوە؟ دراوسێکەم بڕیاری دابوو وەک چینییەکان بخوا. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی وا چینییەکان دەیانخوارد لە بازاڕ دەستنەدەکەوتن، لە حەوشەکەی خۆیان کە حەوشێکی گەورەیش بوو دەستیکرد بە پەیداکردنیان. بۆ وێنە دەستیکرد بە هەڵکۆڵینی زەوی و کۆکردنەوەی کرم و قالۆنچە و هەرچی وردەخزۆک بوو وا دەیتوانی دەستیان بخا. هەروەها کوشتنی ئەو کوللانەی وا بەهەڵکەوت روویان لە حەوشەکەی کردبوو. تفەنگ بادییەکیشی کڕی و لە کوشتنی هیچ باڵندەیەکیش وا رووی لە حەوشەکەی دەکرد، نەدەسڵەمییەوە. سەرەتا ژن و منداڵەکەی زۆر بەتووندی بەرهەڵستی بوونەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوی ماڵەوە بوو و لەدووا قۆناخدا کەس نەیدەتوانی قسە لەسەر قسەی بکا، توانی لە ژوورێکی بچووکی پشت حەوشەکەیان کەل و پەلی سازکردنی خواردنی خۆی کۆبکاتەوە و دەستبکا بە سازکردنی ئەوەی وا لای وابوو رەمزی رزگاربوونی لە نەخۆشی چەوری خوێن و کێشی یەکجار زۆری جەستەی بوو.

بە هۆی دراوسێبوونمانەوە من جاری وابوو لە ماڵەکەی خۆمەوە بۆنی سەیری برژان و کوڵانی گۆشتی عەجایەب و غەرایبم دەکرد. خێزانم کە

نەیدەزانی چە باسە، بە بۆڵەبۆڵ پەنجەرەکانی پێوەدەدا و دەیگوت لەم گەڕەکەدا شتێک روویداوە و کەس نازانێ چییە. منیش کە لە دەروونمەوە بڕیارێکی ئەخلاقی پێی دەگوتم دەبێ رازهەڵگری دراوسێکەم بم، هیچم نەدەگوت و دەمگوت چاک دەکەی پەنجەرەکە پێوەدەدەی!

بەڵام رۆژێک شتێکی سەیر روویدا. دراوسێکەم کاتێک دەبینێ سەرەڕای خواردن بەشێوازی چینییەکان کێشی لەشی دانابەزێ، دێتە سەر ئەو رایە هۆکارەکەی نەخواردنی پشیلە و سگ و کەرە. ئەوسا دادەنیشێ و لێکیدەداتەوە چۆن چۆنی دەستیانبخا. پاش ماوەیەک هێنان و بردن دەگاتە ئەو ئەنجامەی گرتنی پشیلە بە هۆی سرک بوونییەوە مەحاڵە، تەنانەت چەند جارێکیش بە تفەنگە بادییەکەی بەو پشیلەوەی نابوو وا جاروبارە رووی لە حەوشەکەیان دەکرد، بەڵام پشیلەکە یەک بەخۆی داچڵەکابوو و بەرزببووە و بە راکە لەچاوان ونببوو. ئیتر قەت نەیبینییەوە. دڵنیا لەوەی بەهۆی برینی جەستەییەوە لە شوێنێک تۆپیبوو، حەسرەتی ئەوەی دەخوارد چەند نامەردانە لەدەستی قوتاربببوو. وەک جارانیش نە سەگی بەڕەڵڵا دەستدەکەوت و نە کەری بەرەڵڵایش. دراوسێکەم لای وابوو دەبێ هاوکات لەگەڵ خواردنی قالۆنچە و کرم و کوللە و شتی لەم بابەتە ئەو گۆشتانەی تریش بخوا وا چینییەکان دەیخۆن. ئەگینا نەچەوریی خوێنی دادەبەزێ و نە کێشی لەشی.

ڕۆژێک بەدەم ئەم خەیاڵاتانەوە لە کۆڵانێکەوە تێدەپەڕێ. کاتژمێر دووی دووانیوەڕۆی ڕۆژێکی سەرەتای پاییز دەبێ. کتوپڕ لە لاکۆڵانێکدا بە تووش کەرێکی پیری شەلەوە دەبێ. ئەم کە زۆری لا سەیردەبێ، پاش کەمێک گفتوگۆی دەروونی لەگەڵ خۆی بەو ئاکامە دەگا بە هۆی چۆڵیی گەڕەک و کۆڵان لە وەها کاتێکی ڕۆژدا دەتوانێ کەرە پیش خۆی بدا و بیباتەوە بۆ ماڵەوە. کەرە کە خەریکی سەر بە زبڵداکردنی بەر ماڵانە، سەرەتا زۆر وەڵامی ناياتەوە؛ بەڵام دراوسێکەمان هەرچۆنێک بێت پێشی خۆی دەدا و سەعاتی دوو و بیست و پێنج دەقیقە دەیکا بە حەوشەی ماڵەکەیدا.

سەرەتا کەرەکە لە حەوشەی پشتەوە دەبەستێتەوە. دیسان قەیرێکی چاک بەلایەوە ڕادەوەستێ و بیرلەوە دەکاتەوە چۆن چۆنی سەری ببڕێ و گۆشتەکەی بخاتە فریزەوە. دراوسێکەمان بە هۆی ماندوویی و بیری زۆرەوە سەرئەنجام بڕیاردەدا جارێکە بچێتە سەرەوە، نانێک بخوا و پشویەک بدا و ئەوسا جوانتر بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە.

لای ئێوارە سەعاتی پێنج کتوپڕ چەند ماشین لەبەر ماڵەکەیدا بەهەڵەداوان ڕادەوەستن و بەشێوەیەکی زۆر ترسناک لە دەرگاوە و بەسەر حەساردا خۆ بە ژوورەوەدا دەکەن. لەو چوار سەیارەیە یەکیان ئیدارەی ئیتلاعاتە، ئەوی تریان ئیدارەی خەباتکردن لە دژی فەسادە ئەخلاقییەکانە، دانەکەی تریان ئیدارەی پاراستنی ئاژەڵ و ژینگەیە و چوارەمیشیان بەشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە.

به هەر چوار ئیدارەکەوە شەش چەکدار، دوو کارمەند، فیلمهەڵگرێک و ڕۆژنامەوانێک دەبن.

وەک خەڵکی دەڵێن ئیدارەی ئیتلاعات لای وایە دراوسێکەمان بەتەمای ئەوە بووە ئەم کەرە بۆ تەقینەوە بەکاربێنێ، ئیدارەی پاراستنی ئاژەڵ و ژینگە پێی سەیربووە لەم شارە کەر هەبووە و هاتوون بزانن لە کوێوە هاتووە و داخۆ وەزعی باشە یان نا، رادیۆ و تەلەفزیۆنیش وەک هەمیشە وەک بۆخۆیان دەڵێن بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکە هاتبوون بۆ ئەوەی هاووڵاتیان وەک هەمیشە بزانن لە وڵات چی دەگوزەرێ.

بەڵام،... بەڵام ئەی ئیدارەی خەباتکردن لە دژی فەسادە ئەخلاقییەکان چی،... ئەوان بۆ هاتبوون؟ ئەها،... دەڵێن کەرەکە لە راستیدا کەر نەبووە و ماکەر بووە!

لەو ناوەدا تەنیا منم دەزانم دراوسێکەمان لە راستیدا بۆچی ئەو ماکەرەی بۆ ماڵەوە بردبووەوە. هیوادارم بۆ یەکەم جاریش بووبێت کەسێک لە ژێر ئەشکەنجەدا دان بە راستیدا بێنێ و خۆی لە سێدارەدان قوتاربکا.

## ئەحەکان

ئەحە زۆر حەزی بە خۆی بوو. هەمیشە خۆی رادەنا و وای نیشاندەدا یەکجار ئازایە. هەمیشەیش جلی رەشی لەبەر دەکرد، دەسمالێکی مەشەدی دەخستە ملی و کە بە رێگادا دەڕۆیشت کەمێک خۆی دەلەنگان، باڵەکانیشی لە چاو خەڵکی فشتر بوون. هەوڵیشی دەدا راستەوخۆ لەچاوی خەڵکی نەڕوانێ. تا دەیتوانی سمێڵیشی زل دەکرد، ئەوەندە زل کە دەگەیشتە لێوی خوارەوەی. بە هەمان لێویش دەیلستەوە. بە دوو پەنجەیش دەیلاواندەوە. سمێڵەکانی ئەحە وەک سمێڵی پشیلەکانی گەڕەک دەبریقایەوە.

بەڵام کێشە ئەوە بوو ئەحە ترسنۆک بوو. کە تووش دەبوو خۆی گێل دەکرد، یاخود رێگای خواردەکردەوە. لەبەر ئەمە خەڵکی ناویان نابوو ئەحە فشەکەر.

ئەحە فشەکەر کە یەکجار بەمە ناڕاحەت بوو، لە خەیاڵی بینینەوەی چارەسەرێکدا بوو. سەرئەنجام بینییەوە. لە دوو گەڕەکی ئەوبەرییەوە، کەمێک واوەتر لە تەنیشت، پیاوێک هەبوو بە هەمان قەڵافەت و روخساری

وەک خۆی، ڕەنگە کەمێکیش بەرزتر و پان و پۆڕتر، بەڵام وەک دەیانگوت دیوی ناوەوە و دەرەوەی وەک یەک بوون. ئەو پیاوە وەک ئەحە ترسنۆک نەبوو. ئەوەی دەینواند بەڕاستی بوو. کە لە شەڕەوە دەگلا، وەک سەگی بێ حەیا دونیای دەهێنایە سەر سەری خۆی. مەگەر کەس دەیوێرا توخنی کەوێ! ئەحە بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو پیاوە کە بە ڕێکەوت ئەویش ناوی ئەحە بوو و بە ئەحە سینگ شێر ناوبانگی دەرکردبوو، بەرەو خۆی رابکێشێ؛ کەوتە هەوڵ. هاتوچۆی ئەو چاخانەی کرد وا ئەو هاتوچووی دەکرد. کە یەکەم جار بینی، لە کاتی سڵاوکردن وەها دەستی بە سینگییەوە گرت و وەها بۆی چەمییەوە کە کۆتەکەی لە سەر شانی خزایە خوارەوە. ڕێک بۆ سەر تەپڵی عەرزەکە لە بەردەمی ئەحەی نێردا! بگرە بەمەیش رازی نەبوو. کاتێک لە تەنیشتییەوە بە ئەسپایی دانیشت، بە گۆشەی چاوەکانی بەردەوام لێی دەڕوانی و زوو زوو سووکە قونێکی بۆ حەوادەدا و دیسان دەستی بە سینگییەوە دەگرتەوە، دەموشتایەوە و بەساقەی دەبوو. ئەحە سینگ شێر کە سەرەتا گوێی بە ئەحە فشەکەر نەدەدا، لە دووای ئەوەی ئەحە چەند جارێک چاییەکانی بۆ حسێب کرد و بۆ کەبابێک لە باشترین کەبابخانەی شاریش دەعوتی کرد و بگرە بە دەسماڵە مەشەدییەکەی دەوری ملی پێڵاوە ڕەشەکانیشی بۆ سڕییەوە، ملی دایە ئەوەی ئەحە فشەکەر شوێنی بکەوێ و بە یەک یاخود نیو هەنگاو لە دوواوە بە شوێنیا بڕوات. بەم شێوەیە سێبەری ئەحە سینگ شێر کەوتە سەر سەری ئەحە فشەکەر.

ئەحەی یەکەم ئیتر لەو ڕۆژەوە یەکجار گۆڕا. ئەمجارە ڕاستەوخۆ لە چاوی خەڵکی دەڕوانی و بگرە زوو زوو تفێکیشی ڕۆدەکردە سەر زەوی. کە ئەحە سینگ شێر لەوێ بایە وەها بەگژ خەڵیکدا دەچووەوە کە سینگ شێری سەرۆکی بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانی و، دوواتر بە بزەیەکەوە سەرێکیشی لێ بادەدا. ئەحە وای لێهات ڕیشێکی تەنکیشی هێشتەوە بۆ ئەوەی وەک جەنگاوەرە کۆنەکان زیاتر هەیبەت بە خۆی ببەخشێ.

بەڵام کێشە ئەوە بوو ئەحە فشەکەر کاتێک ئەحە سینگ شێری لێ دووردەکەوتەوە هەر هەمان ئەحەکەی جاران بوو بە دڵە بچووکەکەیەوە، بە دڵە خێرا و چۆلەکەئاساکەیەوە. بگرە جارێکیان زەفەریان لێهێنا و لە لاکۆڵانێکدا وەهایان کوتا کە چەند ڕۆژێک لە ناو جێگادا بۆی کەوت. ئەحە لە دووای ئەم کارەساتە یەک دەققە چییە لە سینگ شێر دوور نەدەکەوتەوە. بەڵام زەمانە بێ وەفا بوو و هاوڕێی سینگ شێری کتوپڕ نەخۆش کەوت و لە خەستەخانە لە سەر تەختێکی سپیی چوارگۆش پاڵی لێدایەوە، بگرە لە دووای دە ڕۆژ بۆ هەمیشە دونیای فانی جێهێشت و مرد! ئەحە فشەکەر بەم ڕووداوە کە ئەو لای خۆی ناوی نابوو کارەسات وەها داچڵەکا نەبێتەوە. باوەڕی نەدەکرد سینگ شێرێکی لەو چەشنە ئاوەها قەڵافەتی لە عەرزبدرێ و بۆ هەمیشە چەرخی چەپگەردی گەردوون جێ بێڵێ. ئەحە بە ئیستایشیەوە نازانێ خودا ئەم بێڕوحمیە چی بوو لە حەقی ئەو و لە حەقی هەموو ئەحەکانی تری دونیادا کردی.

ئەحە فشەکەر کە یەکجار خراپی لێقەومابوو و، بگرە لە سەرەخۆشییەکەیشیدا نەیوێرابوو بەشداری بکا لە ماڵەوە هەتا چەند هەفتە لێی کەوت و، وەدەر نەکەوت. دایکە پیرەکەی کە بە دەستییەوە وەڕەز ببوو، خالەکانی تێبەردا و بەڵام ئەمەیش چاری نەکرد. ئەحە وتی ئەوەندە خەفەتی سینگ شێر بە سەرییەوە بارە کە ناتوانێ ئیتر قەت ئەو کووچە و کۆڵان و شەقامانە ببینێتەوە وا لەگەڵ سینگ شێری هاوڕێی کاتی خۆی پیایانا رۆیشتبوو.

ئەحە فشەکەر ئێستاکە چەندین مانگە لە ماڵەوەیە و، تەنیا بە شەو، ئەویش درەنگان وەدەر دەکەوێ. خەڵکی ئیتر بەرەبەرە ئەویان لەبیر چووەتەوە، بەڵام ئەحە خۆی خۆی لەبیر نەچووەتەوە. ئیستایش کە بە ئیستایە هەر گوێی بۆ ئەوە هەڵخستووە بەڵکوو سینگ شێرێکی تر رووبکاتەوە گەڕەک یاخود گەڕەکەکەی تەنیشتی، بگرە گەڕەکەکانی ئەو سەری شاریش،... گرینگ نیە، لە هەر کوێ بێت ئەحە دەتوانێ بەپەلە خۆی بگەیەنێتێ،... بەس بەو مەرجەی سینگ شێرێکی تر دەستکەوێ. بەس وەک پێغەمبەرەکان لە شوێنێکەوە لە کونێکی ئاسمان بەربێتەوە!

هەڵبەت ئەحە بۆخۆیشی نازانێ بۆ لای وایە ئاسمانێ بەو زل و زەبەنی و پان و پۆڕییە، دەبێ کونی تیابێ. بەڵام با تیای بێ!

زەمەن تێدەپەڕێ و هەر هەواڵ نیە. یان رەنگە کەسێک نیە خەبەر بۆ ئەحە بێنێ، ئەگینا دەکرێ لەم چەرخی یەکجار چەپگەردی گەردوونەدا ئەحە

سینگ شێرێکی تر دەستنەکەوێ؟! نا، شتی وانابێ،... مەحاڵە. ئەحە لەبەر خۆیەوە بیردەکاتەوە و، بە خۆی دەڵێ:

ـ هەر دەستدەکەوێ،... تەنگانە هەمیشە بەری تەسک بووە،... ئەحە سینگ شێرێکی تر هەر نازڵ دەبێتەوە،... ئا دەبێتەوە!... خوا دەلیلی داماوانە!

دایکی قاپی نیسکێنەکە بە تووڕەییەوە و بە دەستە لەرزۆکەکانییەوە دەخاتە بەر دەمی و، دەڵێ ئەمەیش هەڵقوڕێنە! ئەحە فشەکەر بەدەم خەیاڵەوە هەڵیدەقوڕێنێ. پاییزە، هەوا ساردە، لە دەرەوە خوناوکە بارانێک دایکردووە و خەریکە دیوارە گڵێنەکان دەلێسێتەوە، ڕێک وەک لێوی خوارەوەی جارانی ئەحە بەسەر سمێڵکە ڕەشە بریقەدارەکەیدا. سەلکێک پیازی سووریشی بەسەردادەکا. قرقێنەیەکیش دەداتەوە. چاوەکانی زیت تر دەبن.

ئەحە کە نازانێ هی قرقێنەکەیە، هی پیازەکەیە یان باران؛ لەبەر خۆیەوە بەو نیگا زیتانەوە وا لە پەنجەرەکەوە گوزەردەکەن و دەگەنە ناو دنکە بێ ئەژمارەکانی باران، دەڵێ:

ـ نا،... ئا، ئەمجارەیان نیچە دەخوێنمەوە!... نیچە!

## سێبەری پشت پەنجەرەکە

سی و پێنج رۆژە لەماڵەوەم. زەخیرەم لێخستووە و ناچمە دەرەوە. دەرگا و پەنجەرەم لەسەر خۆم داخستووە. بە تەنیا خۆم لە گەڵ ژوورەکانی چەندین ساڵەی خۆمم. بە خۆشییەوە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ یەکتر نیە. وەک هەمیشە ساتەکان پێکەوە بەڕێدەکەین، هەرچەند ئەمجارەیان وەک جارەکانی تر و رۆژ و شەوەکانی تر نیە.

ساتەکانم بەسەر تەلەفۆنکردن، چاوکردن لە نێت و لە تەلەفزیۆن، گوێگرتن لە رادیۆ، خوێندنەوەی کتێب، پیاسە بە ناو ژوورەکان، راکشان و ڕامان لە سەقف، چێشت لێنان و بەتایبەت سەیرکردنی پۆڕنو دابەشکردووە. هەڵبەت دیارە ئەو کاتژمێرانەی وا بەخەبەرم. مێژوو دەڵێ سەردەمی مەترسییەکان و مەرگ، مرۆڤەکان زیاتر بە سەر یەکترەوەن!

بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژەکان بەرەبەرە تاقەتم بەسەردەچێ و دەبێ لە بیری شتێکی تریشدا بم. دەچم لە ژووره گچکە لەبیرکراوەکە کە پڕی شمەکە فرامۆشکراوەکانن، ئەلبۆمی وێنەکان بەهەر شەڕەشەقێک بێت دەدۆزمەوە. تۆزی لێدەتەکێنم و دەیهێنمە ژووری دانیشتنەکە و پەڕە بە پەڕە هەڵیدەدەمەوەو بە وردی سەیریان دەکەمەوە. دووای ساڵانی ساڵ. پێم وابێ لانیکەم دە ساڵیش دەبێ سەیرم نەکردوون. لە سەردەمی کرۆنا، پیاچوونەوە بە رابردوو تام و چێژێکی تری هەیە.

وێنەکانی منداڵی، سەردەمی مێردمنداڵی و گەنجیەتی و دوواتر کەمێکیش کشاوەتر، لەوێن. بەڵام هەر ئەوەندە. ئیستا دەزانم لەو کاتەوەی وێنەی دیجیتاڵی و موبایل سەریانهەڵداوە چیتر ئەلبۆمەکە تازەنەکراوەتەوە. ئەلبۆمەکە لە سەر سنووری دە ساڵ لەوە پێش راوەستابوو و، هەم من و هەم کات و هەم دونیای نوێ فەرامۆشی کردبوو. هەستدەکەم دە ساڵ لەوە پێش ئەوەندە دوورە، دوورتر لە وێنەکانی منداڵی و گەنجیەتیم. لە دەرەوە بەفرێکی ناوەخت دادەکا.

نازانم چەندە کات بە ئەلبۆمەکەوە بەسەردەبەم، هەر ئەوەندە دەزانم پشت و ملم دێشێن. خۆم دەکێشمەوە و لە خۆم (سەر کۆشم) دووریدەخەمەوە و لەسەر مێزەکە دایدەنێم. خەو دەمباتەوە.

کە خەبەرم دەبێتەوە، دەبینم ژوورەکە تاریک تاریکە. من کە سەرەتا نازانم لە کوێم و خۆم وەک خۆم نابینمەوە، چاوێک بە ژوورەکەدا دەگێڕم و ئەوسا

هەراسان رادەبم. تیشکە بێ هێزەکان لە پەنجەرەکەوە خۆ بە ژوورەوەدا دەکەن. تینوومە، یەکجار تینوومە. سەرتاپای لەشیشم ئارەقە. دەڵێی لە سەحرای عەرەبستانم داوە. بەڵام هێشتا هەنگاوێکم هەڵنەهێناوە هەست بە سێبەری شتێک یان کەسێک لە پشت پەنجەرەکە دەکەم.

پێم سەیرە ناترسم. بەڵام ناترسم. شتەکە بە ئەسپایی سەرەتاتکێ دەکا. من گڵۆپەکان هەڵناکەم. لێدەگەڕێم لەو تاریکاییەدا لەو سێبەرەی بڕوانم وا لە بەستێنی تیشکە کز و ناڕوونەکانی دەرەوەدا، لە نێوان ئێرە و ئەوێدا، بە من و بەو شوێنەی وا من لێی راوەستاوم مەشغوڵە. نازانم تا چەندە من دەبینێ، بەڵام دەزانم لە ئاستێکدا دەمبینێ. ئارام بەرەو پەنجەرەکە هەنگاو هەڵدەگرم. شتەکە ماوەیەک سەرەتاتکێ ناکا. من رادەوەستم. پاش ماوەیەک دیسان سەری پەیدا دەبێتەوە. پێش ئەوەی بگاتێ سەرەتاتکێیەکی تر بکات، دەگەمێ و پەنجەرەکە دەکەمەوە. ئەوسا سێبەرێکی سەرتاپا تاریک دەبینم بە عەبایەک لە تەوقی سەرەوە تا بەری پێ. بە چاوە تاریک و بۆشەکانییەوە و بە چەناکەیەکی درێژی ترسناکەوە کە دەگاتە سەر سینگی. نازانم بۆ ناترسم، بەڵام ناترسم. من کە سی و پێنج رۆژە میوانم نەبووە و بۆ خۆشم سەردانی کەسم نەکردووە، بەتەمای ئەوەی خوا سەرئەنجام بەزەیی بە مندا هاتووە و یەکێکی بۆ رەخساندبێتم تەواو پەنجەرەکە دەخەمە سەر پشت و فەرمووی ژوورەوەی دەکەم. ئەو کە سەرەتا دڕدۆنگە و نازانێ بڕوات یان دەعوەتە کتوپڕی و چاوەڕواننەکراوەکەم لێ قبوڵ بکات، ئارام

لە پەنجەرەکەوە تێدەپەڕێ و دێتە ژوورەوە. بە شوێنیا بۆیەکی سارد لە چەشنی ئاسن، ئەویش لە پەنجەرەکەوە تێدەپەڕێ و دەچێتە ژوورەوە. لەبەر خۆمەوە دەڵێم وای لە خۆی کردووە بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە. تەنانەت خودایش.

دیسان گڵۆپەکە هەڵناکەم. هەر دووکمان لە سەر مۆبلەکە بەرامبەر یەکتر دادەنیشین. سەرئەنجام دەڵێم:

ـ غیرەتی چاکت هەیە بە ئاپارتمانی چەند قاتدا هەڵدەگەڕێی. بەڵام من تێتدەگەم!

ـ هەڵنەگەڕام، لای من لەسەر زەوی خوار و سەر و راست و چەپ و پێش و دووا مانای نیە، من تەنیا دەڕۆم، هەر ئەوەندە!

ئەوسا بە لاچاو سەرنجێکی خێرا ئاراستەی ئەلبۆمەکە دەکا. سەیری وێنەیەکی گەنجیەتی من بە قژێکی زۆرەوە. دەڵێ:

ـ کەچەڵیش بووی! کەچەڵیش نیشانەیەکی ترە بۆ نزیکبوونەوەی مەرگ!

ـ من کە قژی زۆری ئەو سەردەمەو قژ تەنکیی ئیستاکەم بە تەواوی لەبیر چووبووەوە، دەڵێم:

ـ ئەو ساڵانە یەکجار دوورن. بەڵام من هەر بەکارم!

ـ خەفەتی لێ ناخۆی؟

ـ دایکم بەشی منیش خەفەتی لێدەخوا!

ـ دایکت؟

ـ دایکم.

ئەوسا دەستدەکا بە گیرفانیدا و لیستێک دەردەهێنێ و دەڵێ:

ـ بەڵام دایکت لەمێژە مردووە!

من کە نازانم بۆ ئەمەم لەبیرچووبووەوە و لە دڵی خۆمدا گۆناهەکەی بۆ لەبیرکردنی ئەلبۆمەکە دەگێڕمەوە، دەڵێم:

ـ راستدەکەی!.... بەڵام باشتر،... باشتر کە مرد. ئەگەرچی بە مردوویش خەفەت خواردنی لەبیرناچێتەوە.

ئەوسا دەست بۆ ئەلبۆمەکە دەبا و لاپەڕە دووای لاپەڕە سەیری وێنەکان دەکا. دەڵێم:

ـ  نۆرەی منە وا نیە؟ خوا جەزای بەخێرت باتەوە!

ـ زۆر دڵنیا نیم، ئاخر نازانم ڤیرووسەکە چووەتە ناو لەشتەوە یان نا!

لێرەوە تێپەڕیم بۆ ئەوەی بزانم خۆی گەیاندووەتە ئێرەیش یان نا.

من کە دڵنیام گرتوومە و بەڵام هێشتا خۆی نیشان نەداوە، دەڵێم:

ـ پێویست ناکا هەمیشە بیانوویەک هەبێت. ڤیرووسەکەیش لێرە بێت بەڵام بەشی ئەوەندە مەجالی تیایە.

نیگا بێ چاوەکانی ئاراستەی من دەکاتەوەو دەڵێ:

ـ با هەمیشە دەبێ بیانوویەک هەبێ.

ـ بێگومان کاتێک یەک بیانووش هەبێ، کارەکە زۆر ئاسانترە؟

ـ مممم،... دەتوانین وایش بڵێین.

من کە پێم سەیرە لە دووای ئەوەیش هاتووەتە ژوورەوە هەر بە دەنگی بۆڕ دەدوێ، دەڵێم:

ـ ببورە،... ئیستا دێمەوە،... ئا ئیستا.

ئەو یەک بە خۆی دادەچڵەکێ.

ـ هەڵبەت نە پێوەندی بە جەنابتەوە هەیە و نە بە کرۆناوە!

میوانە ناوەخت و عەجایەبەکەم مڕەی دێ. دەڵێ:

ـ من هەر لەوە نەگەیشتم ئەمە چ بوونەوەرێک بوو خوا خوڵقاندی، دیارە کفر نەبێ کفر نەبێ،... لە ناو ئاژەڵاندا تەنیا ئێوەن ئاواتان لێ دێ،... پەکککووو!

من کە پێم سەیرە ئەو لە هەموو چیرۆکەکە گەیشتووە، دەستبەجێ تێدەگەم بە نیگا بێ چاوەکانییەوە لەو تاریکییەدا هەموو شتێکی بینیوە. دەڵێم:

ـ ئێمەیش بەدەست خۆمان نیە. سی و پێنج رۆژ زۆرە.

بە نووکی پەنجەی شایەتمان ئاماژە بە خوارەوە دەکەم و دەڵێم:

ـ لە جیهانی خۆیدا دەژی، نە دەزانێ شەڕی یەکەم و دووهەم چییە و،... نە دەزانێ ڤیرووسی کرۆنا چییە.

من کە نازانم بەو نیگا بێ چاوانە لەوێ دەڕوانێ یان نا، روو وەردەگێڕم و چیتر لەمە زیاتر دەرفەتی نادەمێ و بەرەو حەمامەکە دەڕۆم. لە حەمام بە سابوون جوان جوان خۆم دەشۆم و بە تیتۆڵیش ئەوێ.

ئەو هەروا سەرقاڵی ئەلبۆمەکەیە. دەڵێم:

- ئەلبۆمت هەیە؟

چەناکەی درێژتر دەبێ (من ئەمە وەک پێکەنینی ئەو لێکدەدەمەوە) و، دەڵێ:

- ئەلبۆم هی ئەوانەیە کاتی دەژین،... سی چل پەنجا یاخود هەفتا هەشتا ساڵ. هی ئەوانەیە وا دەمرن.

- یا رەنگە هی ئەوانەیە وا شەیتانی دەبن!

کتوپڕ ئەلبۆمەکە بەتووندی دەبەستێ و رادەبێ و رووەو پەنجەرەکە دەڕوا.

پێم وابێ دەیەوێ بڕوا. دەڵێم:

- هێشتا نۆرەی من نەهاتووە، وانیە؟

- ئەوەی من دەیبینم نا، بەڵام پەلەم نیە.

- وەعد بێ نەهێڵم ئەمجارە شەیتانی ببم،... وەعد بێ!

بە تووندی لادەکاتەوە. لە نیگا بێ چاوەکانییەوە وەها ئاورێک دەبارێ کە ژووره تاریکەکە رووناک دەکاتەوە. من دەکشێمەوە و دەست بەوێوەم دەگرم. دەمەوێ بڵێم تکایە تکا، بەوە نیە شەیتانی بوومە، بەڵام نایڵێم.

ئەو لە پەنجەرەکەوە هەڵدەفڕێ! عەباکەی دەکاتەوە و دەبێ بە هەیکەلێکی وەها گەورە و زەلام کە لەو تاریکاییەیشدا سێبەرە قورس و گەورەو گرانەکەی جادە و خانووەکان دەلێسێتەوە.

دەست بە دەممەوە دەگرم و لە ترس و لە شەرمان ئەژنۆم شلدەبێ و، لە شوێنی خۆم چۆکدادەدەم.

خۆ ئەوە ئیزرائیل بوو،... ئیزرائیل!

# مێشەکانی ئەمساڵ

ئەمساڵ زستانەکەی تووش بوو. بەفر و سەرما و سۆڵ و،... زوقمێکی زۆر. وەک دەڵێن دونیا وەک جارانی لێهاتەوە،... وەک ساڵان،... ساڵەکانی وەک دەڵێن خۆشبەختی،... ساڵەکانی خانووە یەک قات و گڵینەکان،... ساڵەکانی باگردێن و وەروەرە و بەفری چڕی ناو کۆڵان بە توولە ڕێگاکانی ناویانەوە،... ساڵەکانی کووەری دار و نەوتی زەرد و دڵۆپە،... ساڵەکانی بۆنی تۆڵاش و شیلەی درەختە مردووەکان و لقە هەڵڕژاوەکانی ئێرە و ئەوێ. ساڵەکانی پێکەوەبوونی باوەگەورە، باوکم و من. بە ژوورەکانی تێ ئاخناوی جەستەی ژنەکانیش: دایەگەورەم، دایکم و خوشکەکانم.

دەرەوە سپی سپی، بەو بایەوە لە سووچی حەوشەکەدا دنکە بەفرەکان گێژ و لوول دەدا و لە قوژبنەکان هەڵیاندەپەستێوێ. ئەو بەفرانەی بە دیوارەکاندا سەردەکەون بە بێ ئەوەی قەت بگەنە ترۆپک. بۆ بشگەنە ترۆپک؟ مەگەر لەو دیو حەسار چی تری لێیە جگە لە خۆیان،... جگە لە بەفری سپیی دیکە؟

بەڵام هەر بەو خێراییە زستانیش تەواوبوو و، حەوشە خۆی دایە دەست باران و دەست دنکە مەیوەکانی ئاو. هەر ئەوەیش نا،... خۆیشی دایە دەست کۆڕۆنا. ئەگەرچی نایبینم، بەڵام لەوێ لە دەرەوەیە،... لە شوێنێک،... لە شوێنەکان. ئەو کۆڕۆنایەی هەندێ دەڵێن لە ئەشق دەچێ، هەندێ دەڵێن لە رۆح، هەندێکیش دەڵێن لە خودا،... هەیە بێ ئەوەی بتوانی بیبینی. بەڵگەیەک بۆ هەبوونی ئەم سیانە.

بەڵام،... بەڵام میکرۆسکۆپەکان چی؟ خۆزگە میکرۆسکۆپیش دەیتوانی ئەشق و رۆح و خودا ببینێ!

بێتاقەتم. بە ژوورەکاندا دەگەڕێم و لام وایە دوو گەمەی گەورەی ئەمساڵیش کە گەمەی نێوان زستان و بەهار بوو، تەواوبوو و من چیتر نیە بتوانم لە پەنجەرەکەمەوە بیبینم، دڵی خۆمی پێخۆش بکەم و وەک پرۆژەیەکی گەورە لە ژیانمدا سەرنجی بخەمە سەر. هەموو شتێک کتوپڕ دەبێ بە وەرزێکی تر و من دەبێ لانیکەم سێ مانگی تر تەحەمولی بکەم. تازە هاوینیش زۆر فەرقی

نیە لەگەڵیا،... کەواتە من دەبێ تا ناوەڕاستەکانی پاییز ڕاوەستم،... دیارە گەر بڕ بکەم و گەر کۆڕۆنا ئەم دیو حەسار و ئەم دیو دەرگا نەکەوێ. تا ڕۆژێک کتوپڕ چاوم بە دیاردەیەکی تازە دەکەوێ؛... نا نا، تازە نا. تازە تەنیا بۆ ئەم ساڵ، ئەگینا ڕەنگە مێژووی لە هەبوونی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە دوور و درێژتر بێت،... یەکجار دوور و درێژتر. مێشەکان!

مێشەکان دەردەکەونەوە. نازانم چۆن،... بەڵام کتوپڕ سەروسەکوتی یەکیان لە سەر شووشەی پەنجەرە هەمیشەییەکە، ئەو پەنجەرەی وا خۆشەویستی منە، دەردەکەوێ. بە ویزەویز و ئەو خێراییەی وا بە هیچ شتێکی تر جگە لە خۆشیی ژیان تەعبیرناکرێ. لێی رادەمێنم. ڕێک وەک یەکەمین کەس کە بیری لە دروستکردنی تەیارە کردەوە و ڕۆژ تا ئێوارە لە سەر گیای سەحرا پاڵدەکەوت و لە چۆنیەتی فڕینی باڵندەکان ورددەبووەوە، بە نیازی ئەوەی فڕینی باڵندەکان رازی فڕین بۆ هەمیشە ئاشکرا بکەن. لێدانی باڵەکانی مێشەکە نابینم، بەڵام لێدەدەن. مێشەکە تەنیا پنتێکی ڕەشە لە جووڵەیەکی خێرادا، ئەو جووڵەیەکی چاو ناتوانێ هەمیشە بیگرێتەخۆ، ئەو جووڵەیەی خێراترە لە جووڵەی چاو.

بەخێربێیتەوە مێشەکە،... بەخێر بێنەوە مێشەکان!

چەندە خێرایش زیاد دەکەن! چەند خولەک دوواتر یەکی تر زیاددەکا. نازانم لەو بەربووەتەوە یان لە دەرەوە هاتووە،... بەڵام زیادی کردووە. ڕەنگە هێلکەکانی پاری سەر دیواری مێشەمردووەکان بن، تروکابن. سەعاتەکانی

دوواتر چەند دانەیەکی تریش دەگەنە مەجلیسەکە. بۆ سبەی کە ئیتر دونیا لە گەڵ ئەمڕۆ یەکجار فەرقی دەبێ، مێشەکان دەبن بە سنووری دوو دەوران، ڕێک وەک کۆڕۆنا. سەردەمی پێش و سەردەمی پاشی مێشەکان لە ساڵی کۆڕۆنادا.

خانوو، جم و جووڵی تێدەکەوێ. ژیان دەگەڕێتەوە. ئیتر تەنیا ڕۆحی سەرگەردان و خەمینی من نیە بە ژوورەکاندا دەگەڕێ و لە پەنجەرەکەوە لە دونیا دەڕوانێ. ڕۆح و چاوەکانی ئەوانیشن،... هی مێشەکان. ئەو چاوانەی وا ئەوان بەردەوام بە دەستەکانیان دەستی پیادێنن و خاوێنیان دەکەنەوە.

بەخێربێنەوە مێشەکان!

شەویش کە گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە و دەچمە ناو جێگاکەمەوە، هەر گوێم لە دەنگیانە؛ بەتایبەت ئەوانەی سەر شووشەی پەنجەرەکە. دەخزێن و دەویزێنن و نایانەوێ باوەڕبکەن شەو هاتووە و دونیای داگرتووە. بەدەم ویزەویزی ژیانەوە خەودەمباتەوە.

تەنانەت شەویش خەویان پێوەدەبینم. خەو بە مێشێکی یەکجار گەورە و زەلامەوە دەبینم کە لەسەر پەنجەرەکە هەڵنیشتووە و زەق زەق لە من دەڕوانێ. بە جەستەی سەوز و چاوە سەوزە روونەکانییەوە. ئەو مێشەی مێشەکانی تر بە دەوریا دێن و دەچن و خەریکی خاوێنکردنەوەی باڵ و قاچ و مووەکانین. مێشە سەوزە زەلامەکە جاری وایە یەکیان دەگرێ، دەیکرۆژێ و دەیخوا. من کە نازانم ئەمە بۆ خۆشیە، یان لە برسیەتییە یاخود بۆ

تەمێکردنی ئەوانی ترە بۆ ئەوەی لە بیریان نەچێ کە ئەو مێشە گەورەکەیە و دەبێ بۆ هەمیشە ئاگایان لێی بێ و خزمەتی بکەن، تەنیا لێی دەروانم. وەک چۆن ئەو تەنیا لە من دەڕوانێ. لێی دەڕوانم... لێم دەڕوانێ،... لێم دەڕوانێ... لێی دەڕووانم،... لێی دەڕوانم... لێم دەڕوانێ،... لێم...، مێشەکە گەورە و گەورەتر دەبێتەوە، وەها هەموو پەنجەرەکە دادەپۆشێ و لەوێوە جەستەی دەکشێ بۆ ناو ژوورەکە و بۆ سەر جێگاکەی من و... .

لە خەورادەچەنم. جەستەم شەلاڵی ئارەقە. چاو بەدەوری خۆمدا دەگێڕم. ژوورەکە تاریک تاریکە. گوێ رادەدێرم. مێشەکانیش چیتر ویزەیان نایەت. بێدەنگییەکی گۆڕستان ئاسا هەموو بوونی داگرتووە.

نەکا کۆڕۆنا خۆی بە ژوورەوەدا کردبێ؟

کتوپڕ بەو نیوەشەوە موبایلەکەم زەنگ دەخوا. ژمارەی نەخستووە:

- ئەلۆ،... ئەلۆ بەڵێ!

لەو بەر خەتەکەوە دەنگێکی ئاشنای ناسک کە من ناچمەوە سەری، بە نازەوە دەڵێ:

- ئەلۆ،... خۆتی؟

- بەڵێ،... بەڵێ خۆمم! (بۆ رۆژی دووایی بوو بیرم لەوە کردەوە کە 'خۆتی' و 'خۆمم' کێ بوون)

- بێتاقەتی؟

- بێتاقەت!

ـ ئا، بێتاقەت،... ئاخر سەردەمی کۆڕۆنا و سەردەمی لەماڵەوە دانیشتنە.

(ئاستی نازی دەنگی هەتا دێ هەڵدەکشێ)

من کە هێشتا لە جیهانی چاوی سەوزی مێشە گەورە و ترسناکەکەدا سەرگەردانم، دەڵێم:

ـ ئەها،... ئەها،... وەڵڵا نازانم.

ـ وتم رەنگە پێت ناخۆش نەبێ میوانێکت هەبێ،... خۆ تێدەگەی؟

ـ تێدەگەم؟!... ئەها ئەها تێدەگەم. وەڵڵا پێم وایە لە دوێنێکەوە و بەتایبەت لە تاوێک لەوە پێشەوە دۆخەکەم کەمێک باشترە.

ـ مەگەر کەسی تری لێیە؟

ـ کەسی تر؟... نا نا،... ئەرێ ئەرێ کەسی تری لێیە، یەعنی لێی بوو،... بە چاوە سەوزە درشتەکانییەوە،... بەڵام ئیستا لێی نەماوە، یەعنی هێشتا گلۆپەکەم هەڵنەکردووە، بەڵام لام وایە لێی نەماوە.

ـ رەزات مرێ... عەنتەری قن گوواوی!

تەلەفۆنەکە بێدەنگ دەبێ. هیچ دەنگێک لەو بەرەوە نایەت.

بۆ سبەی دەچم بۆ ژێرخان. هەرچۆنێک بێت مێشکوژە قەدیمییەکە دەدۆزمەوە. لێی ورددەبمەوە. رەنگێکی سەوزی هەڵبزرکاو! لە دوو شوێنیشەوە دڕاوە، بەڵام گرینگ نیە. دەچم دەرزی و دەزوویەکی قایم و چاک دەهێنم و دەیدوورمەوە. وەک جاران پتەو دەبێتەوە. چەند جارێکیش

به تووندی رایدەوەشێنم. گڤەی دێت. ئەو گڤەیەی مێشەکان دەخەڵەتێنێ وەها کە نازانن لە کوێوە دێت و بۆیە ناتوانن لێی دەربازبن. تا زرم دەدرێ بە سەر سەریاندا و پان و پۆڕیان دەکاتەوە.

ئەوسا روو لە پەنجەرەکە دەکەمەوە. دەرەوە لە چاو دوێنێ زیاتر لە بەهار دەچێ. دەبینم مێشەکان زیاترن. ئەو مێشانەی وا دوێ شەو خەریکی خزمەتکردنی مێشە زەلامە سەوزە ترسناکەکە بوون. مێشەکانی سەردەمی کۆڕۆنا.

دەستدەکەم بە کوشتنیان. یەک لە دووای یەک. گڤە و شڵپە تێکەڵ دەبن. مێشەکان جاری وایە بەردەبنەوە و جای وایشە وەک چڵم بە شووشەکدا دەلکێن. بە خۆشییەوە تەواونابن. وەک چۆن سەردەمی کۆڕۆنا بەڵێن نیە بەم زووانە تەواوبێت.

## وەستا ناچار

وەستا ناچار کە وەستایەکی بێدەنگ و لەسەرەخۆ بوو (ئەمە ئەو ناوەیە خاوەن دووکانی جۆشکارییەکە ناویەتە سەری) یەکجار حەزی لە

قەحبەگایینە. ئەو کە قژە رەشەکەی وەک ستالین بەرەو دوواوە شانەدەکا و بە لێدانی رۆنی قژ رەق و مەحکەم رایدەگرێ، ئەو قژانەی لەبەر هەتاودا وەک باڵی کەڵەشێری لاری دەبریسکێنەوە، ئەوەندە حەزی بە ژنانە کە هەمیشە مەلول دەنوێنێ.

وەستا ناچار هەموو رۆژێ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێ، لە دووای خواردنی ناشتا رۆنی بۆندار لە قژەکانی دەدا و بە هەنگاوە بچووکەکانییەوە خەرامان بەرەو کارەکەی دەڕوات. بە دەم ڕێگاوە، کە زۆرتر لە کۆڵانەکانەوە تێدەپەڕێ، هیچ پەنجەرە و دەرگایەک بە تەمای بینینی ئافرەتێکی بەهەڵکەوت، نابوێرێ. هەموویان بەسەردەکاتەوە. بەو چاوە رەش و خەمگین و وردانەیەوە وا لە ئەزەلەوە نەقشی جەستەی ژنیان بە پیتی گەورە لە سەر کێشراوەتەوە.

کاتێک دەگاتە دووکان، جل و بەرگەکەی دەگۆڕێ، چاییەک دەخواتەوە، جگەرەیەکی بە قووڵی بۆ دەکێشێ و ئەوسا دەستدەکا بە کارکردن. مرۆڤێکی ئارامە. لە کەس تووڕەنابێ و هەر بۆیە شاگردەکانی یەکجار خۆشیاندەوێ. هەمیشەیش لەبیریەتی شاگردانەیان بۆ وەرگرێ. دەست پاکیشە، یەک عانە چییە بۆ خۆی لانادا. دەیانداتێ و دیسان بە چاوە خەمین و گاناوییەکانی سەیریان دەکاتەوە و دەچێتەوە سەر کارەکەی.

وەستا ناچار هەمیشە چاوی لە دەرەوەیە. نەکا ژنێک لەوێوە تێپەڕێ و ئەو نەیبینێ. هەم لە دەرگاکەوە سەیری دەرەوە دەکا و هەم لە درز و کەلێن و

قوژبنەکانەوە. وەک هەڵۆ بەردەوام لە کێشکدایە. هەر کە چارشێو یاخود جل بەڵەکێک دەبینێ، دەستبەجێ دەردەپەڕێتە دەرەوە. ئەو دەرپەڕینەی لەگەڵ خەسڵەتی ئارامیدا بەهیچ شێوەیەک یەکناگرنەوە. رادەوەستێ تا تێدەپەرن و لەوسەری کۆڵانە درێژەکە وندەبن. ئەوسا بەو چاوانەیەوە کە خەمگینترن لەهەر کاتێکی تر دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی. شاگردەکانی سەیری یەکتر دەکەن و لە ژێر لێوەوە دەچپێنن. لەوە دەچێ یەکجار بەزەییان بە وەستاکەیاندا بێتەوە. وەستا ئاگای لە شاگردەکانی نیە.

بگرە جارێکیان کاتێک خەریکی بڕینەوەی ئاسن بە مشارە کارەباییەکە بوو، هەر کە لە یەکێک لە درزەکانەوە جل سوورێکی بینی، وەها دەرپەڕی کە ئاگای لە خۆی نەما و قامکێکی بەرکەوت و بۆ هەمیشە ئەو قامکەی پەڕی. ئەو قامکەی ئێستایش نازانێ چی لێهات و لە کوێ ناشتیان. ئەو رۆژە خوێنێکی زۆری لێ رۆیشت و چەند رۆژێک نەهاتەوە سەر کارەکەی. راستییەکەی ئەوە بوو بەشێک لە جەستەی وەستا پێش خۆی مرد و ناشتیان.

وەستا ناچار هەرچی قەحبەی شارەکەیە (دیارە ئەو سەردەمانە وەک ئێستا نەبوو و قەحبە یەکجار کەم بوون) دەناسێ. قەحبەکان بە قژەکەی و بە بۆنی ئاسنەوە زۆرتر دەیناسنەوە. کە تەواودەبێ و دەیشڕوات زیاتر هەر ئەم دووانەیان لەو لە زەیندا دەمێنێتەوە. 'قژ چەورە بۆن ئاسناوییەکە'، ئەو نازناوایە وا قەحبەکان خستوویانەتە سەری. وەستا بەمە نازانێ. دیارە

گرینگیش نیه بزانێ. ئەو ئەوەندەی سەرنجی شوێنەکانی تر ئافرەتان دەدا، سەرنجی دەمیان نادا. قەحبەکان دەڵێن خۆزگەمان بەوەی ژنیەتی، یاخود دەبێ بە ژنی!

دیارە منیش نازانم وەستا ژنی هەیە یان نا. بەڕاستی لایشم سەیرە. ئاخر لەم شارە بچووکەدا سڕ و تڕی هەموو کەس بەدەرەوەیە.

وەستا ناچار تەنیا دڵی بە قەحبەکانی شارەکەی ئێمە خۆش نیە. ئەو روو لە شارەکانی تریش دەکا. هەر ئەوەندە بەسە لەلای باسی قەحبەیەک بکەی و بڵێی لە فلان و لە فیسارە شارە. دەستبەجێ رۆژی جومعە سوار مینی بووسە بۆگەناوییە گازاوڵیەکان دەبێ و خۆی دەگەیەنێتێ. هەر ئەو رۆژەیش دەگەڕێتەوە. بە هەمان چاوە خەمین و گاناوییەکانییەوە! کە دەگەڕێتەوە لە هیچ شوێنێک لانادا، یەکسەر بەرەو ماڵ دەبێتەوە. وەک هەمیشەیش لەسەر رێگای خۆی، هیچ دەرگا و پەنجەرەیەک نابوێرێ.

لەبیرمە ئەو سەردەمانە تەنیا یەک شوێنێ خواردنەوە لە شار دەستدەکەوت، ئەویش لەدەرەوەی شار بوو. لە تەنیشت کانییەکی پڕ ئاوی خۆش و با سەفا. وەستا جاروبارە رووی دەکردە ئەوێ و بیرەیەکی دەخواردەوە و هەر بە پێیش دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. مەودای نێوان مەیخانەکە و شار سەحرایەکی چۆڵ بوو. وەستا هەتا دەگەییە شار لەبەر خۆیەوە بەو ئێوارە درەنگانە گۆرانی دەگوت. ئەوێ تەنیا شوێنێک بوو

'وەستا ناچار' دەنگی تیاهەڵدەبڕێ و سۆزی خۆی تیادەنواند. ئەو، ئەو گۆرانیانەی دەگوتنەوە وا لە سینەما لە فیلمە فارسییەکانەوە فێریان ببوو. کتوپڕ رۆژێکیان باس لەوە کرا وەستا ناچار ژنی هێناوە (ئێستاکە بوو دەمزانی ژنی نەبووە). وتیان لە شاران هێناویەتی. وەتیان ژنەکەی یەکجار جوانە. ژنێکی بە قەڵافەتی قژ زەردی چاو شینی سپی وەک کەلەرمی مەمک خڕ کە پیاو هەر حەزدەکا سەیری بکا. هەڵبەت من قەت ژنەکەیم نەبینی. بەڵام ئاگام لێبوو وەستا وەک جاران چیدی لە دەرک و پەنجەرەی ماڵان وردنەدەبووەوە، چیتر کاری بە دەرگا و درزەکانی دووکان نەبوو و هەروەها قەت رۆژانی هەینی سواری مینی بووسە گازاوڵییە بۆن ناخۆشەکان نەبووەوە. بگرە تیشکە خەمین و گاناوییەکانی چاوەکانیشی ونببوون و لە جۆرێکی تر لە رووانین چاوەکانی پڕببوونەوە. بە کورتی وەک دەیانگوت وەستا ناچار ببوو بە پیاو!

چەند مانگێک تێپەڕی. بەرەبەرە هەم من و هەم شاگردەکانی و هەم خەڵکی شار خەریک بوو جارانی وەستا ناچارمان لەبیردەچووەوە. ژیان بەشێوەیەکی تر خۆی دادەڕشتەوە. دیارە پێم وابێ گۆڕینی مودێلی قژی وەستایش لەمەدا کاریگەری هەبوو. ئیستا، ئەو، قژی وەک 'ترامپ'ی دەیان ساڵ دوواتر (واتە دەیەی دووهەمی سەدەی بیست و یەک) دادەهێنا: لە چەپەوە بۆ راست و دیارە بەردەوام بە رۆنێکی بۆنداری زۆرەوە. شاریش

وەک هەمیشە هەناسەی هەڵدەکێشا و دەژیا و راستە شەقامە هەمیشەییەکەیش وەک جاران لە بەیانی زووەوە تا ئێوارە جمەی دەهات.

کتوپڕ خەڵکی شار غەریبەیەکیان دەبینی کە هەموو رۆژی جومعەیەک پەیدادەبوو. ئەو غەریبەیەی بە راستەشەقامەکەدا سەردەکەوت، لە یەکێک لە کۆڵانەکان لایدەدا و دووای ماوەیەک دیسان دەردەکەوتەوە و بە هەمان راستە خیاباندا دادەگەڕایەوە، تا دەگەیشتە گەراژ و سوار مینی بووسێکی گازاوڵیی قێزەونی بۆن ناخۆش دەبووەو و تا هەفتە یاخود دوو سێ هەفتەی تر کە سەروسەکوتی پەیدادەبووەوە، بزردەبوو. غەریبەیەک بە هەمان شێوە قژی جارانی وەستا ناچار و بە هەمان نیگا خەمین و گاناوییەکانی ئەوەوە! هەڵبەت من بە ئیستایشەوە ناتوانم بڵێم کە ئەو پیاوە غەریبەیە رووی لە ماڵی وەستا ناچار دەکرد. چونکە من لەگەڵ ئەوەی شارەکەمان بچوک بوو، بەڵام قەت نەمزانی خانووەکەی وەستا رێک لە کوێیە. هەر ئەوەندەم دەزانی ماڵی وەستا ناچار لەو گەڕەکەیدا بوو وا پیاوە غەریبەکە لە کۆڵانەکەوە خۆی پیادەکرد و بۆ ماوەیەک تیایا وندەبوو.

هەڵبەت ئەمە نە ئیشی منە و نە فڕی بە سەر منیشەوە هەیە. بە من چی! بۆ من هەر ئەوەندە گرینگ بوو کە وەستا ناچار ئیستا ئۆقرەی گرتبوو و نیگاکانی بۆهەمیشە گۆڕابوون. هەڵبەت بۆ کامە نیگا، ... منیش نازانم.

## پێشبڕکێی کەران

من کە تەنیا چەند عانەیەکم پێ مابوو و حەزمدەکرد بیانکەم بە جانتایەک لە پارە و بیدەم بە کۆڵمدا و مانگەکانی داهاتووی ژیانم بە بێ خەم بەرێ

بکەم، بڕیارم دا بچم و لە پیشبڕکێیەکدا یاخود لە قومارێکدا بیانخەمەگەڕ، بەڵکو بە تەمای خوا شتێکیان لێ سەوز بێت.

بۆ ئەم مەبەستە رووم لە بازاڕکرد. سەرەتا رووم لە قومارخانە کرد. پاش کەمێک هێنان و بردن و سەیرکردنی قومارچییەکان بەو ئاکامە گەیشتم کە نا ئێرە بەکەڵک نایەت. ئەوەی من دەمبینی دۆڕانی زۆربەی خەڵکەکە بوو و بۆیە لام وابوو کەریەتییە ئەو بڕە پارە یەکجار کەمەی پێم بوو بچم و لە سوورێکی خێرای مێزێکدا بیدۆڕێنم. پاشی ئەوە چووم بۆ چایخانەیەک و سەیری دۆمینەچییەکانم کرد. من کە هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانە ماتماتیکم یەکجار خراپ بوو و بەم هۆیەوە بە ئیستایشەوە جاروبار خۆم وەک گەمژەیەک دێتەبەرچاو، وازم لەوێیش هێنا و دیسان رووم کردەوە بازاڕ. لە لا کۆڵانێکدا بەتووش بست و شەققەی کۆمەڵێک پیاوی تەمەن مامناوەندییەوە بووم و لە پاش دیتنی قنی خڕ و ئەستووریان لە کاتی نەوی بوونەوە لە کەللاکانیان و لە هارت و هورتیان، لەوێیش پەشیمان بوومەوە. هەرچی لێکم دەدایەوە بڕوام نەدەکرد بتوانم ئەو کەللا بچووکانە بە لێکهەڵەنگوتنی دوو پەنجەی شایەتمان و براگەورە بپێکم و خەونی جانتا پڕەکە بەدی بێنم. جگە لەمە کوا لە لاکۆڵانانداا ئەو پارەیەی دەستدەکەوێ وا من خەونم پێوە دەبینی.

لەوێیش وازم هێنا و سەرئەنجام لە دووای رێکردنێکی زۆر بە تووش شوێنێکی نایابەوە بووم. شوێنێکی بەتەواوی تازە کە بڕواناکەم کەستان بە

ژیانتان بەتووشیەوە بووبن و بینی بێتان. ڕێک لە ڕاستەشەقامێکی تازەی شاردا کە ئەوسەری دەگەییە بیابانێکی بەرەهووت بەتووش تابلۆیەکی گەورەی سەیرەوە بووم بە سەر دەروازەیەکی گەورەوە کە لە سەری نووسرابوو "پێشبڕکێی کەران".

خۆم پیاکرد.

کە بینیم ساحەیەکی گەورە بوو وەک شوێنی تۆپی پێ کە خەڵکێکی زۆر بە دەور تیایا دانیشتبوون و سەیری ناوەندی شوێنەکەیان دەکرد. پاش پرس و جۆیەکی کورت تێگەیشتم ئێرە شوێنێکی تازەیە و بۆ پێشبڕکێی کەر کراوەتەوە. وتیان لەبەر ئەوەی خەڵکی لە پێشبڕکێی ئەسپ کە ساڵانی یەکجار زۆرە هەبووە ماندوو بوون و ئیستا حەزیان بە نوێگەری لە یاریدایە بۆیە بیر لەم پێشبڕکێیە کراوەتەوە و وەک دەبینی بۆ یەکەم جار ئەمڕۆ بەڵێنە چەندین کەری بەتوانا و چوست و چالاک لەم مەیدانەی بەردەممان‌دا ڕاکەن، جا ئەو کەرەی لە پێش ئەوانی ترەوە ڕادەکا دەبێتە یەکەم و ئەوەیشی پارەی لەسەر داناوە، ئەوا دەتوانێ پێشبڕکێکە بباتەوە و دەوڵەمەند بێ. من کە هێشتا دڵنیا نەبووم لەوەی کەر بتوانێ وەک ئەسپ رابکا و زیاتر وەک ئاژەڵێکی بە حەوسەلەی حەز بە ڕێگاکردنی ئارام و لە سەرەخۆ دەهاتە بەرچاوم، وتم:

- دڵنیان؟

- دڵنیاین.

ـ ئاخر راناوەستن و لانادەن و خۆ بە شتی ترەوە خەریک ناکەن؟

ـ راناوەستن و لانادەن و خۆ بە شتی ترەوە خەریک ناکەن. ئەم کەرانە کەری بارێنان نین،... بۆ پێشبڕکێ راهێنراون.

من کە گوێم لەم قسانە بوو و عەقڵم نەیدەبڕی وەها بێت، بەڵام شتێک لە دەروونمەوە پێی دەگوتم ئەمە بگرە و ئەمە دوواشانستە و بە ئیحتمالی زۆر دەیبەیتەوە. سەرئەنجام گوێم لە دەروونم گرت و وازم لە ئەقڵم هێنا و چووم ئەو چەند عانەیەی وا لە گیرفانمدا بوو لەسەر یەکێک لە کەرەکان وەک شەرت دامنا. لە پاش هێنان و بردنێکی سەرپێی لە ناو هەموویاندا دڵم چووە سەر کەرە سوورەکەیان. نازانم بۆ کەرە زەرد، کەرە سەوز، کەرە شین، کەرەو رەش و کەرە بۆز سەرنجیان رانەکێشام. پسولەیەکم وەرگرت و چووم لە شوێنی خۆم دانیشتم. ئەو پسوولەیەی وێنەی کەرەسوور بە روخسارێکی مۆن، گرژ و جیددییەوە لەسەری دەبینرا.

پێشبڕکێکە دەستی پێکرد. کەرە زەرد، کەرە سەوز، کەرە شین، کەرە رەش، کەرە بۆز و کەرە سوور کە لە ریزێکدا راوەستابوون هەر کە کابرای دەمانچە بەدەست تەقەی کرد، دەستیان بە راکردن کرد. کەرە زەرد و کەرە سەوز هەر زۆر خێرا جووڵان و لە لۆقەوە گەیشتن غار، بەڵام ئەوانی تر یان ئارام دەستیان پێکرد، یان هەر لە قۆناغی لۆقەدا مانەوە. من کە وەک هەموو ئەو خەڵکانەی تر بە پسوولە سوورەکەی دەستمەوە هەستابوومە سەرپێ و هانی کەرەکەی خۆمم دەدا، بینیم کەرە سوور زۆر شەرمێونانە هەر لە شوێنی

خۆی راوەستابوو و بە بێ گوێدانە تەقەی کابرای دەمانچە بەدەست، وڕ وڕ بە چاوە خەمین و درشتەکانیەوە لە دەوروبەری دەڕوانی! من کە یەکجار تووڕە و قەڵس ببووم، ئارەقێکی سارد نیشتە سەر مۆرغەی پشتم و لە دەروونمەوە هەستم بە بۆشاییەکی سەیرکرد، بۆشاییەک وەک گیرفانی بەتاڵ لەو چەند عانەیەیش وا لە سەر کەرە سوور دامنابوو.

کەرە زەرد و کەرە سەوز چاکیان غاردەدا. ئەوەندەی پێ نەچوو کەرە شین و کەرە رەشیش کەوتنە سەر دەور و بەمە دەنگ و هەرای حەشیمەتەکە هەتا دەهات بەرز و بەرزتر دەبووەوە. کەرە زەرد لە پێشی پێشەوە، کەرە سەوز بە چەند هەنگاوێک لە دوواوە، پاشان کەرە رەش، ئەوجا کەرە شین و کەرە بۆز و کەرە سووریش کە دەڵێی مێشێکی میوان نەبوو تازە لە شوێنی دەستپێکی یارییەکە ترازابوو و لە کاتێکدا مڵ و مۆی بەردەمی خۆی دەکردو و جاروبارە بە دەنگی لە نەکاوی خەڵکەکە رادەچڵەکا، سەری بەرزدەکردەوە و دیسان بە چاوە مەلوولەکانی بە سەرسووڕمانەوە لە چواردەوری دەڕوانییەوە.

تەپ و تۆزی غاردانی کەرە زەرد و کەرە سەوز لەوەدا نەبوو. من کە نازانم بۆ چاوم ئەو دوو رەنگەی نەگرتبوو، نیگام لە سەر سوورەی خۆمەوە چووە سەر ئەو دووانە. کەرە سەوز جاری وابوو دەگەییە زەردە، بەڵام زەردە زیرەک بوو و خۆی وەبەردەدا یاخود لەقەی دەهاویشت و بە بەدەرخستنی هەر هەموو دیانەکانی کە دوو ریزی درێژی یەکجار ترسناکی بێکۆتایی بوون

دەیویست کەرە سەوز بترسێنی و لە پێشکەوتن پەشیمانی بکاتەوە. بەڵام کەرە سەوز لەو کەرانە نەبوو مل بدات. ئەویش هەتا دەیتوانی تینی دەدایە خۆی و بە پیشاندانی ریزە دیانە ترسناکەکانی و بە مرقەمرقێکی کە لە ناو هەراوهوریای خەڵکەکەدا وندەبوو، بەرپەرچی زەردەی دەدایەوە. جاری وابوو سەوزە دەیگەیشتێ یاخود تەنانەت پێشیشی دەکەوتەوە، بەڵام زەردە ملی نەدەدا و خێرا پێشی دەکەوتەوە. شینە و رەشە و بۆزەیش لە دوواترەوە شایی لۆغانی تەمای پێشکەوتنیان بوو.

من کە بە تێپەڕینی کات هەتا دەهات زیاتر تامی تاڵی دۆڕان دەڕژایە ناو دەممەوە و لەوێوە پەلی بۆ ناو هەموو جەستەم دەهاویشت، لە کاتێکا چاوم لە سەر زەردە و سەوزە بوو و کەچی سوورەم هاندەدا، ئاگام لێبوو لە پاش ماوەیەک ئەویش کەوتە لۆقە. بەڵام شتێکیشی بەدەم رێگاوە بەردەوام کاوێژدەکردەوە. من کە نەمدەزانی گیای لەوە پێش خوراوی ناو دیانەکانیەتی یاخود ئەو گیا زەرد و رزیوەی تەنیشت شوێنی دەستپێکی یارییەکەیە، پڕ بە خۆم جوێنیشم دەدا و کێرم دەکرد بە قوزیایەکی هەرچی کەری دونیایە. بەڵام مەگەر چاری دەردەکەی منی دەکرد؟ مەگەر کەرە سوور گوێی لە من بوو؟

کات تێدەپەڕی و کەرەکان لە شوێنی کۆتایی نزیک دەکەوتنەوە. زەردە و سەوزە هەر وا لە پێشەوە بوون ئەگەرچی جارێکیان رەشە خەریک بوو بڕیان بدا. کەرە زەرد و کەرە سەوز بەدەم غاردانەوە ئەوەندە جووتەیان

لەیەکتر سرەواندبوو و ئەوەندە گازیان لە لاملی یەکتر گرتبوو کە هەموو لاتەنیشت و ژێر ورگیان ڕەش و شین ببووەوە و خوێن بە سەر و ملیشیاندا دەهاتە خوارەوە.

زەردە و سەوزە لە هێڵی کۆتایی نزیک کەوتنەوە و بەدەم چەپڵەلێدان و هوتاف کێشانی خەڵکەکەوە لێیەوە تێپەڕین. من کە بە هۆی دەست و لاقی بێ ئەژماری خەڵکەکەی بەردەممەوە، کە شێتانە هەڵیاندەخستەوە، ئاگام لێ نەبوو کامیان یەکەم بوو و کامیان دووهەم گوێم لێبوو یەک دەیگوت زەردە بردییەوە و یەکی تر دەیگوت سەوزە. سەیری تابلۆی ریزی ناوەکانم کرد. لەسەر تابلۆکە هیچ شتێک نەنووسرابوو. پاش ماوەیەک بڵیندگۆکە رایگەیاند لیژنەی داوەرەکان خەریکی لێکۆڵینەوەی کێشەکەن. قسە و باسی نێوان خەڵکی هەروا گەرم و گوڕ بوو. لایەنگرانی زەردە و سەوزە وەک یەک لایان وابوو هینەکەی ئەوان سەرکەوتووە و وەک یەکەم کەر لە هێڵی کۆتایی تێپەڕیوە. کاتێک لە بڵیندگۆکەوە راگەیەندرا کە بە هۆی لەقەلێدان و جووت هاویشتن و گازگرتنی زۆرەوە کەرەسەکانی سەبتکردنی پێشبڕکێکە نەیانتوانیووە دیاری بکەن داخۆ کەرە سەوز یەکەمە یان کەرەزەرد، بۆیە بڕیاریان داوە زەردە و سەوزە هەردووکیان پێکەوە وەک براوەی یەکەم دەستنیشان بکرێن، زەردیستەکان و سەوزیستەکان بەیەکەوە کەوتنە شایی و هەڵپەڕکی و بەم شێوەیە یارییەکە کۆتایی هات.

من کە کز و خەمین لە شوێنی خۆم دانیشتبووم و بیرم لە گیرفانی بەتاڵی خۆم دەکردەوە، لام کردەوە و چاوم بۆ سوورەی خۆم گێڕا. سوورە هێشتا لە ناو مەیدانەکەدا خولەی دەهات و لە بەر خۆیەوە شتێکی دەگوتەوە. جاری وابوو رادەوەستا، جاری وابوو دەیدایە لۆقە و جاری وایش بوو وەها غاری دەدا لەوانە بوو بگاتە هێلی کۆتایی!

بیری قسەیەکی باوکم کەوتمەوە کە هەمیشە پێی دەگوتم تۆ هەر بە دۆڕاویش دەمری!

## چواڵەکانی ئاربەبا

دایکم ئەوەندەی نوێژ کرد تا سەرئەنجام مەلایکەکان روویان لە ماڵی ئێمەیش کرد. بەڵام نەک هەموو مەلایکەکان... بەڵکو تەنیا یەک دانەیان، ئەویش... مەلایەکەی خاوەن شکۆی خواوەندی، بەڕێز ئیزرائیل!

من کە رۆژێکی بەهاری دەمەو ئێوارە بەرەو ماڵەوە دەرۆیشتمەوە، هەر کە دەرگای حەوشەم کردەوە، کەسێکی باڵابەرزی سەرتاپا جل و بەرگ رەشی دەموچاو داپۆشراوم بە مەڵەخانێک بینی کە لە سووچێکی حەوشەکدا راوەستابوو. من کە لام وابوو باوکم وەک هەموو ساڵێک کەسێکی بەکرێگرتووە تا گیای حەوشە گەورەکەمان لەم دەمانەی ساڵدا بدروێ، زۆر گوێم نەدایە و تەنیا بۆ ئەوەی وەک هەمیشە رێزی خۆمم بۆ مرۆڤەکان نیشاندابێ سڵاوێکم بە عەرزدادا و تێپەڕیم. پیاوە جل رەشەکە وەڵامی نەدامەوە، بەڵام منیش زۆرم گوێ نەدایە و لە پلیکانەکان سەرکەوتم و خۆم بە ژوورەوەدا کرد.

دەمەو ئێوارە بوو و خێزان سەرقاڵی پێشوازی لە شەو، بۆیە جەو خێرا منیشی گرت و مەڵەخانچییەکەم لەبیر چووەوە. لە کاتی گۆڕینی جل و بەرگ لە ژوورەکەدا بووم کە لە پەنجەرەکەوە دیسان چاوم پێی کەوتەوە. ئەو هەروا لەو سووچە بە بێ دەنگ راوەستابوو. لەبەر خۆمەوە بە خۆمم گوت ئەرێ ئەم پیاوە بۆ ئیتر ناڕواتەوە بۆ ماڵەوە. ویستم بچم بۆ لای باوکم و پێی بڵێم کرێی ئەو رۆژەی بداتێ و ماتڵی نەکا بۆ سبەی با ئەویش وەک ئێمە بڕواتەوە بۆ ماڵەوە و چاوی بە دیداری بنەماڵەکەی روون بێتەوە، بەڵام ئەمەم نەکرد. پەنجەرەکەم کردەوە و هاوارم لێکرد:

ـ ئەرێ کاکە گیان چاوەڕوانی چیت؟... چاوەڕوانی باوکمی؟

وەڵامی نەبوو. ئەو تەنیا کەمێک لووتی مەڵەخانەکەی جووڵاند بە بێ ئەوەی یەک سووکە تەکان چییە بە خۆی بدات. من وازم نەهێنا:

ـ حەقدەستی ئەمڕۆیان پێنەداوی؟

چونکە کۆمۆنیست بووم و سەرقاڵی مافی کرێکاران، لەم کردە بێ موبالاتەی باوکم دەستبەجێ رقم هەستا و لەبەر خۆمەوە گوتم "چەوساندنەوە سەگ نیە بوەڕێ تا پێی بزانی، بە بێدەنگیش بۆ خۆی هاواردەکا." ئەوسا بڕیارم دا بۆخۆم پارەکەی بدەمێ. چووم لە گیرفانم بڕێک پووڵم دەرهێنا و هاتمەوە بەر پەنجەرەکە،... بە سەرسوڕمانەوە بینیم کابرا لەوێ نەماوە. هەرچی چاوم گێڕا نەمبینییەوە. بگرە ئەگەرچی ناویشیم نەدەزانی یەک دوو جار هاواریشم لێکرد "کاکە!... ئەرێ کاک گیان لە کوێی؟"... بێسوود بوو،

لەبەر خۆمەوە گوتم باوکم سبەی هەرچی بێ بۆی چارەسەردەکا،... یەعنی مەجبورە بۆی چارەسەر بکا.

ئەو شەوە درەنگان کتوپڕ باوەگەورە حاڵی تێکچوو. ڕەنگی مەرگی لێ نیشت. داوایکرد قەنداخێکی بۆ سازبکەن و کۆمپوتێکی سێویشی بۆ هەڵپچڕن و لە پشت سەری کاتی خەوتن بۆی دابنێن.

نیوەشەو لەناکاو لە خەو ڕاچڵەکیم. هەستمکرد کەسێک لە پشت پەنجەرەکەوە لە ژوورەکە و لە من کە لە ناوەڕاستیدا خەوتبووم، دەڕوانێ. هەستەکەم درۆی نەدەکرد. بینیم کابرای ئێوارە بە مەڵەخانەکەیەوە، بەڵام ئەمجارە ڕێک لەبەر پەنجەرەکدا ڕاوەستاوە. چونکە باڵایشی بەرزبوو جوان بە ناو ژوورەکەدا دەیڕوانی. سەیربوو نەترسام. پێم وابێ کرێکاربوونی ئەو و هەست کۆمۆنیستیی من بەردەوام لە نێوان من و ئەودا بوو و ئەمە ئیزنی بە ترس نەدەدا. لەبەر خۆمەوە وتم "گەر هەموو کرێکارێک ئاوا بووایە نەک هەر چەوساندنەوە نەدەما، بەڵکو لەمێژبوو سوسیالیزمیش دروست ببوو و مرۆڤ لە نەهامەتی ڕزگاری ببوو." هەستامە سەر لاتەنیشت و گوتم:

- گوناهی خۆت بوو، ئێوارە گەر زوو نەڕۆیشتیایە حەقدەستەکەت وەرگرتبوو، ئیتر پێویست نەبوو خەو لە خۆت حەرام بکەیت. گەر قەرارە بەیانی کاربکەی دەبێ بحەسێیتەوە و چاک بخەوی، تۆ بۆ خۆت ئەمە باشتر لە من دەزانی.

بەڵام بیرم کەوتەوە گەر کرێکار ئەو برە کەمەی لە بایەخی زیدە بەرهەمی دێنێ نەیدرێتێ، ئەوا لە بەرهەمهێنانەوەی وزەی خۆی بۆ رۆژی دوواتر دەمێنێتەوە و بۆیە ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی.

من کە یەکجار رقم لە باوکم هەستابوو و وەک چەوسێنەرێکی یەکجار بێ بەزەیی دەهاتە بەرچاوم، هەستام بچم پووڵەکە لە گیرفانم دەربێنمەوە و بیدەمێ. لەبەر خۆمەوە بە خۆمم گوت شەرت بێ سبەی شەڕێکی باش بە باوکە لاسارەکەم بفرۆشم!

بەڵام هەر کە گەڕامەوە بینیم دیسان لەوێ نەماوە. بە تەمای بینینەوەی لە سەرەتاتکێی ناو تاریکایی نیوەشەوی حەوشێدا بووم کە گوێم لە زریکەیەک بوو. باوەگەورەم بوو هاواری دەکرد. بە پەلە خۆم گەیاندە ژوورەکەی. ئەو ژوورەی وێنەیەکی نوێی باوگەورەی بەسەر یەکێک لە دیوارەکاندا هەڵواسرابوو. بینیم کرێکارەکەی باوکم بە مەڵەخانەکەوە بە سەر سەری باوکی باوکمەوە راوەستاوە و باوەگەورەیشم کە بە ئاستەم نووزەی دەهات لێی دەپاڕایەوە ئەمجارە وازی لێ بێنێ. دەیگوت تەنیا چەند رۆژێکی تر دەرفەتی بداتێ تا چوالەکانی ناوقەدی ئاربەبا بگەن بۆ ئەوەی بتوانێ وەک هەمیشە ئەم کاتانەی ساڵ تامێکیان بکاتەوە. گوتی ئەوەندەیشی نەماوە بگەنێ. گوتی تەنیا ئەمجارە و ئەوسا بێتەوە و چی پێخۆش بوو بیکا. من کە دەمزانێ جاری وابووە کرێکاران لە سەر مافی خۆیان راپەڕیون و چەوسێنەرانیان کوشتووە، لە ترسی ئەوەی نەکا لە جیاتی گیاکانی

حەوشێ بەماڵەخانەکە ملی باوەگەورە بدروێ، هەروەها لەگەڵ ئەوەی دەمزانی تەنیا باوکم بوو کرێکاری بۆ حەوشەکە دەگرت و بۆیە بەربینگ پێگرتنی باوەگەورەم لەلایەن ئەوەوە لاسەیربوو، هاوارم کرد:

- کرێ،... کرێکەی بدەنێ!

باوگەورەم کە تازە چاوی بە من کەوتبوو، بەو چاوە سیسانەیەوە کە لە ناو ژوورە بە ئاستەم روونەکەدا کتوپڕ توانای بریسکانەوەیان تیا گەڕابووەوە، وتی:

- کرێ!؟ کرێی چی و شتی چی... کوڕە بۆ ئەوەندە کەری،... کرێی چی و شتی چی!

- ئەمساڵیش پار نیە بە کەیفی خۆتان لێیان ببڕن، ئەمساڵ وشیارترن، مێژوو بەرەو پێشەوە دەروا.

باوەگەروە کە تیای مابووەوە وەڵامی من بداتەوە یاخود لە پاڕانەوەکانی خۆی بەرامبەر پیاوە جل رەشەکە کە ئیستاکە بە هۆی ژوورە تاریکەکەوە دەڵێی هیچی لەبەردا نەبوو بەردەوام بێ، گوتی:

- رووی باب و جەدد و عاباد رەش بێ بۆ ئەقڵت! کوڕە مێژووی چی و وشیاری چی،... فریام کەوە!

من کە بە خۆشییەوە ئەسکناسەکانەم هەر لە مشتا بوون و فریا نەکەوتبووم بیانخەمەوە گیرفانم، دەستم راداشت و بە کرێکارەکەی باوکمم گوت:

ـ کاکە گیان، کاکە،... ها،... ئەمە وەرگرە، پێم وابێ زیاترە لەوەی لە باوکمی وەردەگری، جگە لەمە گیادروونی حەوشە هیچ رەبتی بە باوگەورەوە نیە، ئەو ئەم دەمانەی ساڵ تەنیا بیر لە چوالە دەکاتەوە. چوالە،... تێدەگەی!... لێی گەڕێ بەقوربان!

سێبەرەکە لێم راما. ئەوسا بە ئارامی و بە نادڵنیاییەوە دەستی برد و پوولەکەی لێوەرگرتم. پاش کەمێک لێرامان لە ئەسکناسەکان لەو تاریکییەدا، لێیدا و رۆیشت. باوەگەورە کە باوەڕی نەدەکرد، دیسان بە هەمان نیگاوە رووی لە من کردەوە و هاواری کرد:

ـ حەک رووی باوکت سپی،... حەک رووی باوکت سپی!

ئەوسا دەستی برد، لە پشت سەریەوە کۆمپوتی سێوەکەی هەڵگرت و مڵچە مڵچ بەو نیوەشەوە دەستیکرد بە خواردنی.

لەو ساڵەوە، هەموو بەهارێک کرێکارەکەی باوکم هەمان دەم سەروسەکوتی بە مەڵەخانە بەناوبانگەکەیەوە کە ساڵ لە دووای ساڵ تیژتر دەنوێنێ پەیدادەبێتەوە، ئێواران لە حەوشە رادەوەستێتەوە، نیوەشەو دێتەوە بەر پەنجەرەکەم و پاشان لە ژووری باوەگەورە، لە دووای قیژەی دڵتەزێنی نیوەشەوی، دەیبینمەوە،... منیش پارەکەی وەک هەمیشە دەدەمەوە و ئەویش وەک جاران دەڕواتەوە.

باوەگەورەم ئیستا سەد و سی ساڵی تەمەنە. باوکم مرد، دایکم مرد، هەندێ لە خوشک و براکانیشم مردن، من بۆخۆم ئیستاکە زیاتر لە هەفتا ساڵم تەمەنە. باوەگەورەم بەردەوامە لە قەنداخ خواردنەوەکانی و نۆشی گیان کردنی کۆمپوتی سێوەکانی بە کاتی نیوەشەو. تەنیا شتێک پێی قەڵسە و بەڵام هاوکات لایشی خۆشە ئەوەیە لای وایە من هێشتا نازانم کرێکارەکەی باوکم ئیزرائیلە. ئەو پێی وایە ئەگەر من بەمە بزانم زاتی ئەوە ناکەم چیتر بچم و بەو نیوە شەوە وەک هەمیشە حەقدەستەکەی (لە روانگەی باوەگەورەمەوە بەرتیلەکەی) بدەمێ.

بەڵام لە راستیدا ئەوە باوەگەورەیە گەمژەیە نەک من! ئاخر لە کوێی دونیادا کرێکاری مەڵەخان بەدەستی سەرتاپا رەشپۆش دەستدەکەوێ!؟ من هەموو ئەم ساڵانەیش دەقەکانی 'مارکس'م چەندین جار بە سەر کردووەتەوە و لە هیچ شوێنێکدا نەمبینیوە باسی شتی وای کردبێ.

خوا دایکیشم عافووکات بۆ خۆی و بۆ دۆعاکانی!... دڵنیایشم تا من لە ژیاندا بمێنم، باوەگەورەیش دەمێنێ و پەکی بۆ خواردنی چوالەکانی ناوقەدی ئاربەبا ناکەوێ. ئەو چوالانەی ساڵ بە ساڵ زلتر و مزرتر دەبن. من و باوەگەورە پێکەوە دەمرین.

## مامۆستای جگەرەفرۆش

خدر بیابان زادە کە لە ناو خەڵکیدا بە مامۆستا خالق بەناوبانگ بوو و گەلێک ساڵ وەک مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی کاری کردبوو، ئیستا لە قەراخ جادە جگەرەفرۆشی دەکرد. ئەو هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە

لەبەر دووکانێکی دەوافرۆشیدا، کە خاوەنەکەی بە خێری خۆی ئیزنی دابوو لەبەریا راوەستێ، بەدیار جگەرەکانییەوە رادەوەستا و چاوەڕوانی مشتەری، لە شەقام و لە رێبوارانی دەڕوانی.

مامۆستا خدر کە دیسان لە ناو خەڵکیدا ناوەکەی بۆ مامۆستا خدری جگەرەفرۆش گۆڕابوو، ئەگەرچی وەک کرێکارەکانی بەر مەیدان و ئەو دێهاتیانەی روویان لە شار دەکرد بەرەبەرە شانی لەبەر کاری قورسدا دانەهێزرابوو و هەروا قیت و قۆز مابووەوە، بەڵام لە دەروونەوە، وەک دەڵێن رۆحی، چەمیبووەوە و هەر بۆخۆی بوو بە چاکی دەیزانی وەک جاران نەماوە و ژیان وەک هەرەسە بەفرێکی لەناکاو و ناوەخت، کاتێک مرۆڤ لە پیاسەی رۆژێکی رەشەمێی خۆش و پڕ هەتاوە، بەسەریدا دارمابوو و وەهای بەژێرەوە کردبوو کە ئیتر هیچ شتێک وەک جارانی خۆی نەمابوو.

راستییەکەی ئەوە بوو مامۆستا خدری جگەرەفرۆش ببوو بە قوربانیی رووداوێک کە بۆخۆی هیچ رۆڵێکی تیانەگێڕابوو. بگرە رقیشی لێی ببوو. ئەو نە قەت حەزی بە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ کردبوو و نە حەزیشی بەوە بوو براکانی (کە سیان بوون) پاڵ بە حیزبە سیاسییەکانەوە بدەن و خۆی گوتەنی خۆیانی لێ کەربکەن. ئەو رووداوانەی وا بۆ هەمیشە دۆخێکی تریان لە بنەماڵەدا پێکهێنابوو. بەڵام چونکە مامۆستا خدری جگەرەفرۆش پیاوێکی بێوەی و لەسەرخۆ و ئارام بوو کە قەت خۆی لە کاری هیچ کەس هەڵنەدەقورتاند و قەت بیروڕای خۆی

دەرنەدەبڕی و بە بێ ئەوەی یەک وشە چیە بیدرکێنێ، تەنیا لە دەروونەوە خەفەتی دەخوارد و هەموو قوڕبەسەرییەکە بۆ خۆی جێمابوو. بەردەوامیش دۆعای دەکرد وەزع لەوەی هەیە خراپتر نەبێ. کە بە پێچەوانەوە خراپتریش دەبوو. دەڵێی دونیا بەلای خراپەدا کوونەکەی بەریدابوو.

لە دووای ئەوەی حکومەت بە شەڕ و بە هێرش گەڕایەوە و هەموو شوێنێکی گرتەوە، براکانی روویان لە دەرەوە کرد و بۆ هەمیشە لەیەکتر دابڕان. ئەوەی ئەو لەهەموو تەمەنیدا لێی دەترسا، بەدیهات. لای مامۆستا خدر باشیەکەیشی ئەوە بوو هیچ کام لە براکانی خاوەن ژن و منداڵ نەبوون، ئەگینا قوڕێکی وەهایان بۆ دەگیرایەوە، نەبێتەوە! مامۆستا کە باوکی نەمابوو و خۆی لە ئاست براکانیدا بە بەرپرسیاردەزانی، لە دەروونەوە خۆیشی بە تاوانبار دەزانی. بەڵام چی بکردایە؟ ئاخر نەک ئەوەی رووداوەکانی ساڵی ٥٧ وەها کتوپڕ خۆیان بە ژوورەوەدا کردبوو کە کەس نەیتوانی تەنانەت لە جێی خۆی ببزوێ!

مامۆستا خدر (کە هێشتا نازناوی جگەرەفرۆشی پێوە نەلکابوو و رێک و پێک وەک هەمیشە دەچووەوە بۆ قوتابخانە و، خوێندن و نووسین و زانستی فێری منداڵان دەکرد)، کتوپڕ لە لایەن دوو شوێنەوە بانگهێشتکرا، یەکیان ئیدارەکەی خۆی واتە بەشی پەروەردە و راهێنان بوو و ئەوی تریان لە لایەن بەشی ئاسایشەوە. لە هەر دوو شوێنەکە دوو فۆڕمی گەورەیان پێ پڕکردەوە و لەپاش پرسوجۆیەکی زۆر لەسەر براکانی و لەسەر خۆی، پێیان گوتبوو

ئیتر پێویست ناکا بێتەوە بۆ قوتابخانە و چیتر ماموٚستا نەماوە و جا چی دەکا با بیکا! بڕوا بۆ خۆی شەنی خۆی بکا! تەنانەت بەمەیش رازی نەبوون و لەگەڵ ئەوەی ماموٚستا خدر هەموو ژیانی بریتی بوو لە ژیانی ناو ماڵ و کاری قوتابخانەکەی (دیارە جاروبارە ئێوارەیان پیاسەیەکی دەرەوەیشی بۆ دەکرد و لە یەکێک لە چایخانەکانیش چاییەکی کاڵی بۆ هەڵدەقوڕاند)، ماوە ماوە دەیانگرت، دەیانخستە زیندان و داوایان لێدەکرد بچێت و براکانی بێنێتەوە. ماموٚستا خدر کە خاوەن ژن و دوو منداڵ بوو و یەکجار خۆشی دەویستن و بە درێژایی تەمەنی قەت خۆی لە خەتەرکردن نەدابوو، هیچ کاتێک ملی نەدایە ئەم داوایە و بەردەوام پێی دەگوتنەوە "مەگەر منداڵن ون بووبێتن و من بچم بیانهێنمەوە!" گەلێک زۆریان بۆ هێنا، بەڵام ئەوانیش بەرەبەرە لێی ماندووبوون و وازیان لێهێنا و ئەمیش لەپاش هێنان و بردنێکی زۆر، لەگەڵ ئەوەی چەند جارێک کرێکاریی تاقیکردەوە، بڕیاریدا بۆخۆی دەکەیەکی جگەرەفرۆشی دابنێ و ملبداتە چارەنووسی تازەی ژیانی. بەم شێوەیە بەر دووکانی یەکێک لە دەوافرۆشییەکانی شار بوو بە شوێنی تازەی ژیانی، شوێنێک کە قەت باوەڕی نەدەکرد ببێ بە سەرەکیترین شوێنی ژیانی لە زۆربەی ساڵەکانی داهاتووی تەمەنیدا.

لای ماموٚستا خدر، شۆڕش بۆنی جگەرەی دەدا.

ماموٚستا خدری بیابان زادە جاری وابوو حیکمەتێکی لە ناوەکەی خۆیدا دەبینییەوە و لای وابوو جۆرێک پێوەندی نهێنی لە نێوان دوو ناوی 'خدر' و

'بیابان زادە'دا هەیە. ئەو 'خدر'ی وەک سەردەمی مامۆستایەتیەکەی خۆی لێکدەدایەوە (خۆی گوتەنی سەردەمی زێڕین) و 'بیابان زادە'یشی وەک سەردەمی جگەرەفرۆشی (خۆی گوتەنی سەردەمی تەنەکە). دوو چارەنووس کە وەک ناو و شۆرەتەکەی بەشوێن یەکتردا هاتبوون! لێرەوە بەوە گەیشت ناو بە بێ ئەوەی کەسەکان بۆخۆشیان پێی بزانن، هەڵگری چارەنووسی مرۆڤە. چارەنووسێک کە زوو یان درەنگ مرۆڤ وەک چارەنووس (نەک وەک رووداو) لێکی دەداتەوە و باوەڕ بەوە دێنێ ژیان شتێکە وەک قەدەر.

دیارە خووگرتن بە ژیان و بە کەسایەتی نوێ دژوارە، بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک ئەو کە مامۆستا بوو و مامۆستایەتیش کاتی خۆی خاوەن رێز و حورمەتێکی یەکجار زۆر بوو؛ بەڵام لە دووای ئەوەی بینی بە جگەرەفرۆشی دۆخی ژیانی لە چاو ئەو مامۆستایانەی وا دەیناسین و بەردەوام لە قوتابخانە کاریان دەکرد لە دووای شۆڕش باشتر ببوو، بەرەبەرە رەزایەتێک لە دەروونیدا گەڕا. بەڵام کێشە لەوەدا بوو ژیان هەر پارە و پووڵ نەبوو، بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک ئەو کە لە ناو کتێب و دەفتەر و قەڵەمدا گەورەببوو. بۆیە مامۆستا خدری جگەرەفرۆش هەمیشە بیری ژیانی جارانی خۆی دەکردەوە و بە بێدەنگی یەکجار خەفەتی لێدەخوارد. هەر ئەم خەفەتخواردنە بەرەبەرە فێری جگەرەیشی کرد کە بەقەدەر شۆڕشی ساڵی ٥٧ رقیشی لەو بوو. بەڵام جگەرەیش دادی نەدەدا. هەستی دەکرد ژیانی یەکجار بەتاڵە، لە دەروونەوە لەو قووڵ قووڵانەوە ئەوەندە بەتاڵە دەڵێی

هەمیشە لەسەر چاڵەبیرێکی بێ بن دانیشتووە. ئەو کە سەرەتا نەیدەزانی چۆن چۆنی پێوەندی خۆی لەگەڵ رابردوو رابگرێتەوە وەها کە هەموو شتێ یەکرا و تێکرا نەپچڕێ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی وا باشە لەگەڵ خۆی هەمیشە کتێبێکی پێ بێ و هەر کاتێک دەستیدا دەست بکا بە خوێندنەوەی.

مامۆستا خدری جگەرەفرۆش بوو بە یەکەم کەسی ئەو راستە خیابانە وا بە ئاشکرا کتێبی بەدەستەوە دەگرت و لە کاتێکدا رێبواران و ماشینەکان تێدەپەڕین، ئەو سەری بە سەرییەوە بوو و تێیدا نوقم نوقم زەین و فکری بەرەو شوێنەکانی تر دەڕۆیشت. دیمەنی خوێندنەوەی کتێبی مامۆستا ئەویش لەو سەردەمەدا کە ئەوانەیشی وا هیچیان لە خۆیان شک نەدەبرد بەڵام یەکجار لێی دەترسان، ببووە جێی سەرنجی خەڵکی و باسیان لێ دەکرد.

هەمیشە مامۆستا خدری جگەرەفرۆش لە قاتی یەکەمی دەکەکەی (کە بەگشتی پێنج قات بوو) دوو سێ کتێبی پێ بوو: هەمیشەیش یەکیان رۆمان، دووهەمیان مێژوو و سێهەمیان ژیاننامە بوون.

کات تێدەپەڕی و مامۆستا خدری جگەرەفرۆش ئەوەندەی خوێندبووەوە کە ئێستاکە یەکجار لەسەردەمی مامۆستایەتییەکەی زیاتری دەزانی. ئێستا یەک دونیا ناوی رۆماننووسی دەزانی، تا رادەیەکی باش بە مێژووی دونیا ئاشنا ببوو، بەتایبەت مێژووی شەڕی دووی جیهانی، لەسەر کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهانیش زۆر شت فێرببوو. لە ناو رۆمانەکاندا زیاتر

حەزی بە 'بێنەوایان'ی ڤیکتۆر هۆگۆ بوو، لە مێژوودا ئاشقی شەڕی ستالینگراد بوو و لە ژیاننامەکانیشدا بە ڕەزاشا سەری سووڕدەما. بێنەوایان لەبەر ئەوەی لای سەیر بوو چلۆن ژان والژان، کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە، سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و بەدبەختییەی بەسەریا هاتبوو خاوەن دڵێکی یەکجار میهرەبان بوو، دەروونێک پڕ لە یارمەتی و لە لێبوردن (لێرەوە حەزیدەکرد ئەویش ئەوانەی وا لە کار دەریان کردبوو و ئاوارەی گۆشەیەکی خیابانیان کردبوو ببەخشێ)؛ شەڕی ستالینگراد لەبەر ئەوەی ڕێک لە گەرمەی سەرکەوتنەکانی سوپای هیتلەردا، کتوپڕ هیتلەر شکابوو و دونیا بە لایەکی تردا بایدابووەوە (ئەمەی وەک ژیانی خۆی دەهاتەبەرچاو)و ڕەزاشایش لەبەر ئەوەی پێی سەیربوو چلۆن کەسێک خوێنی پاشایەتی لە ڕەگیا نەبووە و کەسێکی ملهوڕ و شەقاوە بووە کرابووە پاشا (دیارە لێرەوە بەو ئەنجامە گەیشت کە ڕاکردنی کوڕەکەی لە ساڵی ٥٧ بێهۆ نەبووە و ئەنجامی گەڕانی خوێنی ساختە لە دەمارەکانی بنەماڵەکەیدا بووە). ژیانی ڕەزاشایش بەو ئاکامەی دەگەیاند کە ڕەنگە ڕۆژێک بەم شێوەیەیش دەرگایەک بەڕووی ئەودا بکرێتەوە و لە نەهامەتییە ڕزگاری بێت.

خوێندنەوەکان بوونە هۆی ئەوەی مامۆستا خدری جگەرەفرۆش، کە لە دروونەوە یەکجار ڕقی لە حکومەتی نوێ بوو، بەرەبەرە بیروڕای بگۆڕێ و لەوە تێبگا کە ئەگەرچی ژیان و جیهان بەرواڵەت ئەم ساتە ساکارانەیە وا

مرۆڤ رۆژانە تێپەڕیاندەکا و تیایاندا دەژی، بەڵام لە راستیدا ترپەی دڵی ژیان لە شوێنێکی تر لێدەدا و هەموو شتێ لە سەر شانی مرۆڤە گەورەکان، ئەو مرۆڤانەی وا جورئەت دەکەن جۆریکی تر بڕوانن و جۆرێکی تر بکەن، راوەستاوە. جا پێویستی نەدەکرد مرۆڤە گەورەکانیش ئەوانەی بن وا ناسراو و خاوەن ناو بوونە،... نا، لای ئەو هەموو ئەوانەی وا جورئەتیان هەبوو و کەچی ناویشیان نەبوو لە ناو ئەو خانەیەدا خۆیان دەبینییەوە.

مامۆستا خدری جگەرەفرۆش بەم دۆزینەوەیەی خۆی یەکجار خەنی بوو.

بەم شێوەیە مامۆستا بە بێ ئەوەی بۆخۆی زۆر ئاگای لێبێ گۆڕا بۆ کەسێکی تر کە بۆخۆیشی نەیدەزانی کێیە و چییە. ئەو بوو بە خاوەن بیروباوەڕی جیاواز لە رابردوو و ئیستاکە قسەکانی جێگای سەرنجی زۆری خەڵکی بوون. بگرە زۆر دانیشتن لە قەراخ جادە و ئەو سەرما و گەرمایەی وا چوارفەسڵیساڵ جەستەی لەخۆی دەئاڵاند، وەها ئازا و بێ منەتیشی کردبوو کە لە قاوەغە بێدەنگ و ئارامەکەی جارانی تەواو هاتبووە دەرەوە و، بە تەواوی ببوو بە کەسێکی تر.

مامۆستا خدری جگەرەفرۆش ئیستا سەبارەت بە دونیا و بە هەموو شتێک تەواو بێ منەتی لێدەرچووبوو. ئیتر وەک جاران چاوەکانی بە شوێن ئەوانەی بەشی پەروەردە و راهێنان و بەشی ئاسایشەوە نەبوو تا رۆژێک لە رۆژان دڵیان پێی بسووتێ و بەشکم بانگی لێ بکەنەوە و لە کردەیەکەی

موعجیزەئاسادا سەرلەنوێ کارەکەی بدەنەوە. نا، ئەو ئیستا ماموستایەتیەکەیشی بە فلسێک نەدەویست.

لە راستیدا هەموو شتێک کتوپڕ بە بارێکی خۆشدا وەرگەڕابوو. ماموستا بەگشتی لە ژیانی رازی بوو و بەرەبەرە رۆحی چەماوەی خەریکبوو قوت دەبووەوە (بەپێچەوانەی شان و باهۆی چەماوەی کرێکارەکانی بەر مەیدان و پیاوە دێهاتییەکان کە ئیتر قەت قوت نابنەوە)، بەڵام،... بەڵام کێشەکە لەوەدابوو ئیستاکە شتێکی تریش بە ناوەکەی زیادکرابوو! کێ ئەمەی کردبوو و ئەم ناوەی داهێنابوو، کەس نازانێ. ئەو ناوە تازەی وا ئەو یەکجار رقی لێبوو.

ئێستا ناوەکەی ببوو بە 'ماموستا خدری جگەرەفرۆشی شۆرشگێڕ'!

ماموستا خدری ساڵانی پێشوو کە هەر لە ساڵی پەنجاوحەوتەوە رقی لە شۆڕش بوو و ئاوی لەگەڵ ئەم کەلیمەیە بە جۆگەیەکدا نەدەڕۆیشت، یەکجار خەفەتی لەمە دەخوارد، ئەو کە شۆرشی بە هۆکاری لەدەستدانی کارەکەی خۆی و سێ براکەی دەزانی، نەیدەزانی بۆ سڕینەوەی ئەم نازناوە چی بکا. سەرەتا بڕیاریدا چیتر کتێب نەخوێنێتەوە و وازی لێ بێنێ، بەڵام ئەقڵی پێی دەگوت تازە بێ فایدەیە و واباشە هەر بە شێوازی جارانی لێخوڕێ. ئەو کە پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧ تەنیا خدر بوو و ماموستا، ئیستا دوو ناوی تریشی پێ زیاد ببوو: جگەرەفرۆش و شۆڕشگێڕ. لەبەر خۆیەوە بزەیەکی دەهاتێ.

لەبەر خۆیەوە حسێبی دەکرد "دوو ناو لە بەرامبەر دوو ناودا." سەرێکی بادەدا. کەواتە بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆی، شۆڕش زۆر بێ دەستکەوتیش نەبووو! وەک هەمیشە قسە تەنیا لەسەر کات بوو. هەر ئەوەندەی مرۆڤ تاقەت بگرێ و پەلە نەکا دەتوانێ بە زۆر شت بگا.

زەمەن تێدەپەڕی و بەرەبەرە سەروڕیشی سپی هەڵگەڕابوو. بەڵام ئەمەی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو. مامۆستا تێپەڕینی کاتی وەک خۆی وەرگرتبوو و زۆر خەفەتی لە پیربوون و گوزەری زەمەن نەدەخوارد. ئەوەی کە کتوپڕ رێک وەک رووداوە گەورەکەی ساڵی ٥٧ پەشۆکاندی و بەتووش شۆکییەوە کرد، بەسەرهاتی سێ براکەی بەتایبەت برا بچوکەکەی بوو کە ساڵانێک بوو زۆر ئاگای لێیان نەبوو. لەناکاو لە ماوەیەکی کورتی یەک دوو مانگەدا هەواڵی کوژرانی یەکیان هات، دوواتر هەواڵی بێ سەروشوێن بوونی یەکی تریان و سەرئەنجام گەڕانەوەی نەفەری سێهەمیان کە لە هەموویان بچوکتر بوو. کوژرانی یەکەم و بێ سەرەوشوێن بوونی دووهەمیان بووە هۆی سۆزێکی لەرادەبەدەر بۆ سێهەمیان.

کە سێهەمیان گەڕایەوە لەبەر خۆیەوە گوتی "خوا شوکور ئەمەیان بوو بە هێستر!"

براکەی کە گەڕایەوە وەک جاران رووی لەو ماڵە کردەوە وا هی باوکیان بوو و مامۆستا تیایا مابووەوە. براکەی چیتر وەک برا نەدەهاتە بەرچاو و زۆرتر وەک غەریبەیەک دینواند کە دەڵێی کەسی نەدەناسییەوە. داوای

موڵک و میراتیشی کرد و دەیگوت دەبێ هەرچی زووتر خانووەکە بفرۆشن و ئەم بەشی خۆی لێهەڵبگرێ. مامۆستا خدری جگەرەفرۆشی شۆڕشگێڕ ئەگەرچی ئەمەی زۆر بەدڵ نەبوو، بەڵام خانووەکەی فرۆشت و بەشی برابچوکەکەی بە زیاوە پێدا و تەنانەت بۆ کڕینی خانووی تازە یارمەتیشی دا.

تا ئێرە هیچ کیشەیەکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، ئەم کە بە هاتنەوەی براکەی هەستی بە پشت گەرمییەکی سەیردەکرد و خۆی وەک خانەدان دەهاتەبەرچاو، هەر ئەوەندەی رۆژێک براکەی بە چەکەوە بینی کە لە شەقام لەگەڵ چەند چەکدارێکی تری سەر بە دەوڵەت تێدپەڕی، تەواو گڕی گرت و لە دووای ئەوەی بۆ رۆژی دوواتر شەڕێکی چاکی بە براکەی فرۆشت، بڕیاریدا هەتا چەکی دەوڵەتی لە شاندا بێت سڵاو و مەرحەبایی نەکا. بەم شێوەیە پێوەندییان پچڕا و برایەتییان نەما.

بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو ناوێکی تریشی زیادکردبوو، ببوو بە 'مامۆستا خدری جگەرەفرۆشی شۆڕشگێڕی براجاش!' مامۆستا کە یەکجار بەمە قەڵس بوو، رۆژێک هەستا و خۆی بە ماڵی براکەیدا کرد.

رۆژێکی خۆشی پاییزی بوو و درەختەکان تێکڕا رووتەڵە. مامۆستا نەچووە ژوورەوە و هەر لە بەردەرگاوە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ برا ناوچاو مۆنەکەی کە قەت چەکەکەی لە شانی خۆی نەدەکردەوە:

ـ یا من لەم شارەدا ئەمێنمەوە یان تۆ!

براکەی کە سەرەتا سەری لێ سوڕمابوو، زۆر خێرا تێگەیشت و گوتی:

- پێم وابێ نۆرەی منە، بارکە و بڕۆ.

مامۆستا خدری جگەرەفرۆشی شۆڕشگێڕی براجاش کە وای لێکدەدایەوە بە حوکمی براگەورەبوونی خۆی ئەوە ئەوە لەم شارەدا دەمێنێتەوە و براچووکەکەی بە حورمەتی ئەو باردەکا و دەڕوا، لە کاتێکدا هەوڵیدەدا بەر بە تووڕەییە ترسناکەکەی دەروونی خۆی بگرێ، گوتی:

- تۆ عادەتت گرتووە، ئاسانترە بۆت، نە ژن و منداڵت هەیە و نە هیچ، بۆ تۆ چ فەرق ئەکا لە کوێ ئەم قۆلتڕەت بە شانەوە بێت (لێرەدا بە چاو ئاماژەی بە چەکەکەی سەر شانی براکەی کرد).

- قۆڵتڕ!... رێزی براگەورەییت ئەگرم ئەگینا ئێستا ئەمزانی چۆنت جواب بدەمەوە.

مامۆستا کە هەتا دەهات زیاتر هەڵدەچوو، گوتی:

- وەی لەوەت و وەی لەمەت، من نازانم چیت کردووە و چیت لێ بەسەرهاتووە، بە منیش هیچ رەبتی نیە، تەنیا ئەوەننە ئەزانم ئەبێ بارکەیت و ملت بشکێنی و بڕۆی، ئەگینا بە شەق دەرت ئەکەم، تێگەیشتی بە شەق!

ئەمە ئەڵێ و بەدەستی راستی ئاماژە بە ئەو سەری کۆڵانەکە دەکا کە یەعنی رێک لەم رێگاوە دەڕۆی.

براکەی لێی ناکاتە نامەردی و دەست دەبا بۆ چەکەکەی و بەتەمای تۆقاندنی مامۆستا خدری براگەورەی ریزێک بە خۆڵەکەی بەدەمییەوە دەنێ کە فیشەکێکیان هەڵدەبەزێتەوە و خۆ بە رانی مامۆستادا دەکا و دەیخا.

خەڵکی گەڕەک کە ئاگایان لە کێشەکە دەبێ، دەستبەجێ دەیگەیێننە بیمارستان. مامۆستا خدر چاکبووەوە و دیسان وەک جاران لە پشت دەکەکەی دانیشتەوە. بەڵام ئەمجارەیان بە ناوێکی تازەوە، بە ناوی 'خلە شەل'ەوە.

مامۆستا لەم ناوەی خۆی، بە پێچەوانەی چەند رۆژی یەکەمی داهێنانەکەی، رازییە. مادام ناوە دووردرێژەکەی لە کۆڵ بووەتەوە بەتایبەت ناوە ئاخەرەکە، ئیتر زۆر لای کێشە نیە.

بەڵام جاری وایە بیری لێدەکاتەوە. باشە بۆ نەیانکرد بە "مامۆستا خدری جگەرەفرۆشی شۆڕشگێڕی براجاشی شەلە؟"

رەنگە لەبەر ئەوەی زۆر دوور و درێژ دەبووەوە. نا، رەنگە لەبەر ئەوەی لەبەرنەدەکرا،... یاخود لەبەر ئەوەی لەسەردەمی مامۆستایەتی زۆر تێپەڕیبوو، لە شەقام گەلێک جگەرەفرۆشی تر پەیدابوو و شۆرشگێڕی و پیاوی حکومەت بوونیش ئیتر ئەوەندە گرینگ نەمابوون.

خلە شەل بەڕاستی وەڵامی لا نیە.

له پشت دەکەکە لەبەر خۆیەوە جاری وایە ناوە تازەکەی خۆی دەلێتەوە: "خلە شەل". زۆر کورت و زۆر خۆش دێتە گوێی. سەیری قاچە شەلەکەی دەکا و لەبەر خۆیەوە دەلێ:

- "گرینگ ئەوەیە کەس نازانێ برای ئەو هەتیوەم وا بەچکەی پەنجاو حەوتە!"

## ئاشقی باڵاکورت

سامان ئاشق ببوو. ئاشقی کچێکی باڵابەرز. بۆ خۆی ئاستی باڵای سەد و شەست بوو. وەک بەلای کچەکەیشدا لە لاکۆڵانێکدا بەڕێکەوت تێپەڕیبوو دەبوایە ئەویش سەد و هەفتا و پێنج بێت. سەد و هەفتا و پێنج! زۆر بوو، ... ئا یەکجار زۆر. تازە ئەمە ئەو کاتەی بوو وا کچەکە پێڵاوی پاژنە بڵێندی لەپێ نەدەکرد. جا گەر ئەوەی لەپێ بکردایە، ئەوا ئیتر هیچ. هەر حەیای دەچوو، ... حەیای خۆی و حەیای سامانیش!

لای سامان ئەو پانزدە سانتیمترە مەودایەک بوو بەقەدەر پانزدە سەدە. هەزار و پێنج سەد ساڵ، ... ڕێک پێش ئەوەی موحەممەد لە دایکبێ، ... هەتا ئیستا!

سامان خەمێکی زۆر لە سەر دڵی باربوو. لای وابوو کار نەبوو خوا نەتوانێ چاکی بکا بەس ئەمەیان نەبێ. تەمەنیش لایدابوو و ئیتر باڵای نەدەکرد. تازە هەتا دەهات پان و پۆڕتر دەبوو و ئەو چکە بالایەیشی وا هەیبوو ئەوەندەی تر کورتتر دەینواند.

دادەنیشت و بە سەعات بیری لە دۆخەکە دەکردەوە. بە شەویش لەناو جێگادا هەروەها. چاوی لەو تاریکاییەدا نەدەتروکاند. لە سەقفە نادیارەکە رادەما، ئاخی هەڵدەکیشا و نەفرەتی لە دونیا دەکرد. بگرە رقیشی لە دایک و باوکی بوو. دایک و باوکە باڵاکورت و بچکۆلانەکەی کە هەر ئەمەشیان وەک میرات بۆ قەد و باڵای ئەو هیشتبووەوە.

باشە چار چیە؟ دەیتوانی چی بکا؟ بیری دەکردەوە گەر کچەکە رازی بکا قەت پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ نەکا و ئەمیش بۆخۆی پێڵاوی بەرز لەپێ بکا، دەکرا کێشەکە بە جۆرێک چارەسەر بکرێ. بەڵام پێڵاوی وەها بۆ پیاوان دەست دەکەوێ؟! ئاهێکی هەڵدەکێشا و دیسان ئەوەندەی تر نەفرەتی لە دونیای نارەسەن و پڕ لە نایەکسانی دەکردەوە. باشە نەدەکرا ئەم کچەی وا ئەو دڵی تێچووبوو، لانیکەم باڵای وەک خۆی بوایە و نە یەک سەنتیم درێژتر و نە یەک سەنتیم کورتتر؟

سامان بیری دەکردەوە گەر ئاوا برۆیشتایە ئەوا قەت لە ژیانیدا سەروسامانی پەیدانەدەکرد و، بۆ هەمیشە هەناسەسەرد و بەدبەخت و

بێچارە دەمایەوە. هیچ شتێکیش لەم دونیایەدا بەقەدەر دڵی شکاو کارەسات نیە. ژیان سەرتاسەر دەبێ بە جەهەننەمێکی بێکۆتایی. هەتاهەتایە.

جاری وابوو خەوی دەبینی کچەباڵابەرزەکە باڵای کورت بووەتەوە و ئەمیش بە جورئەتەوە دەچێتە سەر ڕێگای و رازی دڵی خۆی بۆ دەدرکێنێ و کچەکەیش روخساری سوورهەڵدەگەڕێ و بەبێ ئەوەی یەک وشە چییە بیدرکێنێ، تەنیا تێدەپەڕێ و بەرەو ماڵەوە دەچێتەوە. بەڵام گرینگ نەبوو، گرینگ ئەوەبوو ئەو تازە تۆڤی ئەشقەکەی چەندبوو و سبەی دووسبەی کچەکە وەڵامی هەر دەدایەوە و ئیتر ژیان بەو بارەیدا دەکەوت وا هەمیشە بیری لێدەکردەوە. خەوەکە ئەوەندە راستەقینە بوو کاتێک خەبەری دەبووەوە لای وابوو خەوی لێکەوتووە و خەریکە خەودەبینێ!

جارێکیان لەبەر خۆیەوە وتی قەیچێکە با کچەکە لەو باڵابەرزتر بێت، مەگەر دونیا بە کۆتایی دەگا! با جارێک شتەکە جۆرێکی تر بێت. ئەم هەموو پیاوە باڵابەرز و ژنە باڵاکورتە هەن با جارێکیش ژنێکی باڵابەرز و پیاوێکی باڵاکورت هاوسەری یەک بن. بەڵام کە دەهاتەوە بەرچاوی لەگەڵ ژنێکی باڵابەرزتر لە خۆی بە جادەدا تێدەپەڕێ و خەڵکی لێی وردەبنەوە و لەبەر خۆیانەوە قسەیان لەسەردەکەن، ئەو قسانەی وا باسی باڵابەرزی و باڵا کورتییە، یەکسەر پەشیمان دەبووەوە. وەڵڵا هەر ئەوەندەی کەم بوو پێیشی بڵێن گزگل، گرگن، گولە! وەڵڵا تەواومان کرد،... سامانە گزگل! سامانە

گرگن، سامانە گولە. نا،... شتی وانابێ. ئەوسا دەستێکی لەخۆڕا ڕاوەشاند، وەک بڵێی دەیەوێ مێشێکی گەورە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

تازە هەر ئەمەیش نەبوو. ڕووانین لە ژنێک کە دە سانتیمتر لەخۆت باڵابەرزترە، لە کاتێکدا ئەو تەوقە سەری تۆ دەبینێ و تۆیش تەنیا ژێر کەزیەکەی خۆی لە خۆیدا کارەساتە. نا،... نابێ. بەم شێوەیە سامان ساتەکانی ژیانی لە بیرە بێهوودەکاندا تێپەڕدەکرد و نەدەگەییە هیچ ئەنجامێک. ئەو بیرانەی ڕۆژ لە دووای ڕۆژ قورس و قورستر دەبوون.

تا کتوپڕ هەواڵی شووکردنی کچەکە هات. شووی کردبوو... شوو! سامان کە باوەڕی نەدەکرد و وەک شێت و هاری لێهاتبوو، لە کونجی ماڵ خزا. ماوەیەکی باش نەهاتەدەر. بەردەوام گوێی لە گۆرانی دەگرت، جگەرەی دەکێشا و دەگریا. دونیا بە سەر سەریدا رووخابوو. داخۆ ئەمە چ باڵابەرزێکی بەختەوەر بوو وا جورئەتی خواستنی کچەکەی لە ئەزەلەوە بە حوکمی باڵابەرزیەکەی خۆی پێ بەخشرابوو و ئەو گووڵە جوانە نایابەی کردبووە هاوسەری خۆی؟ داخۆ چ مێرخاسێک بێت؟ سامان دەگریا و بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە نەفرەتی لە باڵای کورتی خۆی دەکرد کە ببووە باعیسی چارەرەشی و ڕۆژرەشی ئەو لەم گەردوونە بێ وەفایەدا.

بەڵام ژیان بریتییە لە عادەت و لە فەرامۆشی. سامانیش بەرەبەرە رابردوو لای بووە رابردوو. سەرئەنجام لە ژوورەکەی خزایە دەرەوە و دیسان ڕوویکردەوە کووچە و کۆڵان و شەقام. ئەگەرچی دونیا لەبەر چاوانیدا

جۆرێکی تری لێهاتبوو و وەک جاران نەغمە و گۆرانیی لێیەوە نەدەهاتە گوێ، بەڵام دار دیوار و ڕێگاکان وەک جاران لەوێ بوون. سارد و رەق و بێ بەزەیی،... لەبەر گەرما و لەبەر سەرمادا.

سامان بە کۆڵانی کچەکەیشدا قەت نەڕۆیشتەوە. وەک نەقشەی شارە گەورەکانی ئۆرووپا، کە ئەو شوێنانەی وا ژن وپیاو بە رووت و قووتی تیایا دادەنیشن و ڕۆژ تێپەڕدەکەن بە زەڕبێکی سوور دەستنیشان کراوە، ئەویش زەڕبێکی سووری خستە سەر کۆڵانەکە. ئەشق، ژن و پیاوێکی رووتی بێ ئابڕۆ و بێ شەرمن.

زیاتر لەمەیش، بڕیاریدا قەت ئاشق نەبێتەوە. گەر ئاشقیش بووەوە ئەوا پێش ئەوەی سەیری روخساری کچەکە بکات، لە باڵای بڕوانێت. هەرچەند بەردەوام مەیلی لە باڵابەرزان بوو و دڵی بەلای ئەواندا دەشکایەوە. بەڵام نا،... بڕیاری دا لەسەر ئەم حاڵەتە کارەساتبارەی خۆی زیاتر کاربکا وەها کە چیتر قووڕ بە سەریا نەکرێتەوە.

ڕێک لە دۆخی بەرنگاربوونەوەی حەزی باڵابەرزاندا بوو کە ڕۆژێک شتێکی بینی، دیمەنێکی سەیر. چاوەکانی باوەڕیان نەدەکرد. سامان کە زیاتر لە ساڵێک بوو کچەکەی نەبینیبوو و هەر نەیشیدەزانی مێردەکەی کێیە، بەڕێکەوت لە شەقام، ڕێک لەبەردەم ئاڵتونفرۆشییەکدا ئەشقە کۆنەکەی لەگەڵ پیاوێکی باڵاکورتدا بینییەوە، پیاوێک ڕێک لە ئاستی باڵای خۆیدا و بگرە بەتەمەنتریش. کچەکە بەو پێڵاوە ژنانە پاژنە بڵیندانەوە کە بێگومان

ئەوی گەیاندبووە سەد و هەشتاد و پێنج سانتیمتر، لە تەنیشت پیاوێکی باڵا کورتی تێکسمڕاوی کەواوپانتۆڵی شاڵ لەبەر راوەستابوو، بە موستیلە ئاڵتوونە گەورەکانی پەنجەکانییەوە، بەو سمێڵە رەش و قیت و بابرانەوەی وا بە رۆن چەوری کردبوون و، بەو پشتێنە پەشمییە گرانباییەوە وا بۆنی عەترێکی خۆشی لێوەدەهات. لەو بۆنانەی لە مەککە و مەدینەوە بەدیاری دەیانهێنن.

سامان کە واقی وڕمابوو، هەر وا راوەستابوو و بە ناباوەڕی لە دیمەنەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانی. جووتەکە چەند بەختەوەر دەیاننواند. بزەی بەردەوامی کچە و پێکەنینی پیاوە باڵاکورتەکە چەند لە خۆیانەوە تێدەپەڕین و دەگەیشتنە ئەوبەری جادەیش.

بیست و پێنج سەنتیم! ئا،... جیاوازییەکە ئیستاکە بیست و پێنج بوو. سامان بایدایەوە، ملی رێگای خۆی گرت و رۆیشت. بیری کردەوە ئەو تەنیا لە باڵادا کورت نەبوو.

## چارەسەر

لەبەر خۆیەوە جویێندەدا و لە کاتێکدا نیگای لەسەر کەلێن و قوژبن و پەنا و پەسێوەکانە، دەڵێ "گەر ئەو مشکەم بگرتایە چیتر پێکەوە لافاو و کرۆنا و بۆمەلەرزە رووی لەم وڵاتە نەدەکرد و وەک خەڵکی هەموو وڵاتانی تر پاڵمان لێدەدایەوە و خۆشی رووی تێدەکردین!"

من کە هەستدەکەم چیتر قسەکردن لە گەڵیا سوودی نیە، تەنیا لێی دەڕوانم و ئەمەیش دەخەمە سەر هەموو ئەو شتە عەجیب و غەریبانەی تر وا ساڵانی

ساڵە ئەوەندە لەگەڵ ژیانمان تێکەڵ بوونە کە چیتر عەجیب و غەریب نانوێنن.

سەرئەنجام وازی لێدێنم، پاژنەی پێڵاوەکانم هەڵدەکێشم و لە پاش ئەوەی تەسبێحە دنک زلە قاوەییەکە لە مشتما بە توورەیی هەڵدەسوڕێنم، دەڕۆمە دەرەوە. گوێ نادەمە لافاو و کڕۆنا و بۆمەلەرزە. دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم.

ئەگەرچی خانووەکە کۆنە و سێ نەوەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەو خانووەی وا ئێستا ئەو بە تەنیا تیایا دەژی، بەڵام ئەو لای وایە جگە لە خۆی لەم خانووەدا شەش مشکی تریشی تیاماوە. کە ئەگەر ئەو شەش مشکە لەگەڵ خۆی باروبنە بپێچنەوە و بۆ هەمیشە ئەم خانووە بەجێ بێڵن، ئەوا خۆشی و ئاسایشت روو لە وڵات دەکەنەوە.

هەر چۆنێک حسێبی دەکا تەنیا شەشن. بۆ دڵنیایی زیاتر بە پەنجەکانیش دەیانژمێرێ، لە تووتەی دەستی راستەوە دەستپێدەکا تا دەگاتە تووتەی دەستی چەپ. رێک لەسەر ئەو تووتەیە رادەوەستێ و، ئەوسا دەڵێ "ئەوە نیە! رێک شەشن... شەش،... چاویان لێبکە!" من کە لە جیاتی مشک، پەنجە دەبینم، چاوی لەسەر وەردەگێڕم و شوکری بەشی خوا دەکەم.

پێنجیانی یان کووشتون، یان بە تەڵەوەی خستوون. بۆیە ئێستا لای وایە تەنیا یەک دانەیان ماوە. کاتێک لێی دەپرسن تۆ چووزانی تەنیا یەک مشکی تری لێماوە، بە دڵنیاییەوە وەڵام دەداتەوە و، دەڵێ:

- "دەزانم،... دەزانم!"

ئەوسا پاش کەمێک راوەستان درێژە بە قسەکانی دەداتەوە و، دەڵێ:

- "دووانیانم کوشتووە و لە چوار تەڵەیش تەنیا سیانیان تەقیوە، کەواتە تەنیا یەکی تریان لێماوە،... ئەویش خوا یار بێت ئەوەندەی ژیان بەبەرەوە نەماوە!"

ئەو لە ژمارەی تەڵەکانەوە بۆ ژمارەی مشکەکان دەچێ.

بەڵام رۆژەکان تێپەڕین و، نە مشکەکە بە تەڵەوە بوو و نە ئەم تووانی بیکوژێ. ئەمە ئەوەندە مێشکی بە خۆیەوە مەشغوڵ کردبوو، نەبێتەوە. بۆیە رۆژێک لە داخا تەڵە نەتەقیوەکەی، کە هەر رۆژە و لە شوێنێک دایدەنا، کۆکردەوە و ئەو گسکانەیش وا لێرەو لەوێ لە ناو ژوور و داڵان و ئاشپەزخانەدا دانابوون لایبردن و سوێندی خوارد دەبێ ئەمەیان بە زیندوویی بگرێ،... زرت و زیندوو بە بێ هیچ چەشنە هەوڵێک بۆ ئازاردان و بریندارکردنی. بۆ ئەم مەبەستەیش چەند پەتوویەکی بە دوو لایی دوورییەوە و لە جیاتی گسکەکان لە شوێن شوێنی خانووەکەدا دانان.

بەڵام مشکە هەر خۆی دەرنەدەخست،... هەر خۆی بەدەستەوە نەدا. رۆحی لەوێ بوو و جەستەی ون. هەسانەی لەوێ بوو و سییەکانی نادیار. وەک هەمیشە ئاگای لێ بوو وردە نان و وردەشت لێرەو لەوێ لە گۆشە و قوژبناندا دەکەوتن. بگرە جاری وابوو نیوەشەوان هەستی دەکرد گوێی لە شتخواردنەکانیشیەتی. لە کرۆژتنە وردەکان. هەڵدەستا و لە ناو جێگاکەیەوە گوێی هەڵدەخست. تاریکی و بێدەنگیی شەو ئەوەندەی تر

دەنگەکەیان بەرزتر و روونتر دەکردەوە. بەڵام هەر گڵۆپەکەی هەڵدەکرد، دەنگەکە بزردەبوو. ئەم کە دەیزانی مشکەکە لە شوێنێک لەم نزیکانەدایە یەکێک لە پەتووەکانی هەڵدەگرت، وەک تۆڕی دەستی ماسیگران لە کاتێکدا بە کووڕە کووڕە و بە ئەسپایی لێرە و لەوێ ورد دەبووەوە بە شوێنیا بە ناو ماڵەکەدا هەنگاوی وردی هەڵدێنا؛ بەڵام،... مەگەر مشکەکە پێوەدەبووا! مانگ لە دووای مانگ گوزەرا و مشکەی هەر بۆ نەگیرا. کەمکەم خەریکبوو سامی لێدەنیشت. بیری کردەوە نەکا مشکێک لە ئارادا نەمابێ و ئەوەی هەیە تەنیا رۆحی یەکێک لە مشکە کوژراوەکانە کە بۆ تۆڵە گەڕاوەتەوە. ئەم بیرە دایچڵەکاند. بەڵام زۆر خێرا بیری کەوتەوە کە جڕ و جانەوەر بە پێچەوانەی ئادەمیزاد رۆحیان نیە و بۆیە پێویست ناکا زۆری بۆ دابچێ. تەنانەت بۆ دڵنیایی زیاتر رووی لە مەلای گەڕەک کرد و لەویشی پرسی. مەلای گەڕەک وتی کە بەڵێ ئەوانیش خاوەن رۆحن، بەڵام رۆحێکی حەیوانی و بۆیە لەو دونیا لێپرسینەوەیان لێناکرێ و هەر بەم هۆکارە توانای گەڕانەوەیشیان بۆ سەر زەوی و بۆ ئەم دونیایە نیە.

بەمە یەکجار دڵی خۆش بوو. کەواتە ئەوەی مابوو مشکێکی زیندوو بوو. مشکێکی زیندووی زیرەک. مشکێک کە مەرگی پێنج هەڤاڵی خۆی لە نزیکەوە بینبوو و بۆیە دەیزانی چی بکا.

بەڵام دیسان رۆژان و هەفتان گوزەران و نەیتوانی مشکەکە بدۆزێتەوە و بیگرێ. لەدەرەوە بەردەوام کرۆنا خەلکی دەکوشت، لافاو دەهات و ماڵی

خەڵکی وێران دەکرد و بوومەلەرزەیش کە سەرباری هەموویان،... چ نەهەماتی و بەدبەختییەک بوو.

لە پاش ماوەیەک بیری لە پشیلەیەک کردەوە. ئەگەرچی چوونە دەرەوە قەدەغەبوو، بەڵام نیوەشەوێک بە دزییەوە لە کاتێکدا کڕۆنا پرخەی خەوی دەهات، بەسەر قڵشی بوومەلەرزەکاندا هەنگاوی هەڵێنا و بە زەحمەت بە ناو ئاوە پیس و قووراوییەکاندا تێدەپەڕی و، چوو پشیلەیەکی نێرینەی خرپنی سەر گۆپاڵی لە لاکۆڵانێکدا دۆزییەوە و هێنایەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام بەسەرسووڕمانەوە بینی پشیلەکەیش هیچی پێنەکرا. پشیلەکە سەرەتا بۆ پیشاندانی سوپاس و پێزانینی خۆی هەوڵیدەدا وای بنوێنێ تەنانەت لە پەلاماردانی شێریش ناترسێ لە دووای ئەوەی رۆژانی سەرەتا سەر و گوێی قوڵاغ دەکردەوە، چاوەکانی زیت دەکردنەوە و کتوپڕ خۆی بە شوێنێکدا دەدا، بەڵام لە کۆتایی هەر جاردا هیچ دەستکەوتێکی بۆ خاوەنە چاوەڕوانەکەی پێ نەبوو و دەستبەتاڵ و داماو بە چاوە سیسەکانییەوە دەکشایەوە! وەک بڵێی پێش ئەوەی پشیلەکە بگات مشکەکە لەمێژبوو ون ببوو و خۆی لە پەناو پەسێوێک حەشاردابووەوە. بەڵام ئاخر پەنا و پەسیوی چی و بەزمی چی! خۆ لەم ماڵە، کە هەم خۆی و هەم پشیلەکە بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئاشنا ببوون، هیچ پەنا و پەسیوێکی تر دەستنەدەکەوت. نەکا،... نەکا ئەم خانووە کونی تری تیا بێ و ئەم پێی نەزانیبێ. بۆ ئەم مەبەستە

هەموو کەل و پەلەکانی بردە دەرەوە و خانووەکەی جوان پشکنی، بەڵام دیسان هیچی نەدۆزیەوە.

سەرئەنجام لە دووای ماوەیەک وایلێهات پشیلە خرپنەکەیش، تاقەتی لەم وەزعە نەما، بۆیە بە رۆژ دەچووە دەر و هەتا ئێوارە لە حەوشە گچکەکە خۆی سەرقاڵ دەکرد، شەویش کە خۆی بە ماڵەوەدا دەکردەوە لە تەنیشت جێگاخەوی خاوەنەکەی پاڵدەکەوت و بە هیچ جۆرێک دوورنەدەکەوتەوە. زیت و وریا بەو چاوانەوە وا ترسێکی سەیر خۆی تیا حەشاردابوو؛ بەکلک بزواندنێکی بەحەیاوە، بە بێدەنگی، کە جاروبارە میاواندنێکی کورت و نزم دەیشکاند، هەتا رۆژدەبووەوە لێی پاڵدەکەوت و نەدەجووڵا.

بەم شێوەیە ئەو مشکەی وا مابوو، بوو بە پاشای نهێنیی ماڵ.

لە شەوێکی تاریک و نووتەکدا لە کاتێکدا دونیا بەردەوام درزی دەبرد و لافاو کۆڵان و جادەکانی رادەماڵی و کڕۆنا مرۆڤەکانی دەخنکاند، پشیلەکەی فڕێدایە دەرەوە و بڕیاری دا رێگاچارەیەکی تر بۆ دۆزینەوەی مشکەکە پەیدابکا. ئاخ! هەر ئەم مشکەی بدۆزیایەوە دونیا چەندە دیسان رووی لە ئاسایش و خۆشی دەکردەوە و چەندە پێکەنین و شادی دیسان دەگەڕانەوە بۆ ئەم شارە نەگبەتە!

رۆژان و مانگان گوزەران و لە دەرەوە بەردەوام کڕۆنا، لافاو و بۆمەلەرزە بوو. لە ژوورەوەیش ئەگەرچی ئەم مەرگەموشیشی تاقی کردووەتەوە، کەچی هەتا بەیانی گوێی لە دەنگی کرۆشتنەکانی مشکە نەگبەتەکەیە. نەء،

وادیاره ملنادات. لێفەکە بە سەری خۆیدا دەدات. "تۆ بڵێی لە راستیدا ژیان ئەوە بهێنێ؟"

لە کاتێکدا دەنگی هەورەگرمە لە دوورەوە دێت و هەورەتریشقەکان ژوورەکان بۆ ساتە یەک لەدووای یەکەکان رووناک دەکەنەوە، بەو ئاکامە دەگا کە ئەو وەک دووا کەسی ئەو سێ نەوەیە و مشکەکەیش وەک دووا مشکی ئەو شەشە، دەبێ بە مەرگی سروشتی بمرن. تازە ئەمە چارەنووسە. نە کڕۆنا دەیانبەن و نە لافاو و نە بۆمەلەرزە، نە تەڵەمشک و نە مەرگەموش و نە پشیلە. جیهانیش چاریان نیە دەبێ تا ئەو کات ئەمە تەحەمول بکەن. تەحەمولی کڕۆنا و لافاو و بۆمەلەرزە.

ئا،... هەتا ئەو کات!

## مردوونێژ

لەمێژبوو گرێی پرسیارێک لە دایکی لە قوڕگیا مابووەوە. پرسیارێک پڕ لە گەمژەیی و پڕ لە سادەیی. بۆ خۆیشی بەمەی دەزانی، بەڵام،... بەڵام پرسیار پرسیارە و دەبێ بکرێ:

"دایە، من بە منداڵی بۆنی چیم دەدا؟"

هەڵبەت کاتێک ئەم پرسیارەی دەکرد، دایکی لەوێ نەبوو وەڵام بداتەوە. لەمێژبوو دایکی لەوێ نەمابوو. لەو شوێنەی وا پێی دەڵێن ژیان. لەبیری نایەت چ ساڵێک، بەڵام یەکێک لە ساڵەکانی ژیان کە تەم و مژی زەمەن دایپۆشیبوو، شتێک بۆ هەمیشە دایکی لەگەڵ خۆی بردبوو. بەڵام مەگەر پرسیار لەمە حاڵی دەبێ؟

"دایە، دایە گیان! من بە منداڵی بۆنی چیم دەدا؟"

جیهان هۆڵێکی بەتاڵی ترسناکە کە تەنیا پرسیارەکان تیایا دەنگ دەدەنەوە و بەس. وەڵامەکان لای خوان، هێشتا لە دروستکردنیان نەبووەتەوە. وەک بڵێی لە خۆڵی کەم هێنابێ.

پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧ گۆڕهەڵکەن بوو. لەدووای شۆڕش، لە دەرەوە لە شاخ هەر ئەو بوو زۆرتر هاورێ کووژراوەکانی خۆی دەشۆردن، بە گوێرەی دۆخ کفنی دەکردن و دەیناشتن، کە گەیشتە ئۆرووپایش دیسان بوو بە مردوونێژ! بەڵام ئەمجارەیان نەک لە شێوازی پێش ساڵی ٥٧، یاخود لە چەشنی شۆردن و ناشتنی مردوو لە شاخ،... نا،... بەڵکو لە شێوازی سووتاندنیان!

بەڵام سەیر ئەوە بوو سەرەڕای دووریی ساڵەکانی پێش ٥٧، هەوای پاک و بێگەردی شاخ و خاوێنیی ئەو شوێنەی وا لە ئۆرووپا کاری لێدەکرد، نەببوونە هۆی ئەوەی بۆنی مردووی لێ نەیەت.

ئەو لەمێژبوو بۆنی مردووی گرتبوو.

لە دووای ساڵانی ساڵ کارکردن لەگەڵ پەیکەرە بێ گیانەکان و جەستە تۆراوەکانی ژیان، بەرەبەرە بۆنی مردووەکان لە لاشەکانەوە خزابووە ناو جەستەیەوە. بۆنێکی تایبەت کە وەسفکردنی دژواربوو. بۆنێک کە تێکەڵێک بوو لە جەستەی هەزاران هەزار مردوو بە درێژایی نیشتمان هەتا چیاکانی ئەو دیو سنوور و لەوێوە تا ئۆرووپا. بۆنێک تێکەڵ لە جەستە پیر و گەنجەکان، لە رەگەزە جۆراوجۆرەکان، لە هاڵاوی عەترە جیاوازەکان، لە

سابوون و گیای کوێستانی و ئارەقەی لەش، بۆنی سووروسپیاوی تەرمەکانی ئۆرووپا کە پێش ناشتن یاخود سووتاندنیان بۆ دووامالّئاوایی خزمان و هاوڕێیان، دەیانڕازاندنەوە. ڕەنگە بۆنی بێدەنگیی گۆڕستان و هەنسکەهەنسکی گریانی کەس و کاریان و... بگرە بۆنی ئاگریش. ئاگری ئاگرخانەکەی ئۆسلۆ،... ئەو شوێنەی وا تەرمەکانیان تیا دەسووتاند.

هەستی دەکرد بۆنی هەموو ئەمانەی گرتبوو. لای سەیربوو چۆن ئاگرێک کە شۆڕشی ٥٧ی پێ هەڵگیرسابوو و بەتەمابوو جیهانی کۆنی پێ بسووتێنرێ، کەچی ئیستا تەنیا سووتانی مەیتەکانی بۆ مابووەوە، ئەویش بە هەزاران هەزار کیلومەتر واوەتر لە نیشتمان! بە خۆی دەگوت "وەرە قەدەر لەو سەری دونیاوە بۆ ئەم سەری دونیا هەڵتگرێ بەس بۆ ئەوەی پێت نیشانبدا ئەو ئاگرەی بە شوێنیەوە بووین لە ڕاستیدا ئەمە بوو، ئاگری سووتاندنی دوواجەستەکانی ژیان."

"دایە، دایە گیان! داخۆ بۆنی سێبەری حەوشەکەی پشتەوەم نەدەدا؟"

دەستخستنی کارەکەیش ئاسان نەبوو. کاتێک هاتە نۆرویژ و بۆ یەکەم جار لە ئیدارەی سوسیال بەرپرسەکەی بە کاغەزێک لە بەردەمیدا، بە قەڵەمێکی شین بە دەستییەوە و بە موتەرجمێک لە تەنیشتیا لێی پرسیبوو "چکارەبووی؟"، ئەم پاش کەمێک هێنان و بردنی وەڵامەکە، دڕدۆنگ و شەرمەزار لە وەڵام، پاش بەسەرکردنەوەی خێرای هەموو ساڵەکانی ئەوسا و شاخ و ژیانی تورکیای گوتبووی "مردووشۆر...ئەرێ مردوونێژ!" نازانێ

بۆ نەیگوت 'شۆرشگێر'؛ هەرچەند دوواتر لەوەی نەیگوتبوو شۆڕشگێڕ پەشیمان نەبوو، چونکە لێرە کارێک بە ناوی شۆڕشگێڕیەتی دەستنەدەکەوت. کەس پارەی بەلاش بە کەس نادا!

کاتێک هیچ نیشانەیەکی گاڵتەئامێزی لە وەڵامەکەی خۆی لە سەر روخساری بەرپرسەکەیدا نەبینیبوو، ئاهێکی تیاگەڕابوو و باشتر پاڵی بە کورسییەکەوە دابوو. بەرپرسەکە، کە ژنێکی بەتەمەنی قژزەردی چاوشین بوو، لە درێژەدا گوتبووی:

ـ دەتەوێ لەم وڵاتە چ کارێک بکەی،... حەزدەکەی درێژە بەهەمان شوغڵی پیشووی خۆت بدەیتەوە؟

ئەم کە بیری بۆ هیچ ئیشێکی تر نەدەرۆیشت و هەستی دەکرد تازە چارەنووسی بە هۆی بۆنەکەوە بە مردووەکانەوە گرێدراوە، گوتبووی:

ـ...،... ئەی... ئەی بۆ نا!

بەم شێوەیە لەگەڵ خوێندنی زمان، بۆ فێربوونی کارەکەیشی ناردیانە شوێنی سووتاندنی مردووەکان. ئەم کە سەرەتا لای وابوو دەینێرنە مردووشۆرخانە، بەتووش بینایەکی یەک قاتی خۆڵەمێشیی روونەوە بوو بەو هۆڵەوە وا لەناو سندووقە دارینە یەک لەسەر یەک داندراوەکاندا مردووەکان چاوڕوانی سووتان بوون. چۆکی دانەدا، بەڵام لە دووای ساڵانی ساڵ سەرلەنوێ قوڵپە ئاشناکە بەربینگی پێگرتەوە. ئەو قوڵپەی هەمیشە

لەوێ بوو و ئەم قەت عادەتی پێنەگرت. ئەو قولپەی نە قووتدەدرا و نە فڕێدەدرا.

"دایەگیان! ئەها،... پێم وابێ بۆنی پەپوولەکانم گرتبوو،... وانیە؟"

کارەکەی زۆر دژوارنەبوو. تەرمەکان لە ناو سندووقە دارینەکاندا لە کاتێکدا تاجەگوولێک بەسەر سەریانەوە بوو دەخرانە سەر ئاسانسۆرێک و ئاسانسۆرەکە لە پاش یەک میتر بەرزبوونەوە، سندووقەکەی دەگواستەوە بۆ ناو کوورەیەک. رادوەستان تا کاتژمێرێک و بیست خولەک تێپدەپەڕی. ئەوسا پاشماوەی ئەو ئێسکە وردانەی وا لە مردووەکە مابوونەوە، دەردەهێنران، دەیانهاڕین و دەیانکردن بە خۆڵ. پاشان خۆڵەکە لە قوتوویەک دەخرا و دەدرایەوە بە خاوەن مردووەکە. خاوەن مردوویش یان دەیناشت، یان لەسەر داوای خودی مردووەکە لە ئێوارەیەکی درەنگاندا لە باوەشی سروشت لە بەرزاییەکەوە دەیدایە دەم با. ئیتر بایش بە کەیفی خۆی. 'با' بێ بەزەیی بوو، هیچ دنکێک لە گەڵ دنکێکی تر نەدەنیشتنەوە سەر زەوی. هەر یەکەو و لە شوێنێک. وەک بڵێی سروشت تۆڵەی خۆی دەکردەوە. ئەو ئێمەی وەک خۆی دەوێ نەک وەک خۆمان. هەموو شتێک چەند خێرا دەبووەوە بە هیچ. لەو سەری کۆڵانەوە وێنەکان دەکاڵانەوە.

"دایە،... دایە گیان! داخۆ بۆنی خۆڵی کۆڵان و بۆنی راکردنی منداڵیم نەدەدا؟"

بۆنەکە نەدەڕەوییەوە. سەرەڕای ئەوەی لە ئاپارتمانەکەیدا خاوەن حەمام بوو و دەرفەتی ئەوەی هەبوو هەموو رۆژێ دووش بگرێ و بە باشترین شامپۆکان خۆی بشوا و باشترین بۆنەکان بەکاربێنێ، کەچی بۆنەکە هەر لەوێ بوو. خۆشحاڵ بوو کەس لەگەڵی نەدەژیا. ئەوەتەی لەبیری دێ رەبەن بوو. بزەیەکی دەهاتێ و هۆکاری ئەمەیشی وەک بۆنی جەستەی، بۆ مردووەکان دەگێڕایەوە. کێ لەگەڵ مردوونێژ جووت دەبێ؟ ئەوسا خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە "تەنیا مردووەکان!"

سەرەنجام پاش هێنان و بردنێکی زۆر، بڕیاریدا بچێتە لای دکتۆر. دکتۆر بە وردی گوێی لێگرتبوو. لەدووای وەرگرتنی ئیزن، لە پشت ملییەوە بۆنی پێوەکردبوو و پاش بیستنی بەسەرهاتەکەی بەو چاوانەوە وا پڕی سۆز و بەزەیی بوون، گوتبووی هیچ بۆنێکی لێنایەت! گوتبووی تەنیا خەیاڵە و بەس. ئەم کە سەری لێ سووڕمابوو، هەروا لە دکتۆرەکە رامابوو. دکتۆرەکە درێژەی بە قسەکانی دابوو و گوتبووی گەر پێی خۆش بێت ئەوا دەتوانێ بینێرێتە لای دەروونناسێک! بەمە داچڵەکابوو. وەڵامی نەدابووەوە و هاتبووە دەرەوە. رێک بۆ ماڵەوە. دیسان دووشێکی گرتبوو، وەک هەمیشە بە باشترین شامپۆکان خۆی شۆردبوو، باشترین بۆنی لە خۆی دابوو و چووبوو لە پشت پەنجەرەکە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو. نا، راست نیە. ئەو بەردەوام بۆنەکە دەهاتەوە لووتی. بۆنە نەگبەتەکە لەوێ بوو. کەواتە دکتۆرەکە بۆن کوێر بووە، نەک ئەم. ئەوە ئەو بوو کێشەی هەبوو نەک

ئەم. ئاخر چۆن دەبێ بۆنێک بەو بەهێزییەی خۆی دکتۆر بۆنی نەکردبێ؟ ئەوسا بەو ئەنجامە گەیشتبوو دکتۆرەکانیش وەک هەموو کەسێکی تر هەڵەدەکەن. مەگەر ئەو ئەمەی چەند جار بە درێژایی ژیانی خۆی ئەزموون نەکردبوو!

"دایە گیان! ڕەنگە بۆنی هەتاو و بۆنی گیاجاڕەکانم گرتبوو، یان بۆنی شەوانی حەقایەتی ناو جێگا؟"

زەمەن خۆی بەدەستەوە نەدەدا. شەوێک سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد. بەڕێکەوت. سەیری فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەسەر شەڕ. ڕەنگە شەڕی دووهەم. ئەوەی کە چۆن سوپای داگیرکەری ئاڵمان، لە ڕۆژێکی سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٤٠، خۆی گەیاندبووە ئەم وڵاتە و لە ماوەی چەند مانگدا داگیری کردبوو. سوپایەکی دووسەد هەزار کەسی کە ساڵانی ساڵ لە ترسی رووسیا و ئینگلیز مابوونەوە. وێنە ڕەش و سپییەکان چەند سەرنجڕاکێش و چەند هەژێنەربوون. ڕووداوە مەزنەکانیش چەند ئاسان دەبن بە رابردوو و لەبیردەچنەوە. بەڵام هەرچی سەیری کرد و هەرچی گوێی راداشت، بۆ یەک چرکەیش باسی مردووشۆر و مردوونێژەکانی تیا نەکرا! مەگەر شتی وادەبێت؟ ئاخر خۆ ئەگەر تەرمەکان نەنێژرابان بۆنیان دونیای کەڕ و کاس دەکرد. کتوپڕ بەو ئەنجامە گەیشت مردووشۆرەکان سەرەڕای گرینگیی لەڕادەبەدەریان، بەڵام لە هیچ شوێنێک باسیان ناکرێ. تەنانەت لە شەڕەکان و لە بەڵگەنامە مێژووییەکانیشدا. مردووشۆرەکان ونترین

مرۆڤەکانی ناو مێژوون. قێزەونترین کەسەکانن. کەس نە ئەوانی خۆش دەوێ و نە حەزدەکا ناویان بێنێ. دراوسێکانی ئیزرائیل و مەرگ. ئەوانەی وا بەهۆی ژیانی بەردەوامیان لەگەڵ مردووەکان و لەگەڵ تەرمەکان، رەنگە مەرگیش بۆ زەمەنێکی دووروودرێژ فەرامۆشیان بکا. بەڵام،... بەڵام لەڕاستیدا وانیە. ئەو گەلێک مردووشۆر و گۆڕهەڵکەنی دەناسی کە لە تەمەنی مامناوەندیدا مردبوون. دراوسێتیش داڵدەی نەدەدا.

رۆژێک ئاشنایەک باسی حەمامی ساونای بۆ کرد. گوتی لە 'ئێلکسیا' کە هۆڵێکی وەرزشییە، لە کۆتایی وەرزشدا دەچێتە ساوناکە. لەوێ لە گەرمای هەشتا دەرەجەدا دادەنیشێ و بە کەیفی خۆی ئارەقدەکاتەوە. گوتی زۆر خۆشە، بەتایبەت لەم وڵاتە سارد و بەستەڵەک لێدراوەدا بەڕاستی غەنیمەتە. ئەویش چوو و بوو بە ئەندام. ئەگەرچی زۆر تاقەتی وەرزشکردنی نەبوو، بەڵام دەچوو و بە کەیفی خۆی لە ساوناکەدا دەمایەوە. هەفتەی چەندین جار و هەر جارەی زیاتر لە یەک کاتژمێر. ئاوی بە تەلە سوورەوەبووەکاندا دەپرژاند و ئەوەندەی تر ساوناکەی گەرمتر دەکرد. چین چین ئارەقی دەردەدا. چ لەززەتێکی هەبوو! هەستی دەکرد بۆنەکە، کە لە هەزاران توێژاڵی یەک لە سەر یەکیان دەکرد، توێ توێ هەڵدەدەن و دەبنە هەڵم و بە ئاسمانی ساوناکەدا پرژ و بڵاو دەبنەوە، لە کونی سەقفەکەوە خۆ بە دەرەوەدا دەکەن و بۆ هەمیشە وندەبن. چاوەکانی دەقونجاند و دەستی بە قۆل و بە سینگ و بە شان و ملی خۆیدا دەگێڕا.

"دایە، دایە گیان!... داخۆ بۆنی خەونەکانی منداڵیم نەدەدا،... بۆنی زەڕنەقوتەکانی بن میچەکان؟"

لە دەرەوە بارانێکی بەخوڕ دادەکا. ئاسمان نزم نزم دەبێتەوە و دەنیشێتە سەر زەوی. تەم و مژێکی سەرگەردان لە هات و چۆدایە. دارستان ئەوەندە تر دەبێ بە ئەفسانە. ڕێک وەک چیرۆکەکانی کاتی منداڵی. هەستدەکا بە هەزاران هەزار تەرم لەو دیویانەوە لەناو لێزمەبارانەکە رادەبنەوە و گلەیی لەم تەڕ و تووشییە دەکەن. خۆ بەڵێن نەبوو لە دووای مردن دیسان شتێکی تر هەبێ زیاتر لە مردن. لە پشت پەنجەرەکە رادەبێ و دەچێتە دەرەوە. رەنگە ئەم بارانەیش، ئەگەرچی مردووەکان گلەییان لێی هەیە، بەڵام یارمەتیدەر بێت. ڕێک وەک ساوناکە. دەچێتە بەری، روخساری بەرەو ئاسمان و قۆلەکانی وەک باوەشێکی کراوە بێ جووڵە لە بەر هوروووژمی دنکە یاخییەکاندا. هەورەکان تێدەپەڕن و دەگرمێنن. چەندە بێ کۆتایین. گەڵاکان دەدوێن. سمۆرەیەک لە کوونی قەدێکەوە بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانێ. هەور هەر دەگرمێنێ و باران هەتا دێت شێت و شێت تر دەبێ. ئەوەندە دەخووسێ کە جەستە و جل و بەرگەکەی دەبن بە یەک. دیسان توێژاڵێکی تر نەرم نەرم سەرهەڵدەدا و خۆی دەگەیەنێتە رووبەر و لە جەستەی بەردەبێتەوە و تێکەڵ بە مژە سەرگەردانەکە دەبێ،... دەڕوا و دەڕوا. هەموو شتێک چەند لە جێی خۆیەتی. ژیان چەندە ئاسان بۆنی

مردووەکان لە خۆی دەکاتەوە و دەینێرێتەوە بۆ پشت دارستانەکە بۆ ناو مردووە رابووەکان.

"دایە، دایە گیان! داخۆ بۆنی باران و بەهارم نەدەدا؟... بۆنی هەڵاتنەکانی ناو کۆڵان؟"

دایکی وەک هەمیشە وەلام ناداتەوە. رەنگە ئەویش لەوێ لەگەڵ بوونەوەرە ئەفسانەییەکانی پشت دارستانەکە تەنیا رقی لە وەها بارانێکی بە لێزمەی ناوەخت بێت. بەڵام چیتر گرینگ نیە دایکی وەڵام بداتەوە یان نا. ئەو ئیستا سیحری بارانی دۆزیوەتەوە. نازانێ بۆ هەتا ئیستاکە بەمەی نەزانیبوو. رەنگە خەتای مردووەکان بووبێ، مردووەکانی جاران، مردووەکانی نیشتمان کە هەتا دەڕزین هەر جەستە بوون، نەک ئاگر.

## سەد و بیست و چوار هەزار داوا

موسا، عیسا، محەممەد و باقیی ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەکانی تر کە بیستبوویان لەسەر زەوی شتێک بە ناوی فڕۆکە دروستکراوە و خەڵکی سواری دەبن و لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات سەفەردەکەن و لە دووای تەنیا چەند کاتژمێرێک دەگەن، لەبەر بارەگای خوادا کۆبوونەوە و داوایان لێکرد بۆ یەک جاریش بێت لە دووای مردنیان بیانێرێتەوە بۆ سەر زەوی و ئەو دەرفەتەیان بۆ فەراهەم بکا وەک هەموو عەبدەکانی تر سواری فڕۆکە بن و ئەم شتە عەجایبە تاقی بکەنەوە.

دیاره لە سەرەتادا محەممەد رازی نەبوو و وتی کاتی خۆی بە مەرکەبی بوراق، کە ئاژەڵێکی باڵداری نێوان کەر و هێستر بوو، بۆ حەوت تەبەقی ئاسمان فڕیبوو و بۆیە چیتر پێویستی بەمە نەبوو. بەڵام لەپاش ئەوەی عیسا و موسا بە دوورو درێژی لەگەڵیا دووان و وتیان ئەم فڕۆکەیە شتێکی ترە و کاتێک تیایا دادەنیشن کچی جوان خواردنەوە و خواردنیان بۆ دێنن، ئەویش چاوی لێ بزبووەوە رازی بوو و ملی دایە داواکارییەکەیان. جگە لەمە بە بێ ئەو کە دووا پێغەمبەر بوو و لە هەمووان زیاتر خۆشەویستی خواوەند، ئیشەکە سەری نەدەگرت و خوای گەورە بە بێ محەممەد قەت بە داواکارییەکەیان رازی نەدەبوو.

پەروەردگار کە سەرەتا تیایا مابووەوە هەموویان سوار یەک تەیارە بکا یان سوار چەندین تەیارە، بە حسێبێکی سەرپێی زانی گەر لە هەر فڕۆکەیەکدا پێنج سەد کەسیان جێبکاتەوە ئەوا ٢٤٨ فڕۆکەی لە چەشنی 'ئێرباسی ئی ٣٨٠'ی دەویست. بەڵام ئەمەی نەکرد و لە کردەیەکی موعجیزەئاسادا بڕیاریدا هەر هەموویان سوار یەک تەیارە بکا.

کاروبارەکان جێبەجێ کران و لە بەرەبەیانێکی دڵڕفێنی جەننەت هەر ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەکە بە جانتاکانیانەوە لە فڕۆکەخانە کاتییەکە کۆبوونەوە. حەشیمەتەکە وەک دەشتە پڕ لە گەنمەکانی ناوچەی بەڕانەتی لە هەرێمی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان شەپۆلانی دەدا. هەموو یەکجار خۆشحاڵ بوون. خەیاڵی بینینەوەی زەوی، ئەگەرچی لە

ئاسمانەوە، سەرمەستی کردبوون. زەوی هەمیشە ناوێکی سیحراوی بووە، نەک بۆ ئەوان، بەڵکو تەنانەت بۆ خوداش. لە خۆوە نیە ئەو هەموو پێغەمبەرەی بۆ ناردبوو. ١٢٤ هەزار پێغمەبەر! دیارە لێرەدا کارمان بەوە نیە کە بۆچی خوا گیان نەیتوانی سەرەرای ناردنی ئەو هەموو پیاوە ئاقڵە، مرۆڤەکان (کە لە چەشنی خۆی خوڵقاندبوونی) ئاقڵ بکا!

بەڵام کتوپڕ مقۆمقۆ کەوتە ناو حەشیمەتەکەوە. رەبەلعالەمین وەک هەمیشە لە شوێنێکا کەمی هێنابوو! ئەو لە بیری چووبوو فڕۆکەوانێک بۆ ئەو فڕۆکە خەیاڵییە (کە لە گەڵ کەشتی تایتانیک لە ساڵی ١٩١٤ بەراورد دەکرا، کەشتییەک کە کارەساتێکی دەریاییدا بە هەزاران کەسەوە نوقمی دەریا ببوو) دیاری بکا. مەلایکەکان، کە ئەرکی پاراستنی ئەو هەموو پێغمەمبەرەیان لە ئەستۆ بوو، بەتایبەت لەم رۆژانەدا کە باس باسی تەقینەوەکان لە سەر گۆی زەوی بوو، کەوتنە پەلەپەل.

پرسیاری گەورە ئەوە بوو دەبا متمانە بە کێ بکەن؟ کێ خاوەن ئەو متمانەیە بوو کە ژیانی بەهەشتیانەی ١٢٤ هەزار پێغەمبەری بدرێتە دەست؟ ترسی ئەوەی نەکا فڕۆکەوانەکە لەکردەیەکی شێتانە و تیرۆریستانەدا خۆ بە بە چەند باڵاخانەدا بکوتێ و دیسان کارەساتێکی تر بخوڵقێتەوە، بارەگای خوای شڵەقاندبوو. خۆ ئاوایش نەبوو کە لە دووای کارەساتەکە بۆ وێنە هەناسەی عالەم دەیتوانی هێرش بباتە سەر عێراق و ئەفغانستان. نا، شتی وانابێ. مەگەر شوێن هەیە لەم گەردوونەدا بەرگەی هێرشی لەنەکاوی

خواگیان بگرێ؟ گەر شتی وا خوانەخواستە بقەومایە ئەوا خواگیان ناچاردەبوو نەک زەوی، بەڵکو گەردوون بە گشتی لەناو ببات.

لە کاتێکدا هەر ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەکە بە جانتاکانیانەوە لە فڕۆکەخانە دانیشتبوون و مەحوی سەیرکردنی فڕۆکە یەکجار گەورە و جوانەکە ببوون، خوا لە کۆبوونەوە لەگەڵ مەلایکەکاندا بوو. پرسەکە ئەوەندە گەورە بوو کە خوا بۆ یەکەم جار لەپاش بەر لەعنەت کەوتنی شەیتان ئەویشی بۆ راوێژ بانگ کردبووەوە. پێشنیارەکان فراوان بوون. جگە لە لیستی یەکجار دوور و درێژی فڕۆکەوانەکانی سەر زەوی، پێشنیاری هەموو سەرۆکە مردوو و زیندووەکانیش درا. هەر لە کیم جونگ ئون، سەدام، سەید قوتب، ترامپ و خومەینییەوە بگرە تا دەیان و دەیان کەسی تر. بەڵام خوای بەخشندە و میهرەبان بە بزوواندنی بە ئاستەمی تاقە پەنجەیەکی هەر هەموویانی رەدکردەوە. تا کتوپڕ شەیتان کە تا ئەو کاتە ئارام و بێدەنگ بوو، هاتەقسە و گوتی کە لە سەر زەوی ئیستا مرۆڤ شتێکی ئۆتوماتی داهێناوە کە بە بێ مرۆڤ دەتوانێ سەیارە و پاپۆڕ و بگرە فڕۆکەکانیش لێ بخوڕێ. خوا بێدەنگ بوو. کەمێک بیری کردەوە و ئەم پێشنیارەی شەیتانی لا پەسەند بوو. بڕیاری دا جێبەجێی بکەن.

سەرئەنجام ئەمر دەرکرا هەر ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەکە سوار فڕۆکە خەیاڵییەکە بن. هەڵبەت لەسەرەتادا کەمێک مشتومڕیان کەوتە ناو کە ئەویش زۆر خێرا چارەسەرکرا. محەممەد لای وابوو بە حوکمی ئەوەی

خۆشەویستترین پێغەمبەری خودایە، دەبێ لە پێشی پێشەوە دابنیشێ، بەڵام ئەوانی تر دەیانگوت چونکە دوواپێغەمبەرە هەر بەو پێیەیش دەبێ لە دوواوەی دوواوە دابنیشێ. سەرئەنجام عیسا و موسا لە بەینی خۆیاندا جێگایەکیان بۆ کردەوە و بەم شێوەیە کێشەکە دوایی هات. فڕۆکەکە جووڵا و ئەوەندەی پێنەچوو مرۆڤەکان ئەو رۆژە سێبەرێکی ترسناکی گەورەیان بینی کە بە ئاسمانەوە دەسوورا و رۆژی رووناکی لێیان کردبوو بە شەو.

رۆژ بەرەو ئێوارە دەڕۆیشت کە کتوپڕ بەزم کەوتە ناو باڵاخانە رازاوە و موقەدەسەکەی خواوەندەوە. مەلایکەکان رایاندەکرد و هاواریان دەکرد کە هەمووان دەبێ پەنا بگرن و خۆیان دەربازبکەن! خوا کە لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو و سەیری نەقشەی گەردوونی دەکرد و بیری لە خوڵقاندنی جیهانێکی تر دەکردەوە، ئاگادارکرا کە ئەویش دەبێ شوێنەکە جێ بێڵێ. خوای رەحمان و رەحیم سەری هەڵبڕی. جوبرەئیل بە روخساری داگیرساو و بە دەنگی لەرزۆک و هەناسەی سوارەوە گوتی کە فڕۆکەکە بە خێراییەکی لە رادەبەدەر خەریکە لە بورجی خواوەند نزیک دەکەوێتەوە! گوتی کە کاتێکی ئەوتۆ نەماوە و دەبێ هەرچی زووتر ئەوێ جێ بێڵن.

خوای قادر و توانا خۆی و مەلایکەکانی، بە پێچەوانەی بورجەکانی یازدەی سێپتامبەری ٢٠١١ی نیۆیۆرک لە کردەیەکی موعجیزەئاسادا دەربازکرد، بەڵام هاوکات بیریشی لەوە دەکردەوە کە داخۆ چی روویدابوو وا فڕۆکەکە بە ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەوە رووی لە بارەگاکەی ئەو کردبوو. پاش هێنان و

بردنێکی زۆر سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە فڕۆکەوانە ئۆتۆماتیکییەکە هەک کرابوو، ئا هەک کرابوو، بەڵام کێ ئەمەی کردبوو،... ئەڵلاهو ئەعلەم! ١٢٤ هەزار پێغەمبەر بە سوار فڕۆکەیەکی ئەفسانەییەوە بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە لە بورجە چوارینەکانی خوا نزیک و نزیکتر دەکەوتەوە. دەنگی تەقینەوەیەکی ترسناک بۆ سەدان ساڵ گەردوونی لە خۆی گرت و تیشکە بەسامەکان خۆیان بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی خڵقەتدا کرد.

ئەوسا خوا زانی دیسان کار کاری شەیتان بووە!

## شەترنج باز

بەهرام بە منداڵی کوڕێکی لاوازی گۆشەگیری بێدەنگ بوو. کاتێک هاوتەمەنەکانی لە کۆڵان یارییان دەکرد و زەوی و ئاسمان راینەدەگرتن، کاتێک هەتا ئێوارە بە شوێن تۆپ و بە شوێن یەکترەوە راکەڕاکەیان بوو و ئارەقەی دونیا بەشی نەدەکردن، ئەو بە ئارامی لە سووچێکدا هەڵدەتروشکا و لە کاتێکا لەپی دەستی دەخستە ژێر چەناگەی و سەری کەمێک بۆ خواردەکردەوە، بە چاوە بێ لایەن و پڕ لە هیچەکانی هەتا رۆژ ئاوا دەبوو، لێیانی دەڕوانی. بەهرام دەڵێی بۆ دانیشتن و بۆ روانین لە دایک ببوو.

ئەمە وایکرد بە بەهرامە حۆل ناوبانگی دەرکرد.

بەڵام وەها نەبوو بەهرامە حۆل خاوەن هیچ بەهرەیەکی تر نەبێ. زۆر خێرا لە قوتابخانە وەک کوڕێکی زیرەک لە بواری ماتماتیک خۆی نیشاندا و لەوە زیاتر لە شەترنجیشدا. بواری شەترنج تەواو بە ڕێکەوت بوو. کاتێک مامۆستای وەرزش کۆمەڵێک شەترنجی کڕی و داوای لە قوتابییەکان کرد گەر حەزیان لێیەتی دەتوانن لە جیاتی فوتباڵ لە حەوشە گەورەکەی مەکتەب بچن و شەترنج بکەن، بەهرام بە هۆی لاوازیی و گۆشەگیربوونەکەیەوە خۆبەخۆ بەرەو ژوورەوەکە سەرنجی ڕاکێشرا و یەکێک لە یەکەمین کەسەکان بوو خۆی لەوێ بینییەوە. ڕەنگە یەکەمین کەسیش بووبێ.

بەهرام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەوانی تر و یەک لەوان مامۆستاکەی، زۆر خێرا فێری شەترنج بوو و بگرە وەهایش فێربوو کە هەموو قوتابخانەی بە تووش سەرسووڕمانەوە کرد. بەتایبەت کاتێک لە مامۆستاکەیشی بردەوە. کورد گوتەنی تەقاندییەوە!

بەڵام بە خۆشییەوە مامۆستاکەی لەو کەسانە نەبوو دڵی بە دۆڕانەکەی داخورپێ، ڕق لە قوتابییەکەی هەڵگرێ و نەهێڵێ گەشەبکا. بەپێچەوانەوە مەیدانی بۆ ڕەخساند بچێ بۆ پێشبڕکێی نێوان قوتابخانەکانی شار و لەدووای ئەوەی لە یەک بەیەکی ڕەقیبەکانی بردەوە، بردیان بۆ پێشبڕکێی نێوان شارەکانیش. لە کورتی بیبڕێنمەوە بەهرام گەییە تاران و لەوێیش بوو بە قارەمان. ناو و ناوبانگی بەهرام وەک منداڵێکی بە بەهرەی کەم وێنە

کەوتە سەر زاران و ئیتر ئەو بەهرامەی نەما وا ساڵان لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە دەیتوانی لە کۆڵان بە بێدەنگی دانیشێ و، لە بێهوودەییەکەی سەیردا سەیری کایەی منداڵانی گەڕەک بکا.

هەڵبەت دەبێ ئەوەیش بڵێین بەهرام بە لەش و لار هەروا بە لاوازی مایەوە و لە بواری هەڵسوکەوتیشدا قەت نەبوو بە کوڕێکی کۆمەڵایەتی. هەروەها سەرکەوتنەکانی ئەو لە شەترنجدا بووە هۆی ئەوەی خەڵکی لە نێوان لاوازی، گۆشەگیری، بێدەنگی و حۆلیەتی لە لایەک و بەهرەی شەترنج لە لایەکی تر پێوەندێکی نەچڕ ببینن. بۆیە زۆر جار کوڕە هەرە بەخۆ و گەردنکەش و لەخۆڕازییەکەی گەڕەکیش ئاواتی ئەوەی دەخواست خۆزگە هەر لە منداڵییەوە لە جیاتی ئەم هەیکەلە بێ سەرەوبەرەیە کەسێکی گرگنەی چڵمنی بێ کەڵک بایە! لەوانەی وا کاتێک لە سووچێکی کۆڵان دادەنیشن و، ناتوانی لە کۆڵانەکە جیایان بکەیتەوە.

هەموو شتێک بەڕواڵەت بە کەیفی بەهرامە حۆلی شەترنج باز دەچووە پێشەوە و، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا. تەنیا ئەوەی نەبێ حاڵەتێکی تایبەت تیایا پێکهاتبوو کە هەموو کەسی تێدا وەک شا، وەزیر، فیل، ئەسپ، قەڵا و سەرباز دەهاتە بەرچاو؛ هەر لەبەر خۆیشیەوە هەر خولە نەخولە دەیگوت "کیش و مات!"

خەڵکی ئەمەیشیان وەک عەیبە لێکنەدایەوە. بەپێچەوانەوە وەک نیشانەیەکی تری زیرەکی دەهاتەبەرچاویان. هەندێ لە گەنجەکان بۆ ئەوەی

نیشانی بدەن ئەوانیش خاوەن لێوەشاوەیی شاراوەن و تەنیا کەس و کار و خەڵکی هێشتا پێیان نەزانیون، هەر لەخۆوە لەبەر خۆیانەوە شتی سەیریان دەگوتەوە. بۆ وێنە: "هەر سەردەکەوین!"، "بیگرە و بەریمەدە!"، "دایکم بەسایەقەت بێت!" و شتی تریشی لەم بابەتە.

زەمەن ئارام وەک چۆن بە تەنیشت و بە ناو شتەکاندا تێدەپەڕی، ئاوەهایش بە تەنیشت و بە ناو شەترنجەکەی بەهرامیشدا گوزەری دەکرد و ئەوەندەی پێنەچوو ئەویش وەک هەموو خەڵکی تر بەسەر شۆڕشێ ساڵی ٥٧دا کەوت. هەڵبەت بەهرام بە حوکمی عادەتەکەی جارانی، بە حوکمی گۆشەگیری و لاوازییەکەی لە یەک تاقە خۆپیشاندانێکدا چییە بەشداری نەکرد. عادەتەکەی جاران رووی تێکردەوەو لەبەر دەرگای ماڵەکەیان لە کۆڵان دادەنیشت و گوێی لە دەنگی دووری دروشمدانی خۆپیشاندەران دەگرت. لای ئەو وەک بڵێی دونیا گەر تەنانەت مرۆڤیشی تیا بگەیشتایە بە کەشکەڵانی ئاسمان، ئەوا لە کۆتاییدا هەر ئەو کۆڵانەی جاران بوو ئارامی و مانای دەبەخشی.

ساڵەکانی شۆڕشیش کۆتاییان هات و ئەوجا دەسەڵاتی نوێ بە خۆی و پیاوەکانی هاتن و هەموو شتێکیان گرتەدەست. بەهرامە حۆلی شەترنج باز لەگەڵ ئەمە هیچ کێشەیەکی نەبوو. ئەو کە چاوەڕوان بوو هەموو شتێک کە بە هۆی رووداوەکانەوە راوەستابوون و، یەک لەوان شەترنجیش، وەک جاران بژیێتەوە؛ بەڵام بە سەرسوڕمانەوە بینی کایەی شەترنج قەدەغەکرا.

بەهرام خوای نەمابوو. هەرچی دەکرد بۆی قووت نەدەچوو. ئاخر باشە پاشا و وەزیری شەترنج بە پاشا و وەزیری وڵات چی؟ ئەوان لە گۆشت و خوێن و ئەمانیش لە پلاستیک و دار کە تەنیا لە بەستێنی شەست و چوار خانەی رەش و سپی لە هاتووچوودا بوون و بەس، ئەویش بە یارمەتی و خواستی پەنجەی شەترنج بازەکە، جا ئەمانە چ فڕیان بە سەر یەکترەوە بوو! بەڵام مەگەر کەس هەبوو گوێی لێ بگرێ. بۆیە بەناچار بەهرام پاشەکەشەی کردەوە بۆ ماڵەوە و جارو بارە لەگەڵ ئەم و ئەو کایەی شەترنجی دەکرد. ئەو کایانەی بە هۆی لاوازیی لەرادەبەدەری حەریفەکانییەوە بۆی دەبووە جەهەننەم. بۆیە وازیشی لەمە هێنا.

ئیتر دونیا وەک ئەو ساڵانەی کۆڵانی لێهاتەوە. ئەگەرچی نە ئەم منداڵ مابوو و نە منداڵی ئەم سەردەمەیش وەک ئەو ساڵانە عەوداڵی ناو کۆڵان بوون.

وەک وتمان چونکە بەهرامە حۆل بە گوێرەی کلتوری شەترنجیانەی خۆی هەموو شتێکی بە گوێرەی شەترنج لێکدەدایەوە، لەگەڵ دەسەڵاتی نوێیش هەر هەمان کاری کرد. وڵاتی وەک رووبەرێکی شەترنجی گەورە دەهاتەبەرچاو کە لە یارییەکەی سەیری مێژووییدا لە کاتی شۆڕش 'شا'ی تیا کیش و مات کرابوو. رێک وەک چۆن جاران هەموو رووداوە ورد و درشتەکانی دەورووبەری خۆی بە هەمان شێوە دەهاتە بەرچاو. عادەتێک کە قەت نەیتوانی لەدەستی قوتاری ببێ. بۆ وێنە کاتێک دوو کەس لە کۆڵان

یاخود بازاڕ شەڕیان دەبوو، ئەم یەکیانی وەک فیل دەهاتە بەرچاو و ئەوی تریانی وەک ئەسپ. ئەوسا نازانێ بۆ، بەڵام لە حسێبێکی سەرپێیدا دەگەیشتە ئەوەی ئەسپەکە بە هۆی ئەوەی سەربازێک داڵدەی دەدا دەیتوانی بەسەر فیلەکەدا سەرکەوێ. سەیر ئەوە بوو زۆرجاریش بەو لایەیدا دەشکایەوە کە بەهرامە حۆل لێکی دەدایەوە! یاخود کاتێک هاوڕێیەکی ئاشق دەبوو و باسی کچێکی بۆ دەکرد، پێی دەگوت "گەر دوو قەڵا و فیلێکت لەگەڵ بێت پێی دەگەیت!" هاوڕێکەی بەسەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانییەوە.

جارێکیان کاتێک لە بازاڕ بوو بە ڕێکەوت بە تووش گەشتی سارولّلاوە بوو کە دووانیان لە تویوتا لەندکرۆزێرەکەیان دابەزیبوون و خەریکبوو کچێکیان بە هۆی بێ حیجابییەوە بەزۆر سوار ماشینەکە دەکرد. کچەکە دەیقیژاند و نەیدەویست لەگەڵیان بڕوات. خەڵکیش کۆببوونەوە و سەیریان دەکرد. بەهرام، دوو چەکدارەکەی وا لە ناو ماشینەکەدا بوون و نەهاتبوونەوە خوارەوە وەک دوو فیلی ڕەش و سپی دەبینی کە لە دوورەوە مەودای جووڵەی کچەکەیان بەرتەسک دەکردەوە و دوو چەکدارەکەی خوارەوەیشی وەک ئەسپێک و وەزیرێک. ئەسپەکەیش مەودای جووڵەی کچەکەی کەمدەکردەوە و وەزیرەکەیش وەک دووا جووڵە خەریکی کیش و مات کردنی شاکە واتە کچەکە بوو.

نازانێ بۆ، بەڵام هەر کچەکەیان سوارکرد، پێش ئەوەی دەرگاکە پێوەبدەن و بڕۆن، بەهرامە حۆل لێیان نزیک کەوتەوە و گوتی "کیش و مات!"

چەکدارەکان لایان کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە لە بەهرامیان ڕووانی.

بەهرام بە نیگا وردەکانییەوە هەروا سەیری دیمەنەکەی دەکرد. وەک بڵێی لێکی دەدایەوە داخۆ ڕێگایەکی تر بۆ دەربازبوون لە کیش و مات ماوە یان نا، یاخود وەک بڵێی سەرلەنوێ هەموو دیمەنەکەی دەهێنایەوە بەرچاوی بۆ ئەوەی بە ئاکامێکی تر بگات. لەم کاتەدا یەکێک لە چەکدارەکان گوڕاندی:

ـ برو برو برادر، اینجا واینسا!

بەڵام بەهرام نەجووڵا و هەروا لە جێگای خۆی ورد ورد سەیری دەکردن.

ـ گفتم برو، برو، بە ماشین نیروهای امنیتی نزدیک نشو!

هەر لەم کاتەدا بوو یەکێک لە چەکدارەکانی دوواوە بەپەلە دابەزی و هەر کە گەیشتە بەهرامە حۆل بە قۆناغە تفەنگەکەی گورزێکی وەها توندی لە سینگی سرەواند کە بەهرام بەرەو پشت لەتری دا و لەشی لاواز و لەڕی تەختی زەوی بوو.

ـ نگفتم اینجا واینسا احمق!

ماشینەکە بەپەلە لە کاتێکدا هەر دەنگی قیژەی کچەکەی لێوە دەهات، دوورکەوتەوە.

خەڵکەکە بە ئارامی لە بەهرامە حۆل نزیک کەوتنەوە. بەهرام جووڵە چییە نەیبوو. دوو کەس بەپەلە دانەوین و یەکیان هاواری کرد ئاوبێنن.

بەهرامیان گەیاندەوە ماڵ و بە خۆشییەوە چاک بووەوە، هەرچەند دوو پەراسووی شکابوو و ژێر مەمکی یەکجار خراپ ڕەش و شین ببووەوە.

بەهرامە حۆلی شەترنج باز کاتێک لە جێگادا کەوتبوو و بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەهات، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "کیش و مات نەدەبوو گەر جگە لەو سەربازە بێ کەڵکانە وەزیر و فیلێکی لێ بووایە،... ئا،... کیش و مات نەدەبوو!"

## خەتای هیگڵ بوو

دوێ شەو کاتژمێر دووی نیوەشەو لە کاتێکدا خەریکی خوێندنەوەی هیگڵ بووم، کتوپڕ لە دەرگایان دا. من کە نوقمی ئەم قسەیەی هیگڵ بووم کە کاتێک ئێمە حەقیقەت دەناسین کەواتە حەقیقەتیش خۆی دەناسێ، هەستام و دەرگاکەم کردەوە. بینیم دوو چەکداری ریشن و مۆن بە نیگا گرژەکانیانەوە لە پشتی دەرگاکە راوەستاون. لەندکرۆزرێکیش لەوبەرەوە لە ناو کۆلانەکە چاوەڕوان بوو. من نەترسام. وتم بەڵێ! وتیان لەگەڵمان بکەوە! وتم بۆ کوێ؟ وتیان لە رێگادا دەزانێ.

من گەڕامەوە ژوورەوە، خەریکی لەبەرکردنی جل وبەرگەکانم بووم کە کتوپڕ بیرم کەوتەوە باشە خۆ ئێرە ئێران نیە، ئێرە نۆرویژە، ئەم دوو چەکدارە ریشن و مۆنە بە کلاشینکۆفەکانیانەوە لێرە چیدەکەن. ترسێکی لەنەکاو دەروونمی داگرت، بەڵام هەوڵمدا ئارام بم. لەبەر خۆمەوە بە خۆم گوت دەبێ هەڵەیەکی گەورە روویدابێ. یاخود ئەمە تەنیا گەمەیەکە و بەس. لە کاتێکدا تەنیا کراسەکەم لەبەردا بوو و شەڵوارەکەم بەدەستەوە بوو، بە شۆرتێکەوە چوومەوە بەردەرگاکە. وتم:

- پێم وابێ هەڵەیەکی گەورە روویداوە. یان رەنگە...

چەکدارەکان کە مەحوی شۆرتەکەی من و ئەوەی بوون وا لە پشتییەوە خۆی بەو نیوە شەوە حەشاردابوو، گوتیان:

- هەڵە؟

- بەڵێ هەڵە.

یەکیان گوڕاندی:

- پێشمان کەوە!

- ئێرە نۆرویژە و وڵاتی یاسا، جگە لەوە من بیست ساڵ زیاترە لەوێ لە ئێران نەماوم. لێرە کەس لەسەر بیروڕای سیاسی جیاواز ناگرن،... مەگەر، مەگەر ئەوەی کاری نایاسایی بکەی و خەڵکی بکوژی.

- نۆرویژ!؟

- ئا نۆرویژ.

چەكدارەكان دەستیان كرد بە پێكەنین. وتم:

- جگە لەمە هیگڵ دەڵێ كاتێک مرۆڤ حەقیقەت دەناسێ، بەم شێوەیە حەقیقەتیش خۆی دەناسێ!

چەكدارەكان كە لەبەر پێكەنین خۆیان پێڕانەدەگیرا و دەچەمانەوە و جەستەیان گێژ و خولی دەخوارد، لە حەژمەتا لەسەر عەرزە بەفراوییەكە چوارمیلكە دانیشتن و وەها پێدەكەنین كە هەموو گەڕەكەكەیان هێنابووە لەرزە. بە تكاوە گوتم:

- ئێستا دراوسێكانم زەنگ دەدەن بۆ پۆلیس و بە تاوانی تێكدانی ئاسایشیان دێن و جەریمەم دەكەن. تكایە ئارام!

چەكدارەكان كتوپڕ لە پێكەنین راوەستان و خێرا راستبوونەوە و هەستانەوە سەرپێ. بینیم یەكیان میزی بە خۆیدا كردبوو.

- یاڵلا پێشمان كەوە!

ئەمەیان گوت و بە بێ ئەوەی فریابكەوم شەڵوارەكەم لەبەربكەم بە پاڵنان سواری سەیارەكەیان كردم. ماشینەكە بەڕێكەوت. ناو ماشینەكە بە

پێچەوانەی دەرەوە زۆر لە بیست ساڵ لەوە پێش دەچوو. من کە کەمکەم خەریک بوو دەکەوتمە گومانەوە، هەوڵمدەدا لە شووشەکانەوە سەیری دەرەوە بکەم بۆ ئەوەی دڵنیا بم ئێرە نۆرویژە و نەک ئێران. جۆری خانوو و کۆڵانەکان پێیان دەگوتم هەڵە ناکەم. لەبەر خۆمەوە بە خۆمم گوت "ئەمە تەنیا گەمەیەکی بێتامە و بەس." بەڵام بۆ ئەمانەم نەدەناسی؟ گوتم:

- لێرە زستانان دەبێ تەگەری ماشینەکەتان بگۆڕن ئەگینا خەتەرە.

کەس وەڵامی نەدامەوە. گەیشتینە خانوویەک. دایانبەزاندم و بردمیانە ژوورەوە. لەوێیش دیسان کابرایەکی ریشن، مۆن و چاو گرژی لێبوو، بەڵام لە جیاتی ناو ماشین، لە پشت مێزێکی چڵکن دانیشتبوو. گوتی:

- دانیشە!

دانیشتم. گوتم:

- تەنیا گەمە دەتوانێ ئەو رستەیەی هیگڵ تێکبدا.

گوتی:

- چی!؟

- هیگڵ تەنیا هیگڵ. ئاخر من ئێوەم ناسیوە و بەم شێوەیە ئێوەیش خۆتان ناسیوە. بەڵام گەر دەتانەوێ بەردەوام بن لە کایە بێتامەکەتان فەرموون!

ـ بیست ساڵە بە شوێنتەوەین. هەموو شتێک دەزانین. بۆیە سەرتابەرمان بۆ بگێڕەوە. گوێت لێدەگرم. لە ساڵی چەندەوە دەستت پێکرد، لەگەڵ کێ بوویت، چیتان دەرکرد، پارەتان لە کوێ دەهێنا، چیتان بڵاودەکردەوە...

هەروا لە قسە بەردەوام بوو. نۆرەی من بوو پێبکەنم. گوتم:

ـ نیوەشەو کاتی کایە نیە. راستە من کابرایەکی بە تەحەمولم، بەڵام بە رۆژیش کایە دەکرێ!

هەر ئەوەندەم بە خۆم زانی زەبرێکی یەکجار قورس لەنەکاو بە دەموچاومدا درا و، وەک تۆپ بەرەو دووا فڕێدرام و تەختی زەوی بووم. دونیا لەبەر چاوم رەش و تاریک هەڵگەڕا. گوێم لێبوو لە ویزەویزی ناو کاسەی سەرمەوە دەنگێک تێپەڕی و، گوتی:

ـ کەرەکەر بەسە!

تەزوویەکی سارد بە لەشمدا گەڕا. من کە باوەڕم نەدەکرد لە نیوەشەوێکی سادەی ژیاندا لە کاتێکدا من وەک هەمیشە لە ژووری خەوەکەم خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفە بووم و نوقمی رستەیەکی گرینگی یەکێک لە فیلسووفەکانی مرۆڤایەتی بووم، کتوپڕ هەموو شتێک وەها بگۆڕدرێ کە ژیان وەک بیست ساڵ لەوە پێشی لێ بێتەوە و نۆرویێژ ببێ بە ئێران و ئێران بە نۆرویێژ، بڕیارمدا هەموو شتێک بدرکێنم.

بەڵام راوەستە! مەگەر هەر ئاوەها نەبوو کە لە نۆی ئاپریلی ١٩٤٠ کتوپڕ ئاڵمانییەکان تەنیا لە یەک رۆژدا هەموو دیمەنی ژیانیان لە نۆرویژ گۆڕی!

رووم کردە جەللادەکەم و پێش ئەوەی دەستبکەم بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی وا ئەو دەیویست بۆی بگێڕمەوە، ئەو چیرۆکەی وا من لە دووای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانە ئیستایش بە جوانی لەبیرمە، گوتم:

ـ ببورە خەتای هیگڵ بوو، هیگڵ!

## وەڕەزی

ماوەیەک بوو لە ژیان وەڕەز ببووم. بڕیارم دا پەڵەهەورێک لە ئاسمان بێنمە خوارەوە و سواری بم و وەڕەزییەکانمی پێ چارەسەر کەم. هەر لە منداڵییەوە، نازانم کێ، بەڵام کەسێک پێی گوتبووم فڕین وەڕەزی دەسڕێتەوە. ڕێک وەک با کە تۆزی دەشت رادەماڵێ و لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ و بە شوێنێکیا دەکا. هەرچەند من نازانم ئەو شوێنە کوێیە.

کە سوار پەڵەهەورەکە بووم، دراوسێکەم کە لە مێژە پیاوی حکوومەتە و حەزی بە راپۆرتدانە، دەستبەجێ موبیلە رەشەکەی کە لە چین کڕیویەتی، لە گیرفانی دەردەهێنێ و زەنگ بۆ شوێنێک دەدا. دایکیشم کە لە حەوشە خەریکی کۆکردنەوەی گەڵا هەڵڕژاوەکانی تاقە دارە سێوەکەیە، بە هەڕشەوە

به دستێک گسکەکەم لێ رادەوشێنێ و بە دەستەکەی تری روومەتی خۆی دەڕنێ و هاواردەکا "شەرت بێ بە باوکت بڵێم!"

با بیڵێ! ئەوەتەی لەبیرم دێ هەر پێی گوت و کەچی هیچیش لەم دونیایە نەگۆڕا. باوکم هەر ئەوە بوو کە بوو، دایکم و منیش هەر وەک جاران.

پەڵە هەورەکە دەمبا. ئەوەندەی پێ ناچێ گوێم لە دەنگی ماشینێکە بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرگاکەمان. چەند کەسێک لێی دادەبەزن. هاواردەکەن "لە کوێیە؟" دراوسێکەمان سەری لە سەر موبیلەکەی هەڵدەگرێ و هەر بە هەمان دەست وا موبیلەکەی پێیە، ئاماژە بە ئاسمان دەکا و دەڵێ "ئەوەتا لەوێیە!" ئەمە دەلێ و دیسان چاو لە موبیلەکەی دەبڕێتەوە. من لەو سەرەوە چاوم لە وێنەی رووتی ئافرەتێکە. چەکدارەکان سەر بەرزدەکەنەوە و یەکیان سیرەم لێدەگرێ. من کە دڵنیام فیشەک هەور نابڕێ، چاو لەسەر ئەو دیمەنە دڵتەزێنە هەڵدەگرم و لە ئاسمان دەڕوانم. کتوپڕ کۆترێک بەلامدا تێدەپەڕێ. بە سیلەی چاو لێم دەڕوانێ و دەڵێ "خۆشە؟" دەڵێم "خۆشە." ئەوسا فیشەکێک باڵی دەسمێ و چەند پەڕوپۆیەکی لێدەکاتەوە. کۆترەکە بەردەبێتەوە. لەبەر خۆمەوە بە چەکدارەکان دەڵێم "لە قوزیاکتان بەم!" دایکم کە نازانم چۆنی گوێ لێیە دیسان روومەتی دەڕنێتەوە، بەڵام ئەمجارە ناڵێ شەرت بێ بە باوکت بڵێم. رەنگە لەبەر ئەوەی من ئەم جوێنە لە باوکمەوە فێربووم.

پەڵەهەورەکە بەدەم باوە دەڕوا. هەتا لە زەوی دوورتر دەکەویتەوە، من هەستدەکەم وەرەزییەکان زیاتر لێم دەبنەوە. بەڵام،... بەڵام سەیرە هەست بە هیچ خۆشییەک ناکەم. باشە مەگەر خۆ قەرار نەبوو جێگری وەڕەزی، خۆشی بێت؟ نەک تەنیا هەست بە خۆشی ناکەم، بگرە جۆرێک لە هەستی چاوەڕوانی بەسەرمدا زاڵدەبێ. بیردەکەمەوە بۆ کوێ دەڕۆم. نەکا فڕین تەنیا جۆرێک لە چاوەڕوانی بێت! ئەوەندە شوێن تێدەپەڕێنی کە تەنیا دیسان بە تەمای شوێنێکی دیکەی. شوێنەکان هەموو ڕێگا دەگرنە خۆ. بەڵام من لەوە زیرەکترم ئەوەندە خێرا دۆخ بەسەرمدا زاڵ ببێ. من لەوێ کاتێک لەسەر زەویش بووم، زۆر خێرا وەڕەزییەکان نەیانتوانی بەتووشمەوە بن، بەڵام کە بەتووشمەوە بوون ئیتر بە تووشمەوە بوون! گاڵتە نەبوو. دایکم هەر چەند گوتی ژنت بۆ دێنم، باوکم هەرچی گوتی سەربازییەکەت بۆ دەکڕمەوە و باوەگەورەیش هەر چەند گوتی میراتەکەی باوکت دەدەمە تۆ، بەڵام وەرەزییەکان وازیان لێ نەهێنام.

پار ئەو کاتانە دایکم بۆ پاڕانەوە لە خودا، بۆ ئەوەی ئەم دەردە بێ دەرمانەی من چارەسەربکا، چوو بۆ حەج. لەوێ ئەوەندە توند بەردەکەی بە شەیتاندا دابوو کە بەردەکە کەوانەی کردبوو و سەری حاجییەکی پیری خەڵکی پاکستانی بریندارکردبوو. بەڵام ئەمە کێشەکەی منی چارەسەر نەکرد. شەیتان شەوێک هاتە خەوم و گوتی لە دایک و باوک بێ ئەقڵتر لە دونیادا دەست ناکەون. منیش بە نیشانەی ئەشەم بیللا سەرێکم بۆ

راوەشاند. ئەو کە چاوەڕوانی ئەمە نەبوو جگەرەیەکی داگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا و گوتی دەچێ بۆ خانم بازی. قوڕ بەسەری ئەو کچەی حەز لە شەیتان دەکا. ئاخر شەیتان لە رەگەزی مەلایکەکانە و ئەوانیش عەیب نەبێ... عەیب نەبێ... بە خوا رووم نیە بیڵێم،... ئەها، شەیتان خۆ کێری پێوە نیە. هێمن کە گوێی لەم قسەیەی منە، لە گوندی شیلاناوێ بەو نیوەشەوە پەردەی پەنجەرکەی لادەدا و بە وەڕەزی لێم دەڕوانێ و بە خوێندنەوەیەکی بەرز لە کاتێکدا دەنگە گڕ و خاوەکەی دەلەرزێ، دەڵێ "وەرە ماچێکم بەرێ ماچی خودایی کە بیزارم لە ماچی سینەمایی" من کە هێمنم لە دایک و باوکم پێ بێ ئەقڵترە کتوپڕ دەگەمە ئەو بۆچوونەی کە بەخوا ئەویش لە ئاخری عومری وەک شەیتانەکەی خۆمان بووە،... چەکی بێ فیشەک!

پەڵەهەورەکە سوورێک دەخوا و رێگا دەگۆڕێ. دەڵێم بەرەو کوێ، مەگەر هەوری ئەم وڵاتە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات ناڕۆن؟ دەڵێ بە با کەوتووە. دەڵێم کەواتە تۆیش ئازاد نیت؟ بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی و هەستدەکەم ئەویش منی پێ بێ ئەقڵە. دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە هەمووومان بێ ئەقڵین. زۆر سادە لەبەر ئەوەی بێ ئەقڵی راو بۆچوونە. کەس لەم دونیایەدا ناتوانێ لە راوبۆچوون دەرباز بێت. ئاگام لێیە پاشەڵی دەخورێنێ. دەڵێم چیە؟ دەڵێ وەک بڵێی شتێک کونی کردبێ. فیشەکەکان

گەیشتبوونە ئەمیش. کەواتە فڕینیش ئەمین نیە. بەڵام تازە سواری بووم. با ماوەیەکی تریش هەروا بەردەوام بم.

کاتێک دایکم چوو بۆ حەج، باوکم بە دزییەوە چوو بۆ ماڵی سۆزانییەک. نیوەشەوێکی یەکجار نووتەک بوو. سۆزانییەکە کە لای وابوو باوکم نەک بۆ گانکردن، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەکەی من رووی تێکردبوو، لەدووای ئەوەی لە نیازی راستەقینەی باوکم گەیشتبوو بەبێ راوەستان زۆر بێ منەتانە پێی گوتبوو "عەمرت نەمێنێ!" باوکم کە لەوە زۆڵترە بەم شتانە شەوەکە لە خۆی تێکبدا، لە وەڵامدا گوتبووی "یاخوا،... حەک بە دەمی تۆ بێت!" سۆزانییەکە تەواوی ئەو شەوە پێکەنیبوو. تەنانەت کاتێک باوکم بە سەریەوە هەنکەهەنکیشی بوو.

پەڵەهەورەکە هەر قنی دەخورێنێ. سەیارەی پەنچەر ناگاتە مەقسەد. دەڵێم "دابەزین هەیە!" دەڵێ "خۆ من سوارم نەکردووی تا دایشتبەزێنم!" راستدەکا. ئەوە من بووم ئەوم لەو ئاسمانە دابەزاند و سواری بووم. هاوار لە دایکم دەکەم بە باوکم بڵێ بچێ بۆ بازاڕ خێرا گوریسێک بکڕێ. باوکم لە پەنجەرەکەوە سەر دەردێنێ و دەست بە کێرییەوە دەگرێ و زمانی بستێک دەهێنێتە دەرەوە، دەیخاتە بەینی دیانەکانی و توند دەیگەزێ. نیگاکانی چەند زۆڵانەن. هاواردەکا "بەغدا نیوەی ڕێگات بێت!"

کە باسی بەغدا دەکا بیری هەزار و یەک شەو و بیری سەددام دەکەومەوە. بیری شارزاد کە سەدان شەو حەکایەتی گێڕایەوە بۆ دەربازکردنی گیانی

خۆی و بۆ سەددامێک کە نەیتوانی یەک شەو چییە تاقە چیرۆکێک بگێڕێتەوە. باوکم راستدەکا، رەنگە من بۆ ئەوە لە دایکبووم بچم بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ شوێنێکی تریش.

ئیستا دەزانم من لە خۆوە پێم وایە فڕین چارەسەرە. من لە خۆوە بە شوێن رەوینەوەی وەڕەزییەکانی خۆمەوەم. من دەبێ تەنیا بڕۆم و بڕۆم. بۆ ئەو شوێنەی کە نیە. بۆ ئەو شوێنەی تەنیا بە یەک مەرج هەیە، بە مەرجی بەردەوامیی وەرەزییەکان.

## شۆڕش ئەویشی برد

جامانەکەی خواردەبەست. سمێڵیکی زل دەوری دەمی دەدا و دوواتر بە چەناگەیدا شۆڕدەبووەوە. ئەو قژەی مابووەوە تاڵ تاڵ، درێژ، لێرەو لەوێ لە ژێر جامانەکەوە پێچ و لوولی دەخوارد و دیسان بە قەراخەکاندا هەڵدەزنایەوە. ریشی لاجانگەکانی درێژ درێژ وەک چەکمە شۆڕ ببووەوە و، سەرنجڕاکێشتر لە هەمووشیان مووی سەر سینگی بوو کە دەڵێی جەنگەڵستان بوو. جەنگەڵستانێک لە کراسە تەواو کراوەکەیەوە، لە ژێر

ملییەوە هەتا دەگەییە ژێر سینگی. ڕێک لەو شوێنەی پشتێنە پانەکەی کۆتایی پێ دێنا. سینگی، ڕەش و سپی، تێکەڵ و چڕ، نیگای هەموو کەسێکی دەقۆستەوە.

بەڵام خولە بێ منەت بوو.

زەمانی شا چریک۱ بوو. گوایا لە یەک دوو شەڕی دژی شۆڕشگێڕەکانیشدا بەشداری کردبوو. بەڵام ئەوەندە حاڵەتێکی خۆش و جێی سەرنج لە باڵای خڕ و سەری زل و روخسارە پڕ لە قۆشمەییەکەیدا هەبوو کە کاتێک شۆڕش کرا کەس کاری پێی نەبوو و، کەس ڕۆژێک لە ڕۆژان یەخەی نەگرت. نە بانگهێشتی دادگا کرا و نە ڕۆژێک کەسێک لە لاکۆڵانێکدا جوێنی پێدا، یاخود قەستی کوشتنیان کرد. بۆیە بێ خەیاڵ، ڕۆژەکانی دووای شۆڕشیشی تێپەڕکرد. خولە سمێڵ زۆر لە جاهیلەکانی ناو فیلمە فارسییەکانی زەمانی شایشی دەکرد. ئەو ڤێرژنی کوردییەکەی بوو. ڕەنگە ئەمەیش هۆکارێکی تری دەربازبوونی لە دووای شۆڕش بووبێ. کێ چووزانێ.

لە دووای شۆڕش خولە سمێڵ سەرنجی چووە سەر ئەو سازمانەی وا ناویان چریکە فیداییەکان بوو. بەڵام بە هۆی کەم سەوادبوونییەوە سەری لێشێوابوو و نەیدەزانی کە داخۆ ئەمانە هەمان چریکەکانی زمانی شا بوون یاخود شتێکی تر. بۆیە لە دووای چەند ڕۆژێک دەورو خولدانی مەققەرەکەیان و پرس و جۆی ئەم و ئەو، تێگەیشت ئەوانیش شتێکن وەک هەموو ئەو حیزبانەی تر وا وەک قارچک لێرەو لەوێ لەدووای شۆڕش

سەریانهەڵدابوو. ئەو حیزبانەی خولە نە رقی لێیان بوو و نە خۆشیشی دەویستن. ئەوانیش وەک زۆربەی بوونەوەرەکانی تری ناو ئەم گەردوونە سەیروسەمەرەیە.

خولە کاتێک زانی چریک بازی ئیتر نانی تیا نەماوە، بوو بە قاچاخچی و هاتوچووی ئەودیوی کرد. لەبەر ئەوەی کوڕێکی زیرەک و چاونەترس بوو زۆر خێرا خۆی لەم کارەدا بینییەوە و پارەیەکی سەریەک خست، بەڵام چونکە حەزی بە ژنان بوو یەک فلس چییە نەیتوانی سەر فلسێکی تر بخا. هەناسەی گەرمی ژنان، وەک بای هاوین ئەسکەناسەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت و بردیان. بۆ کوێ؟ کەس نازانێ. خولە سمێڵ بزەیەکی زۆڵانە دەیگرێ و دەڵێ "من دەزانم!" جەماعەتیش وەک هەمیشە قاقا پێدەکەنن. من لام وایە هەموو کەس ئاشقی چاوەکانی خولەیە کاتێک بزیەک دەیگرێ و دەکشێن.

خەڵکی گەڕەکی بلوارەکە کتوپڕ بەیانییەک لە خەو هەستان و بینیان خولە بووە بە نیگابانی گیا و چیمەن و درەختەکانی بلوارەکە و بە هەمان رواڵەتی جارانەوە دەورو خولی شوێنەکەی دەدا و پارێزگاری لێدەکرد (هەڵبەت دووای ئەوەی حکومەت هەموو حیزبەکانی راماڵی و لە شار دەریکردن). خەڵکی کە پێیان سەیربوو خولە وازی لە قاچاخچییەتی هێناوە، گەیشتنە ئەو رایەی دەبێ حەتمەن لەو دیو سنوور خۆی بەتووش کێشەیەکی ناموسییەوە کردبێ. هەڵبەت دەڵێن چەند جارێکیش لە لایەن حکومەتی

نوێوە داوایان لێکردبوو چەک هەڵبگرێتەوە، داوایەک کە خولە سمێڵ هەمیشە رەتی دەکردەوە و خۆی لێنەدەدا. وەک دەڵێن خولە بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە رووداوە گەورەکانی ژیان لەوە چاوەڕواننەکراوەترێکن وا مرۆڤ بۆی دەچێ، بۆیە بڕیاری دا پیاوی خۆی بێت و واز لەو کوتە ئاسنە بێنێ وا تەمەنێکی بەرچاو بە شانیا شۆڕی کردبووەوە.

بەڵام کێشە لەوەدا بوو خولە سمێڵ عادەتی بە چەک گرتبوو و بە بێ چەک نەدەژیا. لەبەر ئەمە بەدزییەوە کلاشینکۆفێکی کڕیبوو و لە ماڵەوە لە ژێرخان بە وردی شاردبوویەوە. جاروبارە لە دووای ئەوەی دڵنیا دەبوو ژن و منداڵ خەویان لێکەوتبوو و لە پشت پەنجەرەکەیشەوە لە بێدەنگبوونی دراوسێکانیشی دڵی ئاسوودە دەبوو، دەچوو و تفەنگەکەی دەهێنایەوە دەرەوە و دەستی دەکردەوە بە خاوێن کردنەوەی. خولە تەنیا لەم کاتانەدا بوو دەگریا. بە دەم خاوێنکردنەوەی کلاشینکۆفەکەیەوە بیری زەمانی زوو دەکەوتەوە و چەند دانە فرمێسکی گەشی لە بێدەنگیی ژوورەکەدا دەوەراند. لەبەر خۆیەوە دەیگوت بۆ زۆرترم لێ نەتۆپاندن تا بەم رۆژە نەگەین. ئەو، چاوە تەڕەکانیشی بە هەمان پەڕۆ وشک دەکردەوە وا تفەنگەکەی پێ دەسڕی. پەڕۆ چەورە زەردەکە دەڵێم.

خولە بە سۆندە چیمەنەکانی ئاودەدا، بنی درەختەکانی دەکردە گۆلەئاو و گووڵەکانیشی ئاوپژێن دەکرد. جاری وایش بوو لە سەر چیمەنەکە رادەکشا و سەیری ئاسمانی دەکرد. فریای وەڵامدانەوەی هۆڕنی ئەو ئۆتۆمبیلانەیش

دەکەوت وا تێدەپەڕین و دووراودوور سڵاوی زەوقاویان بۆ فڕێدەدا. بە گشتی ژیان زۆر خراپ نەبوو، هەرچەند تام و چێژی جارانی لا نەمابوو.

ڕۆژێکیان کاتێک خەریکی ئاودانی درەختەکان بوو، پاسدارێک کە مەققەڕەکەیان لەو بەر بلوارەکەوە بوو و خولە زۆر جار دووراودوور بینیبووی، لێی نزیک کەوتەوە. هەر گەیشتە ئەو، گوتی:

ـ سلام برادر، خستەنباشی!

خولە لە چاک و چۆنیدا قەت بە ژیانی کەمی نەهێنابوو.

ـ ممنون عزیز، خستە نبی جوانکم، فرمو بنیش. داڵکم وەساقت بیت!

خولە بە هۆی عادەتێکی کۆن و بە هۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ کرماشانییەکان لە تاران، حەزی دەکرد بە لەهجەی ئەوان فارسی قسەبکا. پاسدارەکە دیسان گوتیەوە:

ـ می گم قباحت دارە!

خولە کە پێی وابوو لەسەر خانم بازییەکانی بیستوویانە، یاخود بە تفەنگەکەیان زانیوە، لە قسەکانی کەوت و هەروا بێ جووڵە بە شلینگی ئاوەکە بە دەستیەوە لە کابرای دەڕوانی.

ـ می گم قباحت دارە!

ئەوجا دەستی بۆ سینگی خولە سمێڵ ڕاداشت.

خولە سەیری سینگی خۆی کرد، وەک بڵێی یەکەم جارە دەیبینێ. پاسدارەکە گوتی:

ـ قباحت داره، خواهران می بینن و خوب نیست. خلاف شرع اسلامه. تحریک کنندەست،... قباحت داره برادر!

خوله کە لەو سەرەوە لە سینگی خۆی دەڕوانی و بۆیە باشتر لە کابرای پاسدار ئاگای لە چڕیی جەنگەڵستانەکە بوو، گوتی:

ـ عزیز! خانوما کە چیزی نتوانن بینن، همەش تووکە!

ـ تووک؟!

ـ آرە تووکە.

ـ مسخره می کنی؟

ـ مسخره؟!

پاسدارەکە کە تەواو تووڕەببوو، یەکەوڕاست چەکی لە خولە سمێڵ کێشا و بە سەریا نەڕاندی "ضد انقلاب عوضی یالا راه بیفت،... یالا!" خولە کە واقی وڕمابوو هەروا لە دیمەنەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانی. پاسدارەکە پێشی خۆی دا. خولە، شلینگەکەی فڕێدا و لە جادەکە پەڕییەوە. بیری کردەوە باشە چ دەبوو ئەگەر لایکاتەوە و پێی بڵێ کە ئەو لە دڵیشی وەک بولبولی ناو ئەم جەنگەڵستانە دەڕوانێ. ها چ دەبوو؟ رەنگە پێبکەنێ و واز لەم کایە ترسناکە بێنێ. بەڵام دەنگێک لە دەروونەوە پێی دەگوت هەتا قسەنەکا باشترە. گەیشتنە مەققەڕەکە. لەوێ بەتووش چەکدارێکی ترەوە بوون. چەکدارەکان پێکەوە قسەیان کرد. لە دەرگایەک کە ئەویش بۆ خولە بە هۆی کارە نوێکەیەوە یەکجار ئاشنا بوو و گەلێک جار لە دوورەوە لە

کاتی ئاودانی چیمەن و گووڵەکاندا بینیبووی، ئاودیویان کرد و بۆ ماوەی یەک هەفتەی رەبەق لەوێ مایەوە.

خولە سمێڵ کاتێک هاتەدەر، نە سمێڵەکەی جارانی بە روخسارەوە مابوو و نە یەک تاڵ مووی سەرسینگ کە بە درێژایی ژیانی، شاهانە خزمەتی کردبوو و ببوو بە پێناسەیەکی گرینگی کەسایەتییەکەی. خولە ئیستا دوگمەکانی تا سەرەوە دادەخست و بەهۆی ئەوەی سەرسینگی دەخورا بەردەوام بە دەستە زل و زبرەکانی دەیخوراند. خوراندن بە خوراندن دەیگوت جێم بکەوە!

لە شارەداری دەریانکرد و بەم شێوەیە وازیشی لە خزمەتکردنی چیمەن و درەخت و گووڵەکانیش هێنا. خولە رووی لەماڵەوە کردەوە.

بەڵام بەخۆشییەوە ژیان پڕە لە رووداوە گەورە چاوەڕواننەکراوەکان. ئەوەندەی پێنەچوو شەڕی ئێران و عێراق رووی لە ناوچەکەی ئەوانیش کردوو و ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند خەڵکی نیگایان زۆر لەسەر سینگە بە جل داپۆشراوەکەی نەمێنێ و ئەوەندە نەقڵی مەجلیسی خەڵکی نەبێ.

کۆتاقسە ئەوەی کە خولە ئیستا بەپێچەوانەی سەردەمی شۆڕش حەزی بە رووداوە گەورەکانە. لای ئەو وەها نیە هەموویان وێرانکەربن، یەک وێران دەکا و یەک ئاوەدان. وەک هەموو شتێکی ئەم دونیایە. گەر خوایش یاربێ رەنگە شار وەها چۆڵ بێ و شەڕ وەها ئەم ناوچەیە بگرێتەوە کە سەر لە نوێ سینگی بکاتەوە بە جەنگەڵستان و دوگمەکانی تا سەر پشتێنەکەی،

ڕەنگە ناوکیشی، بکاتەوە و وەک جاری جاران پیشانی ژنانی بداتەوە. ژنە شێت و عەودالەکانی شەیدای جوانیی پیاوان. چ شتێکیش لە تووکی سەرسینگ جوانتر و هەست بزوێنەرتر، بەتایبەت کاتێک با لێی دەدا و دەیلاوێنێتەوە!

ڕاستی فارس بە تووک دەڵێن چی؟ خولە سمێڵ دێتەوە بیری. سەرێک بادەدا و ڕقی لە گەمژەیی خۆی دەبێتەوە. ئاخر لە زمانی کوردیشدا هەر هەمانە. بەڵام تووک یان موو، تازە هیچ دادێک نادا. شۆرش مووە ماش و برینجییەکانی سەر سینگی ئەویشی لەگەڵ خۆی برد،... هەرچەند درەنگ،... هەرچەند بە دوو سێساڵێ دووای ئەوە.

ژێرنووس:

١- چریک لە زەمانی شا بەو چەکدارە کوردانەی دەگوترا وا لە لایەن حکومەتەوە چەکدارکرابوون.

## ئێوارەی سکاندیناڤیا

دووای ئەوەی کوڕەکەم لە زانکۆ وەرگیرا و دە رۆژ پێش هاتنی پاییز کەل و پەلی پێچایەوە و بەرەو شارێک بەڕیکەوت کە پێنج سەد کیلۆمتر دووربوو، من کە لە ئێوارەیەکی دڵتەنگی رۆژێکی پاییزی لە ژیانی سکاندیناڤیا لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبووم و لە تارمایی دەرەوەم دەڕوانی، وەها هەستم بە بەتاڵایی ژیان کرد کە هەر ئەو شەوە لەسەر نێت سەگێکی خرپنی تووکنی رەشم کڕی. بیست هەزار کرۆنم پێدا. لە حسێبێکی سەرپێیدا (گەر هەڵە نەکەم) تێگەیشتم حقوقی یەک سالی کرێکارێکە لە ئێران.

من ئەو شەوە، بە هۆی رووداوێکی کتوپڕ، رازی خڵقەتی سەگم دۆزییەوە!

دووای چەند رۆژ ماشینێک سەگەکەی هێنایە بەر ماڵەوە. لە دووای وەرگرتنی فایلێکی بچووکی پڕ لە کاغەز و هەندێ زانیاریی سەرپێی، سەگەکەم بردە ژوورەوە.

باشیی سەگ ئەوەیە زۆر خێرا خوو بە خاوەنە تازەکەی دەگرێ. من دووای ئەوەی کەمێک خواردنم دایە و سووڕێکی خێرای ناو ژوورەکانیشم پێدا

بردمەدەرەوە. هاوڕێ تازەکەم چەند بە سەرسووڕمانەوە لە دەورووبەر و لە منی دەڕوانی.

هەر ئەو شەوە چەند وێنەیەکم لێگرت و ناردم بۆ کوڕەکەم. ویستم بەم شێوەیە پێی بڵێم ژیان وەک جاران نەماوە و لە دووای ڕۆیشتنی سالانی سال لەوە پێشی دایکی ئیستا کەسێک هەیە لە تەنیشت من لە ناو ئەم خانووەدا چاوەڕوانیی دەکا. ڕێک چوار چاو. کەسێکی ڕاستەقینە کە هەبوونی ئەو نەک بۆی کێشە نیە، بەڵکو هەوێنی خۆشیی زیاتریشە. ئەو وێنانەی ئەو بۆ سبەی لێیانی ڕووانیبوو (بە گوێرەی مسەنجرەکە). نازانم بۆ، بەڵام دەستبەجێ لە دووای ناردنی وێنەکان لە ئیلهامێکی کتوپڕدا ناوی سەگەکەم نا "ئێوارەی سکاندیناڤیا". بۆ سبەی دراوسێی دەستی ڕاستم کە پیاوێکی تەمەن گەڕاوەی میهرەبانە زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی هاوژیانە نوێیەکەی لێکردم. منیش بە گەرمی (پێم وابێ) وەڵامم دایەوە. تازە پیشنیاریشی کرد جاروبارە پێکەوە سەگەکانمان ببەینە دەرەوە. پێشنیارێک کە من نازانم وەڵامم دایەوە یان نا.

ئیتر من و ئێوارەی سکاندیناڤیا پێکەوە ڕاهاتین و، زۆر جار پێکەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری ئێوارەی سکاندیناڤیامان دەکرد.

پاییز تێپەڕی و زستان هات. بەفرێکی سپیی ئەستوور دونیای داپۆشی و ڕۆژەکان وەها کورت بوونەوە کە ئێوارەی سکاندیناڤیایش نەما. بۆیە من و سەگەکەم لە پشت پەنجەرەکەوە لەو مەنزەرەیەمان دەڕوانی وا نەماندەزانی

بەیانییە، نیوەڕۆیە یان ئێوارە. بەستەڵەکی سەر دەریاکەیش دەیگوت هەموو شتێک تەنیا سەهۆڵبەندانێکی راستەقینەیە لەبەر پێی ئەو هەتاوەیدا وا بەرزنەدەبووەوە، دادەکەوت!

تێپەڕینی رۆژەکان، هەفتەکان، مانگەکان و وەرزەکان پێیان دەگوتم رابردوو ئیتر رابردووە و ئەوەی هەیە تەنیا من و سەگە خرپنە رەشەکەیە. پەنجەم لە تووکە رەشە چڕەکانی وەردەدا و لووتم لە لووتی دەخشاند و بە ئارامی دەمگوت "زانست پێویستی بە تەنیایی مرۆڤەکانە."

لە بیرم دێت کوڕەکەم بۆ کریسمەس نەهاتەوە. زەنگی دا و گوتی بابە هاوڕێی باشم پەیداکردووە و نایەمەوە. منیش وتم نایەیتەوە؟ دەنگەکە کەمێک لەو بەر هێڵەکەوە راما و، پاشان گوتی نایەمەوە. تەلەفۆنەکەم دانا. لەبیرم دێ ئەوەندەی پێنەچوو دۆستێکی کۆن کە کاتی خۆی، لە دووای رۆیشتنی دایکی کوڕەکەم، پێکەوە ماوەیەک ژیابووین و دوواتر لە سەر ئەوەی سەگ بکڕین یان نا، لە یەکتر جیاببووینەوە، زەنگی دا و گوتی "سبەی ئێوارە بچین بۆ باڕێک؟ دەعوەتی منی."

- بچین.

ئەو لەوبەر مێزەکە و منیش لەم بەر دانیشتبووین و دەمانخواردەوە. پاڵتۆ رەشەکەی داکەندبوو و مەمکەکانی وەک دوو گرکەی شیرین و بەتام لە ژێر کراسە خاوەکەیەوە لەرەلەریان بوو. نازانم بۆ، بەڵام سەرنجم چووە سەریان. لەبەر خۆمەوە بە خۆمم گوت "بەڕاستی ئەوانە جاران هی من

بوون؟!"، "من بووم ئەوانەم لە مشت دەگرتن؟!" هەرچیم دەکرد نەدەهاتەوە بیرم. تیشکە رەنگاوڕەنگە پڕ جووڵەکان ئەوەندەی تر دیمەنەکەیان لەبەر چاومدا جوانتر کردبوو. ئەو کە سەرخۆش ببوو و بەردەوام قسەی دەکرد و هەوڵیدەدا ناوناوەیش بە قسەی خۆش سەرنجڕاکیشتریان بکا، کتوپڕ بێدەنگ بوو. پێکێکی هەڵدا و بە دەنگێکی خاو گوتی:

ـ ئەمشەو سەگەکەم لەماڵەوە بە جێ هێشت.

ـ منیش هەر وەها.

بە سەرسوورِمانەوە لێمی روانی و، گوتی:

ـ سەگت هەیە؟!

ـ هەمە.

ـ گاڵتە ئەکەی، خۆ... خۆ ئێمە لەسەر سەگ جیابووینەوە،... تۆ... تۆ حەزت لێی نەبوو.

ـ ئیستا حەزم لێیەتی.

شێتانە دەستی کرد بە پێکەنین. پاش ماوەیەک گوتی:

ـ ئای شێتە!... راستی نێرە یان مێ.

ـ نێرە.

ـ هههههە،... ئەمشەو جا نێرەکان لای مێیەکان یان مێیەکان لای نێرەکان، هههههە...

ـ بۆچی؟

**- بۆچی!... حەح... بۆچی ی ی ی؟... مەگەر... تێناگەی،... مەگەر لەبیرت چووەتەوە؟!**

**- چیم لە بیر چووەتەوە؟**

**- ئاااێ خودایە،... خودای میهرەبان، عەجەب دونیایەکە!... دەچم بۆ ئاودەست!**

**ئەوسا هەستا و چوو بۆ ئاودەست. پێش ئەوەی بێتەوە هەستام، چووم خواردنەوەکەم حسێب کرد و بەرەو ماڵەوە بوومەوە.**

**ئێوارەی سکاندیناڤیا بە دیتنی من پەڕییە باوەشم. دەموچاوی لستمەوە. بەو نیوە شەوە بردمە دەر و میزێکم پێکرد. هەوا دە دەرەجە ژێر سفر بوو. سێبەری دراوسێکەم لە پشت پەنجەرەکەیانەوە بینی. جێ پەنجەی پشیلەیەک بەسەر بەفری تازەوە سەرنجی راکێشام. بیرم کردەوە داخۆ رۆژانی کریسمەسی ساڵای داهاتوو چۆن دەبێ.**

**کە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتم تەلەفۆنەکەم بە دەستەوە گرت و کەمێک لە ئینستاگرامدا بە ناو وێنەی هاوڕێ و ئاشنا کۆنەکانمدا گەڕام. شتێکی تازەی وەهایان تیا نەبوو. ئەوسا وێنەی کوڕەکەم بینی. بەختەوەر لە ناو هاوڕێ سوور و سپییەکانی لە جەژنی کریسمەس روومەت بە روومەتی کیژێکی جوانەوە. وێنەیەکی ئەمشەو. پێنج سەد کیلومتر لەو بەر وڵات. بزەیەکم هاتێ. "گرینگ ئەوەیە هەست بە بەختەوەری بکا." ئەوسا تەلەفۆنەکەم دانا. سەگەکە لەبەر قاچەکانمدا دانیشتبوو و لە کاتێکدا سەری لەسەر**

عەرزەکە بوو لە چاوانی منی دەڕوانی. بزەیەکم هاتێ. تەلەفۆنەکەم دەرهێنایەوە، خستمە سەر وێنەی کوڕەکەم و لەبەر لمبۆزیدا رامگرت، وتم:

- ئەمە کوڕی منە. دەیبینی،... لە داهاتوودا دەیبینی!

تەلەفۆنەکە زەنگی خوارد و سەگەکە راچەنی.

- ئەلۆ!

- ئەوە بۆ رۆیشتی، ئەمشەوت تێکدا. پلانێکی چاکم دانابوو. ئەوەی جاران دەبوو وا هەمیشە حەزت لێی بوو.

- جاران!؟

- گێژەی ی ی،... بێ ئەدەب!

دەنگ نەما. ئەوسا پەیامێک هات. بینیم پارەکەی بۆ ناردبوومەوە. تینووم بوو. لیوانێک ئاوم خواردەوە و لەسەر مۆبلەکە پاڵکەوتمەوە. لام کردەوە و لە خوارەوەم رووانی. ئێوارەی سکاندیناڤیا چاوەکانی خەمین بوون. هەستام. دەستم بە سەر و بە لمبۆز و بە پشتیدا هێنا و گوتم؛

- نا هاوڕێ، ئیتر تۆ نا،... ئیتر تۆ نا.

بەو نیوە شەوە لە ژووره نیوەتاریکەکەدا نووزەیەکی لێوەهات.

- هەموو شتێک باش دەبێتەوە،... هەموو شتێک. تەنیا ئەوەندەی من و تۆ و ئەو پێکەوە ئێوارەیەک دانیشینەوە. لێرە لە پشت پەنجەرەکە.

لە بوومەلێڵی خەیاڵەکاندا بەرەبەرە خەو بردمیەوە. ئێوارەی سکاندیناڤیا پەڕییە سەر قەنەفەکە، رێک لە بەر پێیەکانم و سەری خستە سەر قاچەکانم.

دەنگی پێکەنینی کریسمەسانەی کوڕەکەم لە گوێکانمدا دەزرینگێتەوە. ساڵەکان کشانەوە و ڕێگایان کردەوە. باوەگەورەم هاتەوە خەیاڵ.

ڕەنگە ژیان لە ڕاستیدا ئەمە بێت. تەنیا ئەمە!

سکاندیناڤیا هەناسەی قورسە. چەند جوان دێنە گوێم. لە دڵەوە سوپاسی بوونی دەکەم. بڕیاردەدەم سبەی وێنەیەکی خۆم و ئەو بۆ کوڕەکەم بنێرم. پێکەوە. بێگومان بە دیتنی بزەیەک دەیگرێ و خۆشییەک لە دڵیا دەگەڕێ.

ئا، بێگومان سبەی وێنەکە دەگرم. من باوەگەورەم بینیبوو کە جاری وابوو پێدەکەنی. جارە دەگمەنەکان. پێکەنینەکانی چەند شیرین بوون،... چەند شیرین!

## ژیان بەردەوامە

براگەورەکەم شاعیر بوو. وەک بۆخۆی دەیگوت لێدانەکانی سەردەمی منداڵی باوکم و تووڕەبوونەکانی باوەگەورە و مەزڵومییەکەی دایکم ببوونە هۆکاری شاعیریەتییەکەی. ئەو کە نزیکەی سی ساڵ تەمەنی بوو و هێشتا بە دزییەوە جگەرەی دەکێشا، لە ژوورەکەی دادەنیشت و لە کاتێکدا دەفتەرەکەی بەباوەشەوە دەگرت، بە قەڵەمە 'بیگ'ە رەشەکەی بە وتەی خۆی شیعرە نەمرەکانی دەنووسی.

یەکێک لە شیعرەکانی ئەمە بوو:

منداڵیی من

لە کۆڵانێک بەجێما

خۆڵاوی

بە کۆمەڵێک منداڵ و

لەتێک نانی بە ڕۆن و...

حەزێک

کۆڵانێک رووەو رۆژئاوا

ئەو کۆڵانەی هەموو رۆژێک

مشتێ گەنمی خەیاڵم تیا دەچەند

بە تەمای گەورەبوون

تا رۆژێک

بەڵکو لە گەنمەجاڕەکانی گەورەیی

بۆن نان و

بۆنی ژیان و

بۆنی... داهاتوو بکەم.

برا گەورەکەم عادەتێکی سەیری هەبوو. کاتێک شیعری دەگوت، یاخود وەک بۆخۆی دەیگوت کاتێک ئیلهامی بۆ دەهات، بە دەنگی بەرزیش بە دەم نووسینەوە دەیخوێندەوە. باوەگەورە کە لە ژوورەکەی تەنیشتی دادەنیشت

و سالانی ساڵ بوو کاسبی نەدەکرد و بە تەمای پارە و یارمەتیی کوڕەکەی، واتە باوکی براگەورەکەی شاعیرم بوو، بە دەنگی بەرز لە کاتێکدا تەسبێحە دەنک قەزوانییەکەی هەڵدەسووڕاند، هاواری دەکرد: "تڕحێو!"

بەڵام براگەورەکەم مکوڕ بوو. گوێی بە تڕحێوەکان نەدەدا و بەردەوام بوو لەسەر بەزەمینی کردنی ئیلهامەکان و وەک بۆ خۆی دەیگوت بەتەمای "بۆنی نان و بۆنی ژیان و بۆنی... داهاتوو" وازی لە ڕەشکردنەوەی لاپەڕە سپییەکان نەدەهێنا.

من کە زۆر عەقڵم بە دنیا نەدەشکا، لام سەیر بوو کە براگەورەکەی شاعیرم چلۆن بە سی ساڵ تەمەنەوە هیشتا خۆی وەک مرۆڤێکی گەورە نەدەبینی و بیری لە ڕۆژێک دەکردەوە کە بەڵێن بوو بێت.

باوەگەورە دەیگوت "کەرە و بێگومان چووەتەوە سەر یەکێک لە باو و باپیران!" کە ئەویش بۆ خۆی نەیدەزانی کێیە. منیش لام وایە ئێمە کتومت لەیەکێک دەکەین لەو کەسانەی وا لە رابردوویەکی دووردا ژیاوە. کەسێک کە بەردەوام لە ئێمەدا دەژی و واز لە ژیان ناهێنێ. رەنگە ئێمە تەنیا بۆ خەیاڵکردن پێمان نابێتە ئەم دونیایەوە. خەیاڵکردنی کەسانی تر لە ڕێگای ئێمەوە.

برا شاعیرەکەم عارەقیش دەخواتەوە. کە سەرخۆش دەبێ پلکە لێدەدا و بە دەنگی بەرز گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەڵێتەوە. جاری وایە هەڵدەستێتە سەرپێ و قونیشی بۆ بادەدا. دووکەڵی جگەرەکەی لالێوی وەک دووکەڵی

ئاگری سوورپێستەکان لە کاتی پێش جەنگدا پێچ و لوول دەخوا و بەرەو ئاسمان دەبێتەوە. رەنگە دوژمنێک لەو دوورانەوە بیبینێ و خۆی بۆ جەنگێکی نەخوازراو ئامادەبکا. گەر بە جوانی لەبیرم مابێ پێم وابێ توومتن و پەڕە بوو دەکێشا. باوەگەورە دەڵێ "ئەوە دیسان لە گووەکەی خواردووەتەوە..." من کە نازانم ئەم رستەیە پرسیارە یاخود رستەی هەواڵە، بە خۆم دەلێم رەنگە هەر دووکیشیان بێت. باوکیشم گوێی ناداتێ و دەڵێ چاوی دەرێ! دووادیمەن گۆشەی تەڕی لەچکەکەی دایکمە کە ئەوەندە کۆنە و ئەوەندەی شۆردووەتەوە لەچکەکە چیتر ناتوانێ ئاو و فرمێسک لێک بکاتەوە.

یەکێک لەو ساڵانە وا براگەورەکەم بەردەوام بوو لە شیعروتن تیایا، باوەگەورە داوای ژنی کردەوە. مامم پێی گوت عەیبە و خۆ ئەوەندە نیە دایکم (یەعنی دایەگەورەی من) مردووە. گوتی جگە لەمە تۆ تەمەنت گەڕاوەتەوە و عەیبە و دەبینە قەشمەجاڕی خەڵکی. بەڵام باوەگەورە هەر دوو قاچەکانی خستبووە ناو یەک پێڵاوەوە و سووربوو لەسەر ژن هێنان. سەرئەنجام لە گوندێکی سەر سنوور پیرەژنێکیان بۆ دۆزییەوە کە تەنیا بیست ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو. شەوی گواستنەوەی بووکێ براگەورەکەم یەک بتڵ ئارەقی خواردەوە و لە پشت پەنجەرەی ژووری پەردە تا بەیانی گریا. باوکم سوێندی خوارد ئەمساڵ نا، ساڵێکی تریش نا بەڵکو پێنج ساڵی تر ژنی بۆ بێنێ. برا شاعیرەکەم لە خۆشیا ئەو رۆژە چوو لە جیانی توومتن و پەڕە

پاکەتێک وینستۆنی ئامریکایی ئەسڵی کڕی و ئەوەندەی لا بەتام بوو کە تا نیوەڕۆ هەمووی کێشا. من کە تازە ناوی سەرەتانم بیستبوو، بە کاوەخۆ لێی نزیک کەوتمەوە و گوتم ئاگات لەخۆت بێت سەرەتان دەگری و بە ژووری پەردە ناگەی! براشاعیرەکەم بە نیگا خەمگینەکانی لای لێکردمەوە و بە بزەیەکی تاڵەوە یەک بە خۆی دەنگی هەڵبڕی: "لە سینەی قەبران هاوارە، حاکم بمدا لە سێدارە، دەستهەڵگیر نیم لەو یارە!"

بۆ شەو من میزم کرد بە خۆما.

باوکم کە ئەم هەواڵەی بیست گوتی کەمەری شلە دەبێ بۆی سفت کەینەوە. من کە ماوەیەک بوو نیگام زۆر دەچووە سەر سینگ و سمت و لار و لەنجەی کچان و پێم وابێ سمێلیشم تازە بە گوتەی باوەگەورەم گووگرە ببوو، شەوێکیان باوکم کەمێک تریاکی بۆم هێنایەوە و پێی کێشام. من کە کەمەرم سفت ببوو و هەستم بە ئازایەتییەکی سەیردەکرد لە سەر لاشان لێی پاڵ کەوتم و لە کاتێکدا بەردەوام مژم لە حەیاتەکە دەدا دەستم کرد بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی کەمال محەممەد: "کەشتییەکی وێڵ لە دەریای تووشا، تۆ بڵێی ڕۆژێ بگاتە کەنار". ئەوەندەی پێ نەچوو باوە گەورە زرم زرم بە مشت بە دیوارەکەی نێوان ژوورەکەی ئێمە و خۆیدا کێشا و قیڕانی "دیسان گووەکە!" باوکم بۆ ئەوەی باوەگەورە ناڕاحەت نەبێ توورەکەیەکی هێنا، بۆ ئەوەی نەخنێکم دوو کوونی تێکرد و گوتی لە ناو ئەمەدا گۆرانی بڵێ. کە لە گۆرانی وتن بوومەوە، هەر لە ناو توورەکەکەوە لە باوکم پرسی داخۆ کەمەر سفت

**و سۆڵ بۆچی تر باشه؟ باوکم گوتی کوڕم بۆ شتێکی تریش باشه که جارێکه زووه تۆ بیزانی. گوتم خۆ کاکم دەیزانێ بەکەڵکی چیهات؟ باوکم که تەواو تێکچووبوو هەستایه سەرپێ، رووی له پەنجەرەکه کرد و یەک به خۆی هاواری کرد "دەمت داخه گوو بخۆ!"**

**من که هەستم دەکرد به تێپەڕینی کات هەتا دێت، له شاعیری بەدەر، زیاتر دەچوومەوه سەر کاکم، ئێوارەیەکیان چوومه ژوورەکەی و لێم پرسی لای وانیه ئەو شیعرەی به سەر منداڵی و کۆڵان و نان و شتەکانی تردا هەڵیداوه بەهەڵه گوتوویەتی، داخۆ ئەمه هۆکاری به ڕەبەن بوونەکەی نیه؛ گوتم داخۆ ئەمه هۆکاری ئەوه نیه باوکم و باوه گەوره ژنیان بۆ نەهێناوه. گوتم وا باشتر نەبوو له جیانی کۆڵانی رووەو رۆژئاواو و گەنمەجاڕەکانی گەورەبوون و شتەکانی تر رێک بچووایەته سەر بابەتەکه بەڵکو فکرێکیان بەحالیان بکردایه و ئیستا چوار ناڵ بەرەو چلەکانی تەمەن بێهووده له غاردان نەبووایه. گوتم لای وانیه باوەگەوره بەو تەمەنەی خۆی و بگره هەر زۆر زوو له دووای مردنی دایەگەوره زوو ژنی هێنایەوه تەنیا لەبەر ئەوەی شاعیر نەبوو؟**

**برا شاعیره بەستەزمانەکەم بێدەنگ بوو. هەروا له ناوچاوانمی دەڕوانی. سەرئەنجام غیرەتم دا به خۆم و گوتم لات وانیه ئەو ئاوەی تۆ رشتووته منیش خۆبەخۆ قاچم تێناوه و منیشی گرتووەتەوه.**

سەرئەنجام وەک بڵێی لە خەوێکی قووڵ خەبەری بووبێتەوە، گوتی: "وادیارە شیعرەکەت بە جوانی لەبیر نەماوە. من لەوێ باسی شتەکەم کردووە. لەوێ وشەی 'حەز'م هێناوە و بگرە لە دووادێڕیشدا دیسان زۆر بە روونی باسم لێکردووە. ئەها ئەو دێڕەی دەڵێ 'بۆنی... داهاتوو بکەم...'، گوتم کوا لەم دێڕەدا باست کردووە، مەبەستت چییە؟ گوتی ئەو سێ خاڵە کە لە پێش 'داهاتوو' هاتووە ئەو شتەیە وا من مەبەستمە!

ئەو شەوە پێش خەوتن شیعرەکەم هێنایەوە و جارێکی تر بە جوانی خوێندمەوە. من جگە لە حەزی مرۆڤێک کە لە نێوان منداڵی و گەورەییدا دێت و دەچێ و سەرئەنجام دەیەوێ گەورە بێت چی ترم نەدۆزییەوە. گەورەبوونێک کە خۆی دەشارێتەوە.

حەک کە شاعیرەکانیش چەندە گەمژەن! نازانم بۆ پارووەکە لە پشتەوە دەبەن بۆ دەمیان! رەحمەت لە گۆڕت باوەگەورە، ئیستا مابای بێگومان سێهەمی و چوارەمیشت حەلاڵ دەکرد... رەحمەت لە گۆڕت،... نۆشی گیانت بێت!

دەرەوە مانگەشەوە. کوندەپەپوویەک دەخوێنێ. گوێم لە باوێشکەکانی باوکمە. دایکم چەند رۆژێکە لەچکێکی تازەی سپی بەدیاری بۆ هاتووە. ئاگام لێیە ئەو شەوە دیسان براگەورە شاعیرەکەم شیعری دێتەوە. دەفتەر و قەڵەمەکەی هەڵدەگرێتەوە و بە لاجانگە سپییەکانییەوە خۆی بە ژوورە هەمیشەییەکەیدا کە رەنگی ئەوی گرتووە، دەکاتەوە. هەر لەو کاتەدا

باوەگەورە و نەنکە زڕەکەیشم بە لەرەلەر خۆیان بە ژوورەکەی خۆیاندا دەکەنەوە. بۆ ترحێویکی تر،... ئەمجارە باوەگەوەرە تەنیا نیە.

منیش لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ژووری باوەگەورە دراوسێ نیم، بەڵام گوێم لێیانە. ترحێوەکان سنووری دوو دیواری خانوویەکی قەدیمی دەبەزێنن و دەگەنە منیش. ترحێویکی دوو قۆڵی. من تەنانەت گوێم لە دەنگی راکردنی قەڵەمەکەیشە بەسەر لاپەڕەکاندا.

ژیان بەردەوامە.

## قاتی چوارەم

لە قاتی سەرەوەمان لەو ئاپارتمانەی دەژین، ماوەیەکە شەڕە. کوڕی ماڵەکە کە تەنیا هەژدە ساڵی تەمەنە، لە شارێکی بچوکی سەر سنووری وڵاتێکی ئاسیاییەوە ئاشقی کچێکی نەشمیلی برازیلی لەوسەری دونیا بووە. رەنگە بڵێن چۆن. دەبێ بڵێم زۆر ئاسان لە رێگای نێتەوە. ئەوان یەکتریان بەرێکەوت لە فەیسبووکدا دیتەوە. ئەگەرچی هەردووکیان بە ئینگلیزییەکی سەقەت دەدوێن و دەنووسن، بەڵام بەهەرحاڵ بەشی ئەوەندەیان تیایە تێبگەیەنن و تێبگەن. ئەشقیش وەک دەزانین زمانی ناوێ.

کوڕەکە هەر دوو قاچی خستووەتە ناو پێڵاوێکەوە و دەڵێ ژنم دەوێ و ئیللاو بیللایش هەر ئەو کچەم دەوێ! دەڵێ دەمەوێ لە برازیل ژن بێنم. ژنێکی برازیلی. باوکی کە هەر نازانێ برازیل لە کوێیە، سەرەتا وەک گاڵتە گرتی، بەڵام بەرەبەرە تێگەیشت نا وانیە و کێشەکە لەوە قووڵترە لەسەرەتاوە بۆی دەچوو. هەرچی قسەیان لەگەڵ کرد و کەس و کاریشیان بەگژدا کرد

چاری کێشەکەی نەکرد. ئەشق وەک هەمیشە هەتا هەست بە بەرهەڵست بکا، بەهێز و بەهێزتر دەبێتەوە.

کوڕە تا بەیانی لە پشت کۆمپیوترەکەی دادەنیشت و چاتی دەکرد. بەیانی زوو هەر لە چات دەبووەوە بە چاو هەڵماسیوەکانی تا عەسر بۆی دەخەوت. شەویش هەتا دنکە رەشتاڵە بە وتەی 'حەمە عەزیز'ی شاعیر بەژن رێک لەنجە جوان خاوەن سەرنج شێوە پەرییەکەی دەردەکەوت، بێ ئۆقرە دەهات و دەچوو و خۆی بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ دەکرد. یاخود دیسان بە پیاسە وەیلانی ناو پەیج و وێنەکانی کچە بڕازیلییەکە دەبووەوە.

دایکی، بەڕێکەوت کچەکەی بینی بوو. هەتا بڵێی لای خوێن شیرین بوو. بەو فانیلی زەرد و شۆرتە سەوزەوە وا لەبەریابوو و، ئەو ران و سینگ و شان و ملەی وا دەریدەخست، بەجوانی لە حاڵ و هەوای کوڕە بێچارەکەی دەگەیشت. رۆژێک چووە لای کوڕەکەی و داوای لێکرد وڵاتی بڕازیلی پێ نیشان بدات. کوڕەکەی چووە سەر نەقشەی جیهان و لە کاتێکدا مووسەکەی بە سەریعی دەهێنا و دەبرد، وتی وەک دەبینی لێرەوەیە هەتا ئەوێ. ئەوسا مووسەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە جووڵان، تا گەییە عێراق، ئیسرائیل، میسر، لیبی، ئەلجەزیرە، مالی، گینە و لەوێوە بۆ ئۆقیانووسی ئەتلانتیک و سەرئەنجام بڕازیل،... لەوێ ئۆقرەی گرت. کوڕەکەی درێژەی بە قسەکانی دایەوەو گوتی لێرەوە تا ئەوێ تەنیا یانزە هەزار کیلۆمیتر رێگای ئاسمانییە و تەنیا پانزە کاتژمێر دەخایەنێ. دەبینی

چەندە نزیکە! (لێرەدا مووسەکەی خێرا خێرا لە شارەکەی خۆیەوە دەبردە سەر برازیل و هەر بەو خێراییە دەیگێڕایەوە سەر شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی). ئەیچۆن دایە گیان هەر ئەوەندە بەسە بلیت ببڕین، سواری فڕۆکە بین و بچین بۆ ئەوێ، تەنیا چواردە کاتژمێرە،... تەنیا چوارە...!

دایکی هەروا لە رووبەری کۆمپیوترەکە رامابوو و سەروبەری دیمەنەکەی بەردەمی بۆ سەر یەک نەدەخرایەوە. ئاهێکی هەڵکێشا. کوڕەکەی دیسان درێژەی بە قسەکانی دایەوە و ئەمجارەیان بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو بە ئارامی گوتی دایە گیان تکایە تکا... ئەگەر ئەو کچەم بۆ نەهێنن من خۆم دەکوژم! دایکی گوتی ئاخر کوڕم چۆن چۆنی ئێمە قسەیان لەگەڵ بکەین، خۆ ئێمە زمانیان نازانین، جگە لەوە کێ دەڵێ دەتدەنێ. کوڕەکەی گوتی پێویست ناکا خۆم دەبم بە موتەرجم. کارێکی نیە. ئەوەندەی ئێمە رازی بین ئیتر کاری زۆر نیە. تازە کچەکە دەڵێ دەمێکەیە دایک و باوکی رازیکردووە. دایکە گیان لەوێ باوی خوازبێنی و شتی لەم بابەتە نیە.

کۆتایی مانگ بوو و باوکی مووچەی وەرگرتبوو. ئێوارە کاتێک هاتەوە لەگەڵ دایکی دانیشت و خەریکی حسێب و کتێبی ئەوە بوون چۆن چۆنی پارەی ئەم مانگەیان وەها دابەش بکەن تا بتوانن هەتا مووچەکەی تر پێی بژین. دایکی کە بێ ئۆقرە بوو، سەری قسەی کردەوەو باسی کێشەکەی کردەوە. باوکی گوتی لێی گەڕێ بای جەوانییە و ماوەیەکی تر لە بیری

دەچێتەوە. با هەر تووڕە بێ و بقیژێنێ و شت فڕێ بدا! بە قیژە و هات و هاوار کەس نەبووە بە شت. دایکی بێدەنگ بوو.

بەم شێوەیە ئێمە لە خوارەوە بەردەوام گوێمان لە هەراهەرای قاتەکەی سەرەوەی خۆمان بوو. دۆخەکە هەتا دەهات خراپتر دەبوو. دەر و دراوسێ دەستیان کرد بە گلەیی کردن و سکاڵابردن. کوڕەکە ئیستاکە لە پەنجەرەکەوە شتی زیاتری فڕێدەدا خوارەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ هەتا خۆ خستنەخوارەوەی مەودایەکی وەهای نەماوە و گەر بە زوویی کارێک نەکەن، ئەوا دەیقەومێنێ.

شەوێک سەرئەنجام دایکەکەی غیرەتی دایە بەر خۆی و بە باوکەکەی گوت کە هەتا ئەو شوێنە زۆر دوور نیە و ئەوەندەی کوڕەکەی نیشانیداوە و تێی گەیشتووە، زۆر ناخایەنێ و جا واباشە بچن بۆ خوازبێنی، سەبارەت بە بەخێوکردنیشی ئەوا خوا کەریمە و پەکی لەتە نانێک ناخا. مێردەکەی بە سەرسووڕمانەوە سەیری ژنەکەی کرد و، گوتی ئەوە بەڕاستتە! کچێ خۆ ئەمە ئەم شارە و شار کردن نیە، ئەم وڵاتە و وڵات کردنە،... خۆ من نازانم ئەو وڵاتە لە کوێیە بەڵام بە ئەقڵی کاڵ فامم تێدەگەم کە وڵاتەو وڵات کردن کاری حەزرەتی فیلە و خۆ دراوسێکەمان نیە دوو کۆڵان ئەو لاتربێت و شەوێک لە دووای نانخواردن بچینە لایان.

دایکەکە کە زیاتر لە باوکەکە ئاگای لە ژیانی رۆژانەی کوڕەکەی بوو و یەکجار پەرۆشی بوو و لە چارەنووسی دەترسا، بڕیاری دا بە جۆرێک

کورەکەی لە پشت کۆمپیوترەکە دووربخاتەوە، بەڵام هەرچی بیری دەکردەوە ئەقڵی بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشت.
بەیانییەک کە تازە مێردەکەی چووبوو بۆ کار و ئەمیش خەریکی کاری ناو ماڵ بوو، کوڕەکەی بە چاوە سووربووەکانی کە دەڵێی گۆمی خوێن بوون لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و بە تووڕەییەکی سەیرەوە گوتی کە ئەمڕۆ دووا فورسەتە و ئەگەر کارێک نەکەن ئەوا خۆی لە پەنجەرەکەوە کە لە قاتی چوارەمدا بوو هەڵدەداتە خوارەوە و خۆی دەکوژێ.
هەر ئەو شەوە نیوەشەو لە کۆڵانەوە دەنگی قیژەیەکی بەسام خەڵکی لە خەو داچڵەکاند. هەموو هاتنیە بەر پەنجەرەکانمان. لە مەیدانی بەر ئاپارتمانەکەدا جەستەیەکی پاڵکەوتوو رەشی دەکردەوە و چەند کەسێک بەچەند هەنگاو لەولاترەوە راوەستابوون و سەیریان دەکرد. ئەو ژنەی وا دەیقیژاند لەخۆی دەدا و بە سەر عەرزەکەدا چۆکی دادابوو. بەرەبەرە قەرەباڵغتر دەبوو. دایک و باوکی کوڕەکە کە لایان وابوو ئەوە منداڵەکەی ئەوانە خۆی فڕیداوەتە خوارەوە، بەپەلە هەڵاتنە خوارەوە.
کە گەیشتنە خوارەوە بینیان پیاوی قاتی سەرووی خانووەکەی ئەوان، واتە قاتی پێنجەمە، لەسەر عەرزەکە بە جەستەی خوێناوی و تێکشکاوەوە راکشاوە. ئەو پیاوەی وا هەموو دانیشتووانی ئاپارتمانەکە دەیانزانی لەگەڵ ژنەکەی بەردەوام لەسەر ئەوەی بۆچی کۆمپیوتری بۆ نەدەکڕی، شەڕیان بوو.

دایکی بەپەلە هەڵاتەوە سەرەوە. بینی کوڕەکەی بە بێ ئەوەی ئاگای لە دونیا بێ، وەک هەمیشە لەو ژوورەی وا تەنیا بە تیشکی کۆمپیوترەکە روون دەبووەوە، بە گووشییە زلەکانی سەر گوێیەوە خەریکی چاتکردنە. ئارامییەک جەستەی تەنی. بەکاوەخۆ دەرگاکەی پێوەدایەوە.

من کە لە قاتی سێهەم دەژیم، لام وایە ئەگەر کوڕەکە لە قاتی پێنجەمدا بژیایە ئەوا ئەو سەرەتا خۆی دەکوشت.

## هەتاوفرۆشی

ژیان کتوپڕ زۆر سارد هەڵگەڕا. دەرەوە بوو بە زەمهەریر. ژیان سپی سپی دەدرەوشایەوە. چاوەکان بەر بەفرکەوتن و بیناییەکان کزبوون. رووومەتەکان پەڵەیان خست. برینیان گرت. برینەکان تەقین و کێم و زوونی سوور و رەش لێیان بەربووەوە و تکا. کچەکان چیتر روویان نەبوو بێنەدەرەوە. کۆڵانەکان ئەوەندەی تر بێدەنگ بوون.

بڕیارمدا دووکانێکی تازە بکەمەوە. مەگەر نەک ئەوەیکە بەگوێرەی وەرز کەسابەتیش دەگۆڕدرێ. سەرەتا بڕیارم دا دووکانی فرۆشتنی نەوت بکەمەوە، دوواتر بڕیارم گۆڕی و بوو بە گاز و بوو بە دەستەچیلە و سەرئەنجام بڕیاری کردنەوەی دووکانێکی پاڵتۆفرۆشی. بەڵام ئەو سارد و سەرمایەی من دەمبینی ئەمانە چاریان نەدەکرد. بۆیە بڕیارمدا دووکانی فرۆشتنی هەتاو بکەمەوە.

تازه بگره به کردنه‌وه‌ی دووکانی تر ئه‌م بۆنه پیسه‌یش که تا قووڵایی ئێسک و پروسکم رۆچووه، له کۆڵ خۆم ده‌که‌مه‌وه.

ره‌نگه ئه‌م بڕیاره‌تان لا سه‌یر بێت، به‌ڵام نا، لاتان سه‌یر نه‌بێ. من له جێگایه‌ک خوێندوومه‌ته‌وه که ته‌نیا ئه‌م هه‌تاوه نیه به ئاسمانی ئێمه‌وه ده‌سته‌ده‌که‌وێ. پێم وابێ له کتێبی ئه‌ستێره‌ناسی و گه‌ردووناسیدایه خوێندوومه‌ته‌وه که له گه‌ردووندا گه‌لێک هه‌تاوی تریش هه‌ن. بێ ئه‌ژمار. بگره ره‌نگه گه‌وره‌تر له‌وه‌ی ئێمه. جا من ده‌بێ ته‌نیا له بیری ئه‌وه‌دا بم رێگایه‌ک بدۆزمه‌وه بچم ئه‌و هه‌تاوانه په‌یدابکه‌م، بیانکڕم و بیانهێنم بۆ ئێره، بۆ ئه‌م شاره‌ی ئێمه که خه‌ڵکه‌که‌ی خه‌ریکه به ناحه‌ق و هه‌ر له‌خۆوه ره‌ق ده‌بنه‌وه.

رۆژێک جانتام لێهه‌ڵگرت و جل و به‌رگی گه‌رمی سه‌فه‌رم لێ پۆشی و وه‌ڕێ که‌وتم. نازانم بۆ، به‌ڵام هه‌تا گه‌ییمه به‌ر گاراژ خه‌ڵکی هه‌ر سه‌یریان ده‌کردم. گه‌یشتمه گاراژ. ئاگام لێ بوو یه‌ک هاواری ده‌کرد سه‌قز سه‌قز و یه‌کی تر سنه سنه و ئه‌وی تر بۆکان بۆکان و که‌سێکی تر تاران تاران و... ئیتر من گوێم له که‌سێک نه‌بوو هاواربکا گه‌ردوون گه‌ردوون. بۆیه له یه‌کیان نزیک که‌وتمه‌وه و به ئیحترامه‌وه لێم پرسی کاکه ئه‌رێ هه‌ر ئه‌مانه‌ن. کابرا که کوڕێکی جحێڵی سمێڵ بابڕ بوو به سه‌رسووڕمانه‌وه سه‌یری کردم و وتی مامه‌گیان ده‌ته‌وێ بۆ کوێ بچی. من که نوقمی مینی بووس و ئوتوبووسه‌کان ببووم و ره‌نگه جۆراوجۆره‌کانیان سه‌رنجیان ده‌قۆستمه‌وه، گوتم

گەردوون،... دەچم بۆ گەردوون. شاگردە دەست و پل چڵکنەکە کە دەستماڵێکی سپیی چڵکنی بە سەر شانەوە بوو و جاروبارە بە گوێرەی عادەتێکی کۆن هەر لە خۆوە دەستی پێ خاوێن دەکردەوە و بە دەوری ملیشیدا دەهێنا، دیسان بە تەعەجوبەوە لێی روانیمەوە و گوتی کوێ؟... گەردوون! گوتم گەردوون بەڵێ گەردوون. گوتی لە کوێیە من کە قەت نەمبیستووە. ئەوسا کتوپڕ رووی وەرگێڕا، دەنگی هەڵبڕی و هاواری لە کەسێکی تر کرد کە ئەویش پێم وایە شاگرد بوو، بەڵام ئەمجارەیان لووسکەڵە و بێ سمێڵ، گوتی کاک نەجم گیان ئەرێ گەردوون لە کوێیە تۆ بیستووتە،... ئام خالەیە دەیەوێ بچێ بۆ ئەوێ. من کە یەکجار بەم مامە و خاڵەیە پەست ببووم ویستم شتێک بڵێم کە شاگردەکە بە پێچەوانەی رووالەتی لووسکەی بە دەنگێکی بەرزتر لەوەی تەنیشتی من هاواری کرد نەوەڵڵا نازانم... تۆ بڵێی قوڕوە نەبێ و بۆی نەیەت و دەڵێ گەردوون. شاگردەکە بە نیگایەکی پڕ لە پێکەنین رووی تێکردمەوە و گوتی مامە گیان دەبێ ئوتوبووسی تاران بگریت و ئەوجا لە ناو رێ لە قوڕوە دابەزی. یان بچیت و ماشینێکی سەواری بە دەربەست بگری، بێ منەت دەتگەیەنن. من کە زەینم لای مامە و خاڵەکانی بوو، گوتم کاکە گیان قوڕوەی چی و شتی چی من دەچم بۆ گەردوون،... تێدەگەی گەردوون،... بۆ پێت وایە منداڵی دوێنێم و جیاوازیی نێوان گەردوون و قوڕوە نازانم! ئەوسا سەرم بەرەو ئاوێنە گەورەکەی تەنیشتی مینی بووسەکە کە بە خۆشییەوە دوورنەبوو وەرگێڕا و

دەستم بۆ بنەڕیشە سپییەکەم برد و گوتم نایبینی ها نایبینی،... لات وایە لە کوێ سپیم کردووە،... ها،... لە قەبری ساحیبت!؟ کوڕە کە لە دەمەوەری من واقی وڕمابوو، گوتی خاڵە گیان ئەمە خۆناڕاحەتکردن و خۆسوورکردنەوەی ناوێ،... بلێ دەچم بۆ گەردوون و تەواو. گوتم ئێ! گوتی دەی وەڵلا لێرەوە هیچ شتێک بۆ ئەوێ ناچێ، هیچ کەسیش نازانێ کوێیە. ئەمەی گوت و بە پەلە دوورکەوتەوە. دەستماڵە سپییەکەی سەر شانی بە دیوی پشتەوە سپی سپی بوو.

لەپڕدا ریقنە چۆلەکەیەک درا بەسەر شانی چەپمدا و بڵاوبووەوە. ژنێک کە نیگای لەسەر من بوو دایە پێکەنین و بە چارشێوەکەی روومەتی داپۆشی. ریقنە بە شانمەوە رووم لە مینی بووسێکی تر کرد. ئەرێ کاکە دەچم بۆ گەردوون، نازانێ کام ماشینە دەچێ بۆ ئەوێ. ئەم شاگردەیان کە نە سمێڵ بابڕ بوو و نە لووسکە، کەمێک لێم راما و ئەوسا بە بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە رۆیشت. بۆنی ریقنەکە تازە دەگەییە لووتم. مێشێک بە دەوری سەرمدا کەوتە ویزەویزە کردن.

لەبیری ئەوەدا بووم رووی لە کێی تر بکەم کە یەکێک لە دوواوە دەستی بەسەر شانە راستەکەمدا، کە هێشتا ریقناوی نەببوو، کێشا و گوتی قوربان گیان بۆ دەتەوێ بچی بۆ گەردوون؟ لامکردەوە. پیاوێک بە تەمەن لە خۆم گەورەتر بە ریشێکی پڕ و سەرتاپا سپییەوە راوەستابوو. گوتم وەڵلا کاکە دەمەوێ بچم هەتاو بکرم، ئەی ئاگات لێ نیە زستانی ئەمساڵ خەریکە

قڕمان دەکا! گوتی سەرما!؟ گوتم سەرما. گوتی کاکە گیان بە سایەقەت بم گەر زستانێکی وەهایە ئەی چۆن چۆلەکە پەیدا دەبێ و دەتوانێ ئاوەها ریقنە بەسەر شانتدا بکا،... ها کەسەکەم! زستانی چی و مستانی چی. چاوەکەم ئێرە گاراژە گاراژ، جارێکی تر ئەم پرسیارە لە کەسێکی تر بکەیت خەڵکت لێ کۆدەبێتەوە و لێت دەکەن بە چەپڵەلێدان و حەلحەلە کێشان و حەیاتدەبەن. شوێنت دەکەون،... رۆحە سووکەکەم، هەر چۆن هاتووی ئاوایش بگەڕێوە، رەنگە ماندوو بیت یاخود شتێکت لێقەوماوە کە نازانی چییە و چۆنی چارەسەر بکەیت و بەزستانەوە گرتووتە،... دەی یاڵڵا،... وەرە حەیاتم،... وەرە.

ئەوسا پێشم کەوت. من کەمێک لە دوواوە لێم رووانی و بۆ جارێکی تر لە دەوروبەرم رووانییەوە. دونیا سەرمایەکی سەیر بوو و هەموو شتێک بەستبووی. توێژاڵێک لە سەهۆڵ بەسەر هەموو شتەکانەوە نیشتبوو. شوێن کابرا کەوتم. هەر گەیشتمە تەنیشتی گوتم دڵنیای زستان نیە، ئەی کەواتە کەیە؟ کابرا بە بێ ئەوەی رووم تێبکا گوتی رێک ناوەڕاستی هاوینە، ئەی ئاگات لێ نیە گاراژ چەندە قەرەباڵغە، ئەی مەگەر نازانی خەڵک لەم کاتانەدا زیاتر سەفەردەکەن؟

نازانم بۆ بەڵام بەقسەی کابرام کرد. بەکاوەخۆ بەرەو ماڵەوە بوومەوە. ئەو شەقامەی پیایا دەڕۆیشتم، کۆڵانەکان، سەربانەکان و بگرە شاخەکانیش

که لە دوورەوە پەیدا بوون هەر هەموویان ئاماژە بوون بە زستان،... زستانێکی یەکجار سەخت و دژوار.

بەڵام بەڕاستی نەکا ئەو کابرایە راست بکا. لام کردەوە و لە ژێر چاوەوە سەیری ریقنەکەی سەر شانم کردەوە. ریقنەکە لەوێ بوو بە توێژاڵێکی لووسی سەهۆڵەوە. "نەکا هی هەڵمەکەی بێت!" من کە لە ناو بەستەڵەکی دەرەوە و ریقنەکەی سەر شانمدا مابوومەوە، بیری ویزەویزی مێشەکەیش کەوتمەوە.

ئەو زستانە وازم لە هەتاوفرۆشتن هێنا و دووکانەکەم دەست لێنەدا و وەک هەمیشە درێژەم بە تاناکۆرافرۆشی دایەوە. پەلەم نیە. هەتا خەڵک باوەڕ بەوە نەکا کە دەرەوە زستانێکی یەکجار سەخت و تووشە بیر لە کردنەوەی دووکانێکی هەتاوفرۆشی ناکەمەوە. ئەو کات خۆیان دێن داوام لێدەکەن،... بە تکاوە!

## دەچمەوە بۆ چین

نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینە. یەکجار گەرمە. هەتاو تەواو بێ بەزییە. دەڵێی دابەزیوەتە سەر زەوی. ڕێک لەسەر جادەکە لە تەنیشت دووکانەکە چوارمیلکە لێی دانیشتووە و بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەس بدوێ، تەنیا خۆی زیاتر فش دەکاتەوە. ناتوانی سەیری دەرەوە بکەی. تیشک ئەوەندە بەهێزە کە هەموو شتێک لە بەستێنی سپیی خۆی دەکاڵێنێتەوە و لە خۆیدا نوقمی دەکا. دونیا بووە بە گڕ.

'بارزانی قابلەمە' لە دووکانەکەی خۆی دانیشتووە. وەڕەز بەسەر کورسییە ڕەشە ڕەنگ هەڵبزرکاوەکەیدا شۆڕ بووەتەوە. تاقەتی هیچ شتێکی نیە. هەناسەی بە زەحمەت هەڵدێ. بە دەستماڵێکی تەڕ زوو زوو ناوچاوان و پشت مل و ژێر ملی دەسڕێتەوە و جارجارەیش بە لیوانێک لە فلاسکەکە ئاودەخواتەوە. وەک بۆ خۆی دەڵێ خوای نەماوە. دەڵێ ترامپ هیچ و کڕۆنا هیچ و ئەمەیش بە سەریا، بەزیانەبێ لەم گەرمایە!... ئاخر خواگیان تۆ بۆ؟

بەڵام بارزانی قابلەمە کافر نیە تا ناشوکرییەکانی بخایەنن، بۆیە دەستبەجێ دەڵێ ئەستەغفوروڵڵا، ئەوسا فوویەک بە دەوری خۆیدا دەکا و زمانی بەئاستەم دەگەزێ. بەڵام ترامپ و کڕۆنا و گەرما بەردەوام هەر لەوێن. بارزان هەروا ناوچاوی تاڵە.

لە رادیۆکەوە بەحاڵ نووزەیەک دەگاتە گوێ. هەمیشە وەهایە. رادیۆکە گەر گوێیشی لێنەگرێ، بەڵام رۆشنە. دەنگەکەی لەو نیوەڕۆیە چۆڵ و بێدەنگەدا و لەم بێ بازاڕییەدا کە سەری بارزانی قابلەمەیشی وەک هەموو خەڵکی ئەم راستەبازارە خواردووە، وزەبەخشە. ناهێڵێ زۆر هەست بە تەنیایی بکا. لە رۆچنەیەک دەکا کە لێیەوە تیشکێکی نوورانی دەرژێتە تەویلەیەکەوە. بارزان ئەوەندەی تر خۆی بە لادا دەخا. هەست دەکا بەجوانی گوێی لە دەنگی هەتاوە. لە خەیاڵیا سەرێک بادەدا. گوێی لێیە رادیۆکە بەپەلە هەواڵێکی تایبەت دەخوێنێتەوە و باس لە نزیکبوونەوەی فڕۆکەیەکی شەڕکەری

ئەمریکایی لە فڕۆکەیەکی ئێرانی دەکا کە بەرەو لوبنان بەڕێوە بووە. ئا، جوان گوێی لێیە. بگرە کەمێکیش دەبزوێ، بەڵام هەر وا شلە. جەستەی زۆر ناجووڵێ.

لە دوێ شەوەوە هەواڵێکی خۆش بڵاوبووەتەوە. حکومەت لەگەڵ چین سازاوە و قەرادادێکی بیست و پێنج ساڵەی لەگەڵ بەستووە. بارزانی قابلەمە هەواڵەکەی پێخۆش بوو، هەرچەند زۆری نەبزوواندبوو. بەڵکو دەروویەک لەم خەڵکە بکرێتەوە و رزق و رۆزی روو لە وڵات بکاتەوە، بەڵام هەرچی دەیهێنێ و دەیبا زۆریش پێی دڵخۆش نیە. ئەی ئەوە نیە ترامپ هەڕەشە دەکا و قەڵەوکەی وەزیریشی بەگژ وڵاتی چیندا دەچێتەوە! بارزانی قابلەمە دەست دەبا کەمێک دەنگی رادیۆکە زیاد دەکا. لەسیاسەت زۆر ناگا، بەڵام لای سەیرە کە حکومەت لەگەڵ حکومەتێکی کافر و خوانەناس لەم ئاستەدا سازاوە. لەبیریەتی کاتی خۆی کە قاچاخچی بوو و ئەمدیواودیوی سنووری دەکرد، باس باسی تووتە و چریک بوو. ئەو تووتانەی هێنایاننە سەر تەلەفزیۆن و قسەیان پێکردن. دەیانگوت خوانەناسن و بۆیە وایان لێدەکەن. بارزان لە تەلەفزیۆنەکە رامابوو، لێی وردبوەوە، ئەوانەی وا دانیشتبوون و روو بە کامێراکە دەدوان سەرەڕای هەموو شتێک چەند زیرەک دەهاتنە بەرچاوی، باشە ئەو هەموو قسە لە کوێوە دێنن،... تەح! جا لێیان گەڕێن داخۆ چی دەکەن! ئەمەی دەگوت و پاش ماوەیەک زۆر خێرا هەڵدەستا و چیتر تاقەتی گوێگرتنی نەدەما. بۆچی سەری خۆی بە شتێک بێشێنێ کە

تێی نەدەگەیشت. دیسان بیری چین کەوتەوە. بە خۆی گوت بەخوا سیاسەت سەیرە، کافرەکان یەک ڕۆژ دۆستن و یەک ڕۆژ دوژمن،... دە تێی هەڵڵە!

کتوپڕ ویزەی مێشێک هاتە گوێی. مێشکوژەکە لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵدەگرێ و بە بێ وازی چاوی بۆ دەگێڕێ. لای سەیرە ئەمەیان بزواوە. چەند ڕۆژێکە مێشکەکانیش حاڵی فڕینیان نیە. لە کاتێکدا دەستی ئامادەیە و چاوی لە گەڕدایە، مێشەکە دەبینێتەوە کە لەسەر کورسییەکی بەرامبەری نیشتووەتەوە. بارزانیی قابلەمە هەرچی حسێبی دەکا دەبێنێ دەستی تەنانەت بە مێشکوژەکەیشەوە ناگاتە ئەوێ. بۆیە وازی لێ دێنێ. لە ژێر لێویەوە دەڵێ بەخوا شانست هێنا. ئەوسا سەیری ریزی قابلەمەکان دەکاتەوە کە لە جۆرەها شێواز و ستایل لەم سەرەوە تا ئەو سەر لە ناو ڕەفەکاندا چاوەڕوانی مشتەرین. ئەو مشتەرییانەی لەمێژە لە دووکانەکەی و بەگشتی لە بازاڕ تۆراون. لەحنەت لە وڵاتی بێ پارە!

پەرداخێکی تر ئاو دەخواتەوە. لاملێکی تری لێ دەسڕێ و زیاتر خۆی لەناو کورسییەکەدا نوقم دەکا. لەژێر چاوەوە سەیری ئەیرکۆندیشنەکەیش دەکا. بڕیاردەدا بۆ ساڵێکی تر حەتمەن بیگۆڕێ. لە دەرەوە دەنگی چۆلەکەکان دێنە گوێ. تاق و لۆق جارەوبارە ماشینێک تێدەپەڕێ. بارزان چاوەکانی هەتا دێن زیاتر شڵ دەبن. بەزەحمەت چاوهەڵدێنێ و سەیری دەرگاکە دەکاتەوە. ئا، پێوەدراوە، بەڵام دانەخراوە. بارزانی قابلەمە لەبەر خۆیەوە دەڵێ چاوی دەرێ! ئەوسا بیری چین دەکەوێتەوە. ئای یادی بەخێر ئەو

ساڵانە! چەند خۆش بوون. بەخوا وڵاتێکی بەپیت و بەرکەت بوو، لە زۆر و بۆریی خەڵکەکەی، لە شارە گەورەکانی، لە چراخانی بوونیان، لە کچۆڵە ناسکەکانیان، ئای یادی بەخێر،... چۆن قوڕمان بۆ گیراوەتەوە!... نا نا، دەبێتەوە،.... دەچمەوە، ژیان هەروا نابێ. بارزان بەرەبەرە چاوەکانی تەواو دەنیشنە سەر یەک. مێشەکەی بەرامبەری هەڵدەفڕێتەوە و ئەمجارە لەسەر شانی چەپی دەنیشێتەوە. بارزان ئاگای لێ نیە. مێشکوژەکە لە دەستییەوە بەردەبێتەوە و، دەکەوێتە خوارەوە.

بارزانی قابلەمە لە ناو فڕۆکەیەکدایە و لە قووڵایی ئاسمان بەرەو چین بەڕێوەیە. وەک هەمیشە لە پەنجەرە گچکەکەوە سەیری ئاسمانی روون و بەرز دەکا. سەیری هەورەکان کە لەو خوار خوارانەوە سپی دەکەنەوە. گمەگمی تەیارەکە کە دەبێتە هۆی کپ بوونی گوێ،... لەرەی بەئاستەمی. بارزان باوەڕناکا دیسان بەرەو چین بەڕێوەیە. لە دوواسەفەر چەند ساڵێک دەگوزەرێ. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی و لە موسافیرکەی تەنیشتی دەڕوانێ. دەبینێ کابرایەکی چینییە. بە بزەوە پێی دەڵێ "هەوریو؟" کابرای چینیش بە رووخۆشی وەڵامی دەداتەوە. بارزانی قابلەمە لەوپەڕی ناباوەڕیدا دەبینێ بە کوردی دەدوێ! دیسان سەیری دەرەوە دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ وادیارە دونیا زۆر گۆڕاوە!

لەم کاتەدا کتوپڕ فڕۆکەیەکی شەڕکەر خۆی دەگەیەنێتە تەنیشت تەیارەکەی ئەوان. جوان چاوی لە فڕۆکەوانەکەیە. فڕۆکەوانەکە کە لە ئاست

کورسییەکەی بارزاندا راوەستاوە، ماسکەکەی لەسەر دەموچاوی لادەبا و بە ئاماژەی لێو و دەست بە بارزان دەڵێ بۆ کوێ؟ ئەمیش دەڵێ بۆ چین،... بۆ شانگهای. فڕۆکەوانەکە ناوچاوی لێ تاڵ دەکا و دیسان ئاماژەی پێدەکاتەوە کە دەبێ بگەڕێتەوە. بارزان دەڵێ بۆ، بەڵام کابرای فڕۆکەوان تەنیا درێژە بە ئیشاراتەکانی دەداتەوە. زۆریش تووڕەیە. بارزانی قابلەمە لە ئیشارەکانی کابرا واتێدەگا ئەگەر نەگەڕێتەوە ئەوا بە مووشەک جنسەکانی دەتەقێنێتەوە و لەناویان دەبا. کە فڕۆکەکە دووردەکەوێتەوە بارزان وێنەی ئاڵایەکی ئامریکا بە کلکییەوە دەبینێ.

بارزان کە زۆر ترساوە، بەڵام هەر کە دەگاتە چین ئەمە نابێتە هۆکارێک بۆ پەشیمانبوونەوەی و جنسەکانی هەر دەکڕێ. بۆ دڵنیایی زیاتریش دەچێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی چین و باسی هەڕەشەی فڕۆکە ئامریکاییەکەیان بۆ دەکا. چینییەکان پێدەکەنن و دەڵێن پێویست ناکا نیگەران بێت. دەڵێن ئەوان لەگەڵ بارەکەی، مووشەکی دژەئاسمانی بەڕێدەکەن و ئیتر هیچ فڕۆکەیەکی ئەمریکایی ناوێرێ توخنیان کەوێ. بارزانی قابلەمە کە زۆر خۆشحاڵە، دوواشەو یەک قاپ ویسکیی چاک دەخواتەوە و لە جیاتی ژنێک، دووان دەباتەوە بۆ هوتێلەکەی. خوایە ژیان چەند خۆشە کە وەک جارانی لێهاتووەتەوە!

بۆ بەیانی پێش ئەوەی بچێ بۆ فڕۆکەخانە، دیسان بۆ دڵنیایی زیاتر دەچێ بۆ شوێنی بارکردنی جنسەکانی و بۆ دوواجار سەیری بارەکەی دەکاتەوە

که خەریکە سواری کەشتی دەکەن. کەشتییەکە چەند گەورەیە. ئەوسا سارۆخە دژە ئاسمانییەکانیش دەبینێ کە لە بەشی دوواوەی پاپۆڕەکە دامەزراون و لە سەریان بەکوردی نووسراوە "بارزانی قابلەمە پارەکەی داوە." بارزان کە لە هەموو شتێک دڵنیایە، لەدووای ئەوەی تێروپڕ سەیری دوورکەوتنەوەی کەشتییەکە دەکا، تاکسییەک دەگرێ و بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێدەکەوێ. هێشتا چەند سەد میترێک دوور نەکەوتوونەتەوە کە دەنگی هاژی تەیارە و تەقینەوە دێت. تاکسییەکە رایدەگرێ و بارزان بەپەلە دادەبەزێ، لە دوورەوە کەشتییەک دەبینێ کە دەتەقێتەوە و گڕ و دووکەڵێکی چڕ نوقمی خۆیان کردووە، لە ئاسمانیش فڕۆکەیەک دەبینێ کە بە مووشەک پێکراوە و خەریکە بەرەو ناو دەریاکە بەپەلە دەکەوێتەوە خوارەوە. رۆحی بارزان دەبێ بە ئاوێنەیەکی هەزار لەت.

بارزانی قابلەمە هەست بە چزەیەکی یەکجار ناخۆش لە لووتیا دەکا. بەپەلە دەست بۆ لووتی دەبا و لە خەو رادەچڵەکێ. مێشەکە لەو خێراتر بوو، خۆی دەربازکرد و بەرنەکەوت. بارزان کە یەکجار تووڕە بوو، چاوی بۆ مێشکوژەکە گێڕا. هەر بینییەوە هەڵیگرت و شوێن مێشەکە کەوت.

ئەگەرچی لەدەرەوە دونیا هەر وا دەکوڵا و چین چین ئارەقە بەسەروگوێلاکی بارزانی قابلەمەدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام هەتا مێشەکەی نەکوشت وازی نەهێنا.

جەستەی رەشی مێشەکە بەسەر جامخانەکەدا پان و پڵیش ببووەوە. دەنگی هەنسکە هەنسکی بارزانی قابلەمە هەتاویشی وەڕزکردبوو. بارزان پڕ بە خۆی قیڕاندی "هەر دەچمەوە بۆ چین!"

## دەریاچەی سپی

دووای ئەوەی مرد، کاتێک چاوی کردەوە بینی بە تەنیا لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵ لەبەر تاقە تەلەفزیۆنێکدا دانیشتبوو. چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا. دەنگێک گوتی "بەس سەیری بەرامبەری خۆت بکە!" ئەویش وایکرد.

تەلەفزیۆنەکە کتوپڕ هەڵبوو. فیلمێکی لەسەر بوو، فیلمی خۆی. چڕکراوەی ئەو کاتانەی وا کاتێک لە ژیاندا بوو لە مردن ترسابوو. پێکەنینی بە خۆی هات. بیری کردەوە گەر تەنیا دەرفەت هەبوایە مردن دوو جار تاقی بکرایەتەوە ئەوا کەس لە مردن نەدەترسا.

تەلەفزیۆنەکە کوژایەوە. دەنگەکە هاتەوە "رات چییە؟"

- لەسەر چی؟

- لەسەر مردن.

- گەر مردن ژوورێکی سپیی چۆڵ بێت بە تەلەفزیۆنێکەوە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو ساتانەی وا لە ژیاندا لە مەرگ ترساوین، ئەوا گاڵتەجاڕترین شتی

دونیایە.

ئەوسا رایانگواست بۆ دەرەوە. لە دەرەوە هیچی لێنەبوو. ئەو دەیتوانی بە هەموو لایەکدا بڕوات. ئەو لایانەی هیچ لایەک نەبوون و هەموو لایەکیش بوون. بیری کردەوە کەواتە مردن مانەوەیە لە ناو هەموو رێگاکاندا.

دەنگی هەڵبڕی و گوتی

ـ من کاتێک لە ژیاندا بووم گۆرانیشم دەگوت!

ـ کەچی؟

ـ کەچی؟!... یەعنی لە نێوان من و کەسی تردا جیاوازی نیە؟... من گۆرانیم دەگوت گۆرانی،... تێدەگەی!

ئەوسا گۆرانییەکی خۆیان بۆ سەر خست. بەپێچەوانەی ئەوێ لە ناو ژیان، گۆرانییەکەی چەندە بێ مانا و چەندە بێ بەری لە هەست بوو. دەنگی هەڵبڕییەوە:

ـ ئەمە گۆرانی من نیە،... گۆرانی من نیە،... گۆڕیوتانە!

ـ هههە،... هههههە...

پێکەنینەکە ئەوەندە دەکشا و ئەوەندە دەنگی دەدایەوە کە ئەم بۆ دەربازبوون لێی دەستی بە گوێیەکانییەوە گرت. بیری کردەوە کەواتە مردن وڵاتێکە تێیدا گۆرانی چیتر چێژی نامێنێ.

دونیا کتوپڕ بوو بە تەم و مژێکی سەیر. ئەوسا کۆترێک دەرکەوت و لەسەر شانی نیشت. کۆترێکی ڕەش بە باڵی سپییەوە. کۆترەکە لە جیاتی گماندن کەوتە گۆ. گوتی منت لە بیرە؟ ئەم جوان لێی وردبووەوە. ئەوسا هاتەوە بیری. گوتی تۆ لێرە چی دەکەی، لەو ساڵانە یەکجار تێدەپەڕێ. کۆترەکە گوتی لەبیرتە لە کاتی شەڕ ئێمەت لە خانووەکە جێ هێشت، ها لە بیرتە؟ ئێمەی کۆتری دەستەمۆ و ماڵی مەجبوور بووین بۆ پەیداکردنی بژێوی روو لەدەشت و دەربکەین، ها لە بیرتە؟ من لەوێ بووم بە نێچیری واشەیەک، جا تۆ تاوانباری،... تۆ. ئەم گوتی چاکم لەبیرە، هەمیشە بیرم دەکردەوە چیت لێ بەسەر هاتووە، بەڵام تاوانی منیش نەبوو، شەڕ بوو شەڕ، تێدەگەی، چارمان نەما. کۆترە باڵ سپییەکە دەندووکێکی لە قاچەکانی خۆی خشاند، فڕێ و دوورکەوتەوە.

دەنگەکە کتوپڕ هاتەوە، گوتی:

ـ لێرە لە جیهانی مردن هیچ ون نابێ، تەنیا ژیان نەبێ.

ـ ئەی من چۆن دەتوانم بیربکەمەوەو بدوێم گەر ژیانم نەبێ؟

ـ تۆ تەنیا بوونەوەرێکی لە دووای مردن بەو بیرەوەریانەی وا بە کۆڵتەوەن.

ـ بە توانای هەستکردن بە ئیستاوە!

ـ تەنیا بەو جیاوازییە ئەم هەستکردنە ژیان نیە. تۆ تەنیا بەهۆی بیرەوەرییەوە تێدەگەی. لەبیرت بێت بیرەوەری چیتر ژیان نیە.

ـ خەریکە لە مردن دەگەم، وانیە؟

- خەریکە. مردووەکان زۆر درەنگ خوو بە مردن دەگرن. بەتایبەت ئەوانەی وا لە کاتی ژیان زۆر ئاوێتەی بیرەوەرییەکان بوون.

ئەوسا خۆی لە پارکێکدا بینییەوە. پارکەکە پڕ بوو لە خەڵک. کتوپڕ چاوی بە هەموو ئەوانە کەوت وا کاتی خۆی لە ژیاندا بینیبوونی. بە لایدا تێپەڕین تەنیا بە بزەیەکەوە. کەس نەیدەناسییەوە. ئەم راوەستا و لێیانی ڕووانی. ئەوان، ئاشنا و خزمانی ساڵان، بێ ئەوەی راوەستن تێپەڕین. ئەوسا تێگەیشت بزەکەیشیان تەنیا بە هۆی فەرامۆشییەوەیە. بیری کردەوە "کەواتە مردن لەگەڵ خۆدابوونێکی ئەبەدییە."

ئەوسا چوو لە تەنیشت ئاوی پارکەکە، کە دەریاچەیەکی سپی بوو دانیشت. زانی دەبێ دابنیشێ تا ئەمیش وەکوو هەموو ئەوانی تری لێ بێت.

هەستی کرد لێرەیش زەمەن وەک سەردەمی ژیان بە هەمان خێرایی تێدەپەڕێ. ئەوسا کۆترەکەی بینی بە سەر دەریاچەکەدا نزم نزم دەفڕی و دەندووکی جارەوبارە لە ئاوەکە دەخشاند. هێڵێکی ئاوەکی کە لە گەڵ دایکبوون خێرا دەمرد لەگەڵ فڕینەکە دەکشا. بیری ساڵەکانی شەڕ کەوتەوە. بەڕاستی کێ بەرپرسیارە؟

بارانێکی بەخوڕ دایکرد. دەریاچەکە کەوتە جووڵە. دەنگی دنکە بارانەکان دنیای گرتە خۆ. لای کردەوە. کەس لەوێ نەمابوو. تەنیا ئەم لێرە لە تەنیشت دەریاچەکە مابوو. حەزی کرد تا کەس گوێی لێ نیە، گۆرانییەک بچڕێ. کە دەنگی هەڵبڕی بینی خۆیشی گوێی لە خۆی نیە. ئەوسا کۆترەکە

دەرکەوتەوە، بەڵام ئەم جارە تەڕ و تلیس. باڵەکانی شۆڕ ببوونەوە و خەرامان خەرامان لە سەر چیمەنەکە دەڕۆیشت. دەندووکی کردبووەوە و هەنسکە هەنسکی بوو. ئەم وتی دیسان واشەت بەشوێنیەوەیە؟ کۆترەکە وەڵامی نەدایەوەو تەنیا هات لە تەنیشتی هەڵکورما و وەک ئەم نوقمی دیمەنی باران بوو. هەستی کرد دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێت. وەک بڵێی لەم دەورووبەرانە شاییە و کەسێک ژنی هێنابێ. بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە لە کۆترەکەی روانی. کۆترەکە وتی دیسان کۆترێکی تر لەسەر زەوی و لە ناو ژیان واشە گرتی! ئەم گوتی نەکا لەوێ بەردەوام شەڕ بێت؟

کێ چووزانێ!

ئەوسا دیسان خۆی لە ژووری تەلەفزیۆنەکدا بینییەوە. پێیان گوت حەزدەکەی شریتی ژیانی جارانی خۆت بۆ لێبدەینەوە؟ ئەم کەمێک راما و گوتی نا. گوتی کەچی؟ دەنگەکە گوتی هیچ، وەک هەمیشە هیچ نابێ، تەنیا بینینێکە و بەس.

لە پەنجەرەیەکەوە کە کتوپڕ دەرکەوتبوو سەیری دەرەوەی کرد. لە کوێستان بەفر دەباری. پۆلێک گورک بەشوێن ئاسکێکەوە بوون. دەنگی هەڵبڕی و گوتی ناکرێ وەها دونیاتان چێ نەکردایە؟ کانییەک لەبن پێی هەڵقوڵی. دەنگی خۆشی ئاو گەییە گوێی. دەنگەکە گوتی حەزت بەمەیە وانیە؟ گوتی ئا، شتێکی وەها. ئەو گورگانە پێویست ناکا بۆ ژیان ژیانی کەس و شتی تر بستێنن. دەنگەکە پێکەنی:

- هههه... هههه...

دیسان کشا و دیسان دەنگی دایەوە. ئەم ئەمجارە گوێکانی نەگرت. کۆترەکە دیسان هاتەوە تەنیشتی و هەڵنیشت. ئەم بە ئارامی دەستی بۆ برد و بە لەپی دەستی لاواندی. گوتی ترسەکەت هەر ماوە؟ کۆترەکە سەری بەرز کردەوە و لێی ڕووانی. لە دەرەوە خوێنی ئاسکەکە چیای سوور کرد.

ڕەنگە ژیان پێویستی بە ڕەنگی سوور بێت.

ئەوجا ساڵەکانی بینی لەوێوە تێپەڕین. تەنیا وەک خۆیان بە بێ ئەوەی هەڵگری هیچ بن. بێ ئەژمار بوون. لەبەر خۆیەوە گوتی ڕەنگە بۆ ئەوێ بۆ ژیانیان بەڕێ دەکەن. گوتی دیسان دابەشیان دەکەنەوە. ریزی ساڵەکان تەواو نەدەبوو. جگە لەمە بەهەموو لایەکدا بڵاودەبوونەوە. وەک بڵێی هیچ یاسا و ڕێسایەک نایانگرێتە خۆ. لای سەیر بوو لەگەڵ ئەوەی یەکجار لەیەکتر دەچوون کەچی ئەم زۆر بەئاسانی لەیەکتری جیادەکردنەوە. بێگۆمان هۆکارەکەی ژمارەکان بوون. ساڵەکان نە دەدوان و نە سەیری شوێنێکیان دەکرد. ئەوان تەنیا تێدەپەڕین. وەک ریزە مەڕ بە بێ پرسیار لەوەی پێشەوە سەریان بە ناو گەڵی یەکترەوە نابوو و تەنیا ڕێگایان دەکرد. ئەوان چەند ئاشقی ڕێگاکان بوون. کەس نەبوو پرسیار بکا بەم پەلە بۆ کوێ؟ کەس نەبوو پرسیار بکا کە داخۆ لەو پێش پێشانە چی لێیە کە ئەوان ئاوا بۆی بەپەلەن؟

من دەزانم هیچی لێ نیە.

گورکەکان لێ ببوونەوە و قورس قورس لەناو بەفردا جەستەیان خستبوو و دەحەسانەوە. بەفرێکی تر خەریکی سڕینەوە خوێن و پاشماوەی جەستەی ئاسکەکە بوو. دۆڵەکان خۆیان بۆ شەو ئامادەدەکرد.

کۆترەکە گریا.

ئەم بڵێنی دا تەنانەت گەر شەڕیش بێت ئەمجارە کۆترەکان جێ نەهێڵێ.

کۆتر کە ماڵی بوو ئیتر ماڵییە. دەترسێ،... بۆ هەمیشە. لای کردەوە و گوتی:

ـ دەبێ ببوری،... نەمزانی.

کۆترەکە کە تازە جەستەی وشک ببووەوە گوتی خۆشحاڵم لانیکەم دیمەنی جارانی من لە یەکێک لەم پەنجەرانەوە نابینرێتەوە. ئەم گوتی مەبەستت هی ئەو کاتانەیە، هی ساڵانی شەڕ.

ـ ئەرێ هی ساڵانی شەڕ.

ریزی ساڵەکان هەر خەریکی تێپەڕین بوون. ئەم کە چیتر تاقەتی نەمابوو لێیان بڕوانێ، سەری وەرگێڕا و بڕیاری دا بچێتەوە لای دەریاچەکە. دەنگەکە هاتەوە، گوتی:

ـ خەریکە بە ئێرە خوو دەگری.

ئەم کە ئیتر نەیدەزانی 'ئێرە" چییە و مەبەستی دەنگەکە چییە، تەنیا بزەیەک نیشتە سەر لێوەکانی. ئەوسا هەستی کرد هیچی لەبیر نەماوە.

هەستی کرد ئەو تەنیا بوونەوەرێکە کە بۆ رووانین چێکراوە. دەریاچە سپییەکە ئاشقانە بانگی لێدەکرد. ئەو بە جوانی گوێی لە دەنگی بوو.

ئێستا دەزانێ، مردن یەعنی تەنیا رووانین و بەس.

**رەشەبا**

دیسان رەشەباکە هەڵیکردەوە. بە هەرچی هێزیەتی بە شەقامەکاندا دادەگەڕێ، خۆی بە کۆڵانەکاندا دەکا و وەها لە جەستەی رێبوارانیش دەئاڵێ کە دەڵێی کەسێکی نادیار بە زۆر بەرەو ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێ راپێچیان دەکا. خۆراگرتن چیتر مانای نەماوە. منیش دیسان جانتاکەم کە بۆ رۆژێکی وەها ئامادە کردەبوو دەدەمەوە بە کۆڵمدا، پێڵاوەکانم هەڵدەکیشم و دەمەوێ بڕۆم کە دیسان دایکم خۆی بە قاچەکانمدا دەداتەوە و دەڵێ تکایە... تکایە نا!

من کە لە نێوان رەشەبا و نزاکانی دایکم مابوومەوە، گوتم ئەی چی بکەم؟... ها! رەشەبا بە تووش سەرئێشەمەوە دەکا و ناهێڵێ هەناسەبکێشم، ...ژیان ئیتر لێرە مەحاڵە،... دەبێ بڕۆم!

بەڵام دایکم واز ناهێنێ. ئەوسا منیش ئارام جانتاکەم دادەنێمەوە و بەرەو ژوورەکەی پشتەوە دەگەڕێمەوە،... ژوورە هەمیشەییەکە. لەوێ پەنجەرەکە و دیوارەکان چاوەڕوانم بوون. من لە خۆڕاگریی ناو ژوورەکان بێزارم.

دیسان دایکم بردییەوە.

من هەموو ئەو رۆژانە لە ژوورەکە لە کاتێکدا کتێبم دەخوێندەوە و لە دیوارەکان رادەمام، گوێم بۆ لوورەی رەشەباکە هەڵدەخست. دایکشیم لە هۆڵەکە دڵنیا لەوەی من لە ماڵەوەم و رەشەبا نەیڕفاندووم، دانیشتبوو و وەک هەمیشە لەسەر بەرماڵەکەی دۆعای دەکرد کە خوایە گیان بەڵکو ئەمجارە دوواجاری رەشەبا بێت! دایکم ئاگای لە سەرئێشەکانی من نیە.

بەڵام مەگەر خوا گوێی لە نزاکانی دایکم دەگرت و ئەم فش و هووڕەی با تەواودەبوو. مامۆستاکەمان لە قوتابخانە دەیگوت لەبەر ئەوەی شارەکەمان رێک لە سەر سنووری گەرمێن و کوێستانە ئەوا قەت لە رەشەبا رزگارمان نابێ و هەتا هەین دەبێ لەگەڵیا بژین. من دەستم هەڵبڕی و گوتم ئەی گەر کەسێک نەتوانێ لەگەڵیا بژی چی؟ ئەویش لە کاتێکدا سەیری لاپەڕەی کتێبی جۆگرافیاکەی دەکرد گوتی لێرە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە نابینمەوە، رەنگە وا باشترە لە مامۆستای مێژوو بپرسم.

بەڵام مامۆستای مێژوو ئەوەندە ناوچاو تاڵ و ئەوەندە مڕومۆچ بوو کە کەس نەیدەوێرا پرسیاری لێبکا. ئەو تەنیا حەزی دەکرد قوتابییەکانی گوێی لێبگرن و رستە بە رستەی قسەکانی هەڵبگرنەوە. دەیگوت لەبەر ئەوەی مێژوو بەسەرهاتی ئەو رووداوانەیە وا روویانداوە و چیتر هیچیان لەگەڵ ناکرێ، بۆیە واباشترە قوتابی تەنیا گوێ بگرێ و هیچی تر. دەیگوت مێژوو یەعنی لەبەرکردن. ئێمەیش گوێمان دەگرت و لەبەرمان دەکرد. بەڵام مەگەر رەشەباکە دەیهێشت؟ بۆیە رۆژێکیان جورئەتم بەخۆمدا و گوتم مامۆستا ئەم

پرسیارەی من دەیکەم راستە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە جوگرافیاوە هەیە و نەک بە مێژووەوە، بەڵام گەر کەسێک رەشەبا تەحەمول نەکا چی بکا باشە؟ مامۆستا کەمێک لێم راما، ئەوسا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد و درێژەی بە دەرسەکەی دایەوە. بۆ سبەی مودیر بانگمی کرد بۆ ژوورەکەی و بە تاوانی قسەی بێ سەرەبەرە و بە دوور لە هەر چەشنە پێوەندییەک بە دەرسەکەمەوە بیست شووڵی چاکی لە دەستەکانم سرەواند. من کە لەپی دەستەکانم دەکزانەوە و هەڵماسیبوون، زانیم کە بەڕاستی رەشەبا هیچ پێوەندێکی بە دەرسی مێژووەوە نیە.

رۆژێکیان مامۆستای مێژوو وانەی شەڕی دووڕگەی فارسی لە سەرەتاکانی دەیەی نەوەدی زایین لە سەدەی رابردوودا دەگوتەوە. گوتی کە لە دووای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، دەوڵەتی بەعس هێرشی کردە سەر کووەیت لەبەر ئەوەی عیراق سەدو سی میلیارد دۆلار بە کووەیت بە هۆی شەڕ لە گەڵ ئێران قەرزداربوو، جا چونکە سەددام شەڕی خۆی لەگەڵ ئێران بە قازانجی وڵاتانی عەرەبی دەبینی داوای دەکرد ئەم قەرزەی پێ ببەخشن و کووەیتیش قبوڵی نەکرد. بۆیە سەدام بە لەشکرێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە و داگیری کرد. دوواتریش ئامریکا کە چاوەڕوانی وەها هەلێک بۆ ئازادکردنی جڵەوی هێزی زەبەلاح و بێ وێنەی خۆی بوو، دەرفەتەکی قۆستەوەو هێرشی کردە سەر هێزەکانی سوپای عێراق بەمەبەستی دەرکردنیان لە کووەیت و ئەم چالاکییە سەربازییەیان ناو نا 'تۆفانی

سەحرا'. هەر ئەمەی گوت من دەستبەجێ پەڕیمە ناو قسەکانی و بە دڵخۆشییەکی سەیرەوە گوتم ئەی ئەوە نیە باسی تۆفانە، کەواتە ڕەشەبا پێوەندی بە مێژووەوە هەیە. مامۆستاکە دیسان لێی ڕووانیمەوە و لە پاش ئەوەی لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کردەوە، دیسان درێژەی بە قسەکانی دایەوە. بۆ سبەی دیسان مودیر بانگی کردمەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و ئەمجارە لە جیاتی بیست قەمچی، چلی لێدام. بەڵام ئەم جارەیان من بە پێچەوانەی جارەکەی پێشوو لە سەداسەد دڵنیا بووم کە ڕەشەبا تەواو بە مێژووەوە ڕەبتی هەیە.

لە دەرەوە هەر دەنگی ڕەشەبا تەواو نابێ. مێژوویش کە تێپەڕیوەو هیچی لەدەست نایەت. جاری وایە هەست دەکەم لەگەڵیا لوورەی گورگیش تێکەڵە. جوان گوێ هەڵدەخەم. ئا، دڵنیام ئەوانیشن. بۆ سبەی کە دەرسی ژینگە ناسیمان هەیە بە مامۆستاکەمان دەڵێم بۆ دەنگی ڕەشەبا و گورگ لە یەک دەچن. مامۆستا دەڵێ ڕەنگە لەبەر ئەوەی گورەکان لە کاتی ڕەشەبادا لە دایک دەبن و یەکەمین دەنگ کە دەیبیستن دەنگی لوورەی ڕەشەبایە. من کە ئیستا بیانووم بۆ سەفەر زۆرترە دیسان جانتاکەم بە کۆڵمدا دەدەمەوە و ئەمجارەیان بە دایکم دەڵێم تۆیش لەگەڵم وەرە. دایکم کە لای وایە دونیا تەنیا بریتییە لە شارەکەی ئەو، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبنەوە و دەڵێ بەڵام من حەزدەکەم لێرە بمرم. دەڵێم قسە لە سەر ژیانە نەک مردن، کە مردین ئیتر لە هەر کوێ بێت چ فەرق دەکا. دایکم وەک مامۆستای مێژوو

تەنیا بێدەنگ دەبێ و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. بەخۆشییەوە بەو جیاوازییەوە لە ماڵی ئێمە مودیرێکی تری لێ نیە تا لەم کاتانەدا بە تاوانی قسەی بێ سەرەوبەرە بیست یان چل شوڵی مزرم تێسرەوێنێ.

سەرئەنجام رۆژێک دایکم رازی دەکەم و لەگەڵم دەکەوێ. جانتایەک بۆ ئەویش دەکرم و پێکەوە لە بەیانییەکی پاییزییدا بەڕێدەکەوین. لە دووای یەک رۆژ رێگاکردن ئەوەندە دووردەکەوینەوە کە چیتر گوێمان لە دەنگی رەشەبا نامێنێ. دەڵێم دایە ئاوا خۆشتر نیە؟... ئاگات لێیە ئیستا گوێمان لە شتی تریشە. دایکم پڕ بە جانتاکەدا دەکا، روخساری خۆی تیا نوقم دەکا و هۆرە هۆڕ دەستدەکا بە گریان. من کە دەزانم هەستی غەریبی گرتوویەتی و بیری نیشتمان دەکاتەوە، دەڵێم دایە نیشتمان جاری وایە دەبێ بە مێژوو و مێژوویش هی رابردووەو بۆیە تەنیا دەبێ لەبەری بکەین و بەس. دایکم کە لە قسەکانم تێناگا لەبەر من دەست لە گریان هەڵدەگرێ و دیسان شوێنم دەکەوێتەوە.

ئەوەندە دەڕۆین دەگەینە سنووری کووەیت. من کە بە چاڵەکانی ئەنفال و جێی بۆمبەکان و بە پاشماوەی تەرمی سەربازە عێراقییەکان دەیناسمەوە و دەزانم رێگام هەڵە کردووە، بۆ دڵخۆش کردنی دایکم دەڵێم ئەوەندەمان نەماوە بگەینە مەککە و مەدینە، مەگەر تەواوی تەمەنت حەزت نەدەکرد بچیت و زیارەتیان بکەیت! ئیستایش ئەو دەرفەتە رەخساوە. دایکم بزەیەک دەیگرێت، دادەنەوێ و چەند بەرد دەخاتە گیرفانییەوە و بەڕێ دەکەوینەوە.

لە مەککە ماڵی خودا ڕەش ڕەش دەبریسکێتەوە. دایکم لە خۆشیانا رادەکا زوو بیگاتێ، بەڵام چەند پاسەوانی مل پانی گۆپاڵ بەدەست دەیگێڕنەوە و داوای پووڵ و داوای پسولەی لێدەکەن. دایکم لادەکاتەوە و بە سەرسوڕمانەوە لە من دەڕوانێ. من کە عەرەبی نازانم دەستی دەگرم و دەگەڕێینەوە. دایکم دەڵێ حەیفی ئەو بەردانەی ئەو هەموو ڕێگایە خستمە گیرفانمەوە بەتەمای ڕەجمی شەیتان. من پێدەکەنم و دەڵێم ئەمجارە بەرەو باکوور دەڕۆین. دایکم کە نازانێ باکوور چییە دەڵێ بۆ کوێ!؟ دەڵێم بەرەو کوێستان، ئێرە گەرمێنە و دەچین بۆ کوێستان. دووای چەند ڕۆژ دەگەینە شارێکی خۆش. شارێکی چراخانی بەو شەقامانەوە پڕی خانمی مۆدە. دایکم بە سەری پێنج پەنجەی دەستی راستی ڕوومەتی دەگرێ و دەڵێ ئەیەڕۆ منت هێناوە بۆ وڵاتی کافرستانی!؟ دەڵێم دایە داخۆ لە ڕەشەبا باشتر نیە؟...

سەرئەنجام لە دووای بێنە و بەرەیەکی زۆر خانوویەک دەگرین و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەین. چەند مانگێک گوزەرا. ڕۆژێک کە بۆ کڕینی میوە و سەوزە چووبوومە دەرەوە، لە راستە شەقامەکدا لووتم بە لووتی مامۆستای مێژوودا تەقییەوە. مامۆستا بە پێچەوانەی نیشتمان زۆر ڕووی خۆش بوو و لە دووای ئەوەی دەستی لەگەڵ لێدامەوە گوتی ئەوە لێرە چیدەکەی. منیش هەر ئەو پرسیارەم لەو کردەوە. ئەوجا زانیم کە ئەویش وەک من وازی لە نیشتمان هێناوە و ماوەیەکی باشە لێرە دەژی. من کە بە هۆکارێکی سەیر شەرمم شکابوو پێم گوت ئیستا دەزانم بۆ وەڵامت نەدەدامەوە. پێکەنی و

گوتی گەر ڕێگاکان لە قاو بدەین ئەوا ڕێی خۆشمان لێدەگرن. گوتم ئێستا چ کارێک دەکەی، بەردەوام مامۆستای مێژووی؟ پێکەنی و وتی هەروا بەردەوام گەمژەی! مامۆستای چی و مێژووی چی، تاکسییەکم هەیە و بەخۆشییەوە بە جوانی ژیانمی پێ دەگوزەرێنم.

شەو سەیری لەپی دەستەکانم دەکەم. لەمێژە نە ژانیان ماوە و نە شوێنی تووڵەکەیان چیتر پێوەماوە. لە درزی دەرگاکەوە لە دایکم دەڕوانم کە نوقمی خەوە.

خۆشحاڵم لە ڕەشەبا ڕزگارم بووە، ئەگەرچی دایکم جاری وایە دەیهێنێتەوە بەر باس و بیری لێدەکاتەوە. بزەیەکم دێتێ و بەمەیش خۆشحاڵم!

پێم وایە ڕەشەبا تەنیا بە مێژووکردنی دەفەوتێ و بەس.

# وێستگە

دەیان ساڵە لە وێستگەیەک کە دەڵێن وێستگەی ئۆتوبووسە، راوەستاوم بە تەمای هاتنی ئەو پاسەی وا من دەگەیەنێتە ئەو شارەی وا بەڵێنە بچم.

راوەستاوم. من کە نازانم ناوی پاسەکە چییە، بە هاتنی هەر ئۆتوبووسێک دەست هەڵدەبڕم و داوای لێدەکەم سوارم بکەن. هەندێکیان لە وێستگەکە راناوەستن لەبەر ئەوەی وێستگەی ئەوان نیە. هەندێکی تریان رادەوەستن و من بە پەلە رادەکەم و دەچمە سەرەوە. شۆفیرەکە دەڵێ بۆ کوێ، من وەک هەمیشە دەستی راستم دەکەم بە مشت و لە کاتێکا تەنیا پەنجەی بیلاخم وەک مار سەری دەرهێناوە و بەرەو پێشەوە ئاماژەی پێدەکەم، دەڵێم دەچم، ... دەچم، ... دەچم بۆ...؛ بەڵام بۆم نایەت. یەعنی نازانم ئەو شارەی بۆی دەچم ناوی چییە. شۆفیرەکە لە دووای ئەوەی کەمێک رادەوەستێ و لە دەم و پلم رادەمێنێ، دەڵێ کاکە ناچێ بۆ ئەو شوێنە تکایە دابەزە!

منیش وەک هەمیشە دادەبەزم و، بە تەمای پاسێکی تر دەچمەوە قەراخ جادەکە.

نازانم بۆ نایەتەوە بیرم دەمەویست بۆ کوێ بچم. دیارە دەمزانی و ئێستایش دەزانم، بەڵام هەرچی دەکەم ناوەکەی نایەتەوە سەر زمانم. هەرچی وشەی دونیایە لەبەر خۆمەوە وتومەتەوە، هەرچی ناوی شاری دونیایە یەک بە یەک ناویانم هێناوەتەوە، کەچی ناچمەوە سەر ئەوەی خۆم. بگرە جاری وایە لە خەڵکیشم پرسیوە، دەڵێم داخۆ نازانن ناوی ئەو شوێنەی وا من بۆی دەچم کوێیە و چییە!

وێستگەکە ئەوەی باشە ژوورێکی بچووکی لە شووشە چێکراویشی هەیە. بە سەرما دەچمە ئەوێ و بە گەرمایش دەچمە ژێر کەپرەکەی. بەهاران و پاییزانیش لە بەر دەمیاندا قەدەم لێدەدەم. کە بای دێ پشتی تێدەکەم. ژیان دەگوزەرێ.

وێستگەکانی تر نازانم، بەڵام لێرە هەر منم ماومەتەوە. هەر کەسێ دەگات، ئەوەندە نامێنێتەوە و پاسەکەی دێ و سواردەبێ و دەڕوات. ئێستا ئیتر هەموو شۆفیرەکان دەمناسن، بگرە خەڵکەکەیش،... نەوە لە دووای نەوە. من کە سەرو ریشم سپی کردووە و پشتیشم بەرەبەرە کووڕ بووەتەوە، هەر ئێستاکەیش کە ئەم دێڕانە بۆ تۆ دەنووسم لە وێستگەکەم. راوەستاوم بە تەمای پاسێک.

نامەوێ بڵێم وێستگەکە هیچی لێ نیە. دەتوانم بڵێم خۆشیشە. بە تایبەت کاتێک مانگەشەوە، یان کاتێک بەفردەبارێ. من لەم کاتانەدا زیاتر لە جاران لەبیرم دەچێتەوە کە بەڵێن بوو بۆ کوێ بچم. دەفتەرێکیشم پێیە و

که زۆر بێتاقەت دەبم دادەنیشم و شیعریش دەنووسم. بە دەنگی بەرز بۆ خۆمی دەخوێنمەوە. جاری وایشە بۆ ئەوانی تریش کە بۆ ماوەیەک لێرە دەمێننەوە، دەیانخوێنمەوە. سەرم لێبادەدەن و دەڕۆن. هەندێکیان دەڵێن کاکە کەی سەردەمی شیعر ماوە و هەندێکی تریشیان دەڵێن وا باشتر نیە ناوی شارەکەت پەیدابکەی! راستی ئەو شوێنە شارە یان...؟

کە زۆر بە تەنیا دەمێنمەوە، دەقیژێنم. دەقیڕێنم. پڕ بە دەشت و دەر. جاری وایە ئاگام لێیە باڵندەکان دەترسێنم و دەفڕن. کەرویشکەکانیش بەپەلە دوور دەکەونەوە. تەنیا مێش و مێشوولەکانن گوێ نادەنێ. دەنگم دەنووسێ. مشتێک ئاو لەو جۆگەلەیەی لە پشت وێستگەکەوە تێدەپەڕێ، هەڵدەگرم و بە دەموچاوی خۆمیا دەکەم و دەیخۆمەوە. دەنگم بەری نادا، بەڵام تووڕەییەکەم دەنیشێتەوە. کەمێک ئۆقرە دەگرم. رەنگە ئەم جۆگە ئاوە پیلان بێت!

راستی ئەم ساڵ چەند ساڵە لێرەم؟ هەوڵدەدەم بیژمێرم. یارمەتی لە پەنجەکانم وەردەگرم، بەڵام کتوپڕ رێک لەناوەڕاستی ژماردنەکەدا خەیاڵم دەڕوا. سەرلەنوێ دەست پێدەکەمەوە، دیسان خەیاڵم دەڕواتەوە، دیسان دەست پێدەکەمەوە،... دیسان...، ... ئاە نەفرەت لە ژماردەن و لە خەیاڵ و لە راوەستانی هەموو رۆژە و دەیان ساڵە لە وێستگەیەک!

پاسێک دێت. هیچی لەسەر نەنووسراوە. دەستی لێ رادەوەشێنم. چەند میترێک لەولاترەوە رادەوەستێ. تەپ و تۆزەکەی لێم دەئاڵێ. رادەکەم.

